2023

# سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان

سوداد ڕەسووڵ

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردیپێدیا

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
19-08-2023

ئەم توێژینەوەیە لە بڵاوکراوەیەکی ئەکادیمیای کوردی بە ناوی "چەند بابەتێکی کوردناسی" ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە

# سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان

نووسینی: سوداد ڕەسووڵ[1]

پوختە

دامەزراندنی حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، کەشێکی ئازادی بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی هێنایە دی. لەماوەی سێ دەیەی حوکمڕانی کوردیدا زمانی کوردی پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لەوساوە تا ئێستا لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە سیاسەت و پلانێکی ڕوونی زمانی بۆ ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی زمان، یان زمانەکان لەم هەرێمەدا نەبووە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و دەرچوونی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، لەم دەستوورە مافی زمانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەستەبەر کراوە، زمانی کوردی وەک زمانێکی سەرەکیی عێراق لە ڕووی بەڕەسمیبوون و دەسەڵاتەوە هاوشانی زمانی عەرەبییە؛ سەرەڕای ئەم مافە دەستوورییە، کەچی زمانەکە بەهۆی

1 - خوێندکاری دکتۆرا، بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و پلانی زمان، زانکۆی ساینس، مالیزیا.

نەبوونی سیاسەت و پلانێکی زمانی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئالنگاری و کێشەی زمانی بووەتەوە، وەک نەبوونی زمانێکی هاوبەشی کوردی بۆ خوێندن و نەبوونی یەک زمانی ڕەسمی بۆ حکومەتی هەرێم؛ لە لایەکی دیکەوە، ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی، بەهۆی کرانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەی تایبەت (ئەهلی)، کە زۆربەی بابەتەکانی خوێندنیان بە ئینگلیزییە، لە هەرێمەکە باڵادەست بووە؛ هەروەها بێبایەخکردنی زمانی کوردی لە بواری خوێندنی زانستەکان لە قۆناغەکانی خوێندن و زانکۆدا؛ فرەڕێنووسی لە نووسین و بڵاوکردنەوەدا؛ بێسەروبەری لە ڕۆنانی زاراوەی زانستیدا؛ پەتیکردنی زمان بەتوندی، و لابردنی وشە بێگانەکان بەتایبەت عەرەبییەکان لە زمانەکە و دانانی وشەی کوردی لە جێگەیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێمیش وەک سریانی و تورکمانی لە کێشەدایە، هەتا دێ زمانەکانیان لە سیستەمی پەروەردە بایەخی کەم دەبێتەوە و لە پاشەکشێدان. لەم توێژینەوەیەدا ئەم کێشانە دەستنیشان کراون و بە میتۆدێکی زانستی تاوتوێ کراون، بەپێی تیۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمانیش ڕێگەچارەیان بۆ پێشنیاز کراوە.

وشە سەرەکییەکان: سیاسەت و پلانی زمان؛ زمانی ڕەسمی؛ زارە کوردییەکان؛ زمانی زانست؛ زمانی کەمینەکان؛ قوتابخانەی ئەهلی.

## ١. پێشەکی

ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان و نەمانی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق لە هەرێمەکە و دامەزراندنی حکومەتێکی هەرێمی لەسەر بەشێکی ئازادکراوی خاکی کوردستاندا، گۆڕانێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگی لەگەڵ خۆی هێنا، هاوکات ژینگەیەکی ئازاد بۆ زمانی کوردییش ڕەخسا کە بەخێرایی گەشە بکات و پێش بکەوێت. زمانی عەرەبی کە لە پێش ڕاپەڕین زمانی باڵادەست و تاکە زمانی ڕەسمیی هەموو عێراق بوو، لە دوای ڕاپەڕین، عەرەبی ئەو باڵادەستییەی نەما و لە جێگەی، کوردی بوو بە زمانی ڕەسمیی هەرێمەکە. ئەگەر لە پێش ڕاپەڕین، زمانی کوردی تەنیا بۆ دوو پارێزگای باشووری کوردستان( هەولێر و سلێمانی)، زمانی پەروەردە بوو، دوای ڕاپەڕین، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی پەروەردە بۆ هەموو پارێزگا ئازادکراوەکان بە پارێزگای دهۆکیشەوە، بوو بە زمانی خوێندن، کە لە پێشدا لە دهۆک بە عەرەبی دەیانخوێند. لە هەمان کاتدا بۆ یەکەمجاریش بوو، کوردی لە زانکۆ بۆ خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان وەک مێژوو، جوگرافیا، ئابووری، دەروونزانی، کارگێڕی،.. بوو بە زمانی خوێندنی ئەکادیمی، هەروەهایش بوو بە زمانی ڕەسمی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت لە ناوچە ئازادکراوەکاندا. بەم پێیە، لە ماوەیەکی کورت، ئەرک و وەزیفەی زمانەکە یەکجار فراوان بوو. لە هەمووی گرنگتر، لە سەرانسەری هەرێمەکەش بە یەک زمانی هاوبەشی کوردی بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی دەخوێندرا. بەڵام ئەم زمانە هاوبەشە یەکگرتووە زۆری نەخایاند، لە ساڵی ١٩٩٨ لە پارێزگای دهۆک کە بە زاری کوردیی باکوور (بنزاری بادینی) دەدوێن، خوێندن بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی ڕەت کرایەوە، شێوەزارەکەی خۆیان کرد بە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمیی کاروباری حکومەتیش. ئەم گۆڕانە لە خوێندن لە زارێکی کوردییەوە بۆ زارێکی دی، جارێکی دی پرسی زمانی ستاندارد و زمانێکی هاوبەشی بۆ ئەم بەشەی کوردستان هێنایە ئاراوە و بوو بە جێگەی مشتومڕی زمانەوان و ڕۆشنبیرانی کورد.

دوای تێپەڕبوونی سێ دەیە بە سەر حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندا، یەکێک لەو پرسانەی کە هەتا ئێستاش بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە پرسی یەک زمانی ڕەسمییە بۆ ئەم حکومەتە. دامودەزگاکانی هەرێم بە دوو زاری کوردیی ناوەندی و باکوور، سیستەمی پەروەردە و زانکۆ و ئیدارەی هەرێم بەڕێوە دەبەن، کە ئەم ڕەوشە زمانییە کۆمەڵێک کێشەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەکادیمی و ئیداری بۆ ئەو کۆمەڵگەیە و ئیدارەی ئەو حکومەتە دروست کردووە، ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەرییە سەلبییەکانی زیاتر دەردەکەون، هەتا دێ کومەڵگە بەرەو لێکترازان و دوورەپەرێزی و چینایەتی و لەیەکنەگەیشتن دەبات.

ڕووخانی حکومەتی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ، دواتر دەرچوونی دەستووری نوێی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، هەنگاوێکی دیکەی گرنگ بوو بۆ بەیاساییکردنی زمانی کوردی لە عێراقدا، کە بەپێی ئەم دەستوورە، عێراق لە وڵاتێکی تاک زمانی ڕەسمییەوە بوو بە دوو زمانی ڕەسمی، عەرەبی و کوردی. بەپێی ماددەی چواری ئەم دەستوورە، زمانی کوردی لە هەموو ڕوویەکەوە لە عێراقدا بوو بە هاوشانی زمانی عەرەبی. بەدەستهێنانی ئەم مافە دەستوورییە هیچ بەربەستێکی قانوونی لەبەردەم زمانەکەدا نەهێشتەوە، لە هەمان کاتدا هەلێکی گونجاو بوو بۆ حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ هەرێمەکە هەبێت و لە هەموو هەرێم و عێراقیشدا یەک زمانی ڕەسمیی کوردی بچەسپێنێت.

نەبوونی سیاسەت و پلانی زمان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، کاریگەریی خراپی لەسەر پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانەکە داناوە، زمانەکە بەبێ پلان و بێ چاودێری بەرەوپێش چووە، هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و قەیران ڕووبەڕوو بووەتەوە. پرسی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ باشووری کوردستان، کەلێنێکی گەورەیە لە یەکێتیی نەتەوە و یەکپارچەیی گەلی کورد لە باشوور. زمان ناسنامەی نەتەوەیە، زمانی هاوبەشی نەتەوەیی، ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکخستنی تاکەکانی نەتەوە و پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا هەیە، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی گرنگیشە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە سیاسی و ئابووری و ئەکادیمییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەستنەوەیان بە یەکەوە. هێشتنەوەی ئەم پرسە زمانییە بە چارەسەرنەکراوی، پرسی نەتەوەسازی و بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستانیش دوا دەخات، بە تایبەت لە دوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ کە کورد لەم هەرێمە هەنگاوێکی گرنگی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەڵێناوە.

زمانی کوردی لە باشوور، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، گەشەکردنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، کە لە هیچ سەردەمێکدا بەم شێوەیە نەبووە، زمانەکە بە ڕادەیەک ئەرکی فراوان بووە کە هیچ بوارێکی مەعریفی و زانستی نەماوە بە کوردی زاراوەسازی بۆ نەکرابێت، و بە کوردی کتێبی بۆ تەرجەمە نەکرابێت. کتێب لە بواری جیاواز دەنووسرێن و تەرجەمە دەکرێن و بە ژمارەی زۆر دەکەونە بەردەستی خوێنەران. بڵاوکراوەی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامە لە هەموو بوارێک زیادی کردووە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و مێدیای بینراو و بیستراو زۆر زیادی کردووە و هەموویشیان بە شێوەیەکی کارا زمان بەکار دێنن. ئەگەر لە ڕووی زمانەوانییەوە سەرنجی ئەم پێشکەوتنە بدرێ، لە ڕووی چەندایەتییەوە واتە زۆریی کتێبی چاپکراو، گۆڤار و ڕۆژنامە، تەرجەمە،... پێشکەوتنێکی گەورەی بە دەست هاتووە، بەڵام لە ڕووی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمانەوە، واتە بەکۆدکردنی ڕێزمان و یەکخستنی زاراوە و ڕێنووس و خاڵبەندی، دوچاری ئاژاوە و بێسەروبەری بووە؛ لە نووسین و داڕشتن بایەخ بە ڕاستنووسی و ڕەواننووسی بە ڕێزمانێکی ستانداردی کوردی نادرێت، زیاتر بایەخ بە زۆریی بڵاوکردنەوە و خستنەبازاڕی دەدرێت. ئەمە بێجگە لەوەی، زمانەکە لە ڕووی دەسەڵات و بەکارهێنانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە، ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی لە هەرێمەکە بە ڕادەیەک باڵادەست کراوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دەسەڵاتی زمانی کوردی کەم دەکاتەوە و هێز و دەسەڵات بە ئینگلیزی دەدات، ئەمەش وەک کێشەیەکی زمانی، پرسی ناسنامەی زمان بۆ نەتەوە و پلەوپایەی زمانی کوردی و پاشەڕۆژی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆ چارەسەری ئەم کێشە زمانییانە، سیاسەت و پلانی زمان پێویستە، تا زمان بخاتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەکار بێت و لە هەڕەشە پارێزراو بێت، هەروەها پاشەڕۆژ و بەردەوامی زمانەکەش مسۆگەر بکات.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمان، کۆمەڵێک لە کێشە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان وەک سریانی و تورکمانی، تاوتوێ کراون. لەپێشدا بەکورتی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ باسەکە خراوەتە ڕوو، ئاماژە بە چەند تیۆرێکی سیاسەت و پلانی زمان کراوە، ئەوجا لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرانە، بە ڕەچاوکردنی هەمەچەشنیی زمانیی هەرێمەکە و فرەلەهجەیی زمانی کوردی، بە میتۆدێکی زانستی و سەردەمییانە، چارەسەر بۆ ئەم کێشە زمانییانە پێشنیاز کراون و پلانیان بۆ دانراوە، کە ئەم پلانە وەک نەخشەڕێگایەکە بۆ دەربازبوون لەم ئاژاوە زمانییەی کە بە سەر هەموو هەرێمەکەدا زاڵ بووە. ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیەش، لە ئێستا و لە داهاتوودا

بایەخێکی بەرچاوی دەبێت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم وەک سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمەکە سوودی لێ وەرگرێت، و زمانی کوردی لە ئاژاوە و بێ پلانی ڕزگار بکرێت، ناسنامەیەکی یەکگرتووی زمانیش بۆ هەرێمەکە دیار بکرێت.

## ٢. چوارچێوەیەکی تیۆری

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم باسە بە پێویستی دەزانین هەردوو چەمکی سیاسەت و پلانی زمان لە ڕووی تیۆرییەوە ڕوون بکەینەوە. لە پێشدا بەکورتی پێشینەیەکی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم دوو چەمکە باس دەکەین.

سیاسەتی زمان و پلانی زمان، کە دوو بابەتی گرنگی زمانەوانیی کارەکین Applied Linguistics، ئەم بوارە زمانەوانییە لە سەرەتادا لەگەڵ دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم هاتە ئاراوە. پلانی زمان لە سەدەی هەژدەم و نۆزدەمدا بەشێکی جیانەکراوەی پرۆسەی نەتەوەسازی بوو لە ئەوروپا. ئەم بابەتە لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەتا ڕادەیەک بەریتانیاش لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی لەبارەوە نووسراوە. کارەکانی هەردوو نووسەری ئەڵمانی هێردەر و فیختە لەبارەی ڕۆڵی زمان بۆ نەتەوە، هەروەها نووسراوەکانی ئێرنست ڕێنان لە فەرەنسا کاریگەرییەکی زۆریان لە بەرهەمهێنانی تیۆرە نەتەوایەتییەکان و پەیوەندیی زمان بە نەتەوەوە هەبووە، بۆیە لەو سەردەمەدا، ئەم تیۆرانە لای زۆربەی نەتەوەکان دەبن بە سەرمەشق بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و پێکهێنانی قەوارەی نەتەوەیی.

هەروەها زمان لە دڵی نەتەوایەتیدا بووە، پلانی زمانیش هەر بەو ئاراستەیە بووە کە دەبێ نەتەوە زمانێکی هاوبەشی هەبێت. نەتەوەکان سەربەخۆییان بە دەست هێنا و زارێکی زمانەکەیان کرد بە زمانی نەتەوەیی، دواتر قوتابخانە کرایەوە و خوێندن بە زمانی نەتەوە هاتە پێش، و بایەخی زمانی نەتەوەیی زیاتر کرد و جیاوازییە لەهجەییەکانیش کەم بوونەوە، هاووڵاتییانی سەر بەو نەتەوەیە پێکەوە لە یەک زمانی هاوبەشی نەتەوەیی کۆ بوونەوە(Wright, 2004: 8). هەر لەو سەردەمە بوو، چەمکی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک دەوڵەت هاتە کایەوە. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیشدا بابەتی پلانی زمان و سیاسەتی زمان وەک بابەتێکی ئەکادیمی هاتە نێو زانکۆکان، لەلایەن توێژەرانی زمان وەک لقێکی زمانەوانیی کارەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە زمانییەکانی وڵاتە تازە سەربەخۆکان برەوی پەیدا کرد، بەتایبەت لە دوای شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئەو نەتەوانەی لە دوای ڕزگاربوونیان لە کۆلۆنیالیزم، دەوڵەتی نەتەوەییان بنیات نا، زمانی نەتەوەیی بوو بە بەرنامە و ستراتیج بۆ نەتەوە ڕزگاربووەکان لە هێزە کۆلۆنیالیزمەکان. دواتر چەمکی یەک زمان، یەک نەتەوە، بە هۆی مۆدێرنیتە و دیموکراسیەت و مافی زمان بۆ وڵاتی فرەنەتەوە و فرەزمان گۆڕانی بەسەردا هات، مافی خوێندن بە زمانی دایک بوو بە پرسێکی دیموکراتی و جیهانی، لە هەمان کاتدا مەسەلەی پاراستنی زمانیش بوو بە مەسەلەیەکی گرنگی زمانی و جیهانی، بە تایبەت پاراستنی زمانی نەتەوە بچووکە خۆجێیەکان کە قوربانی سیاسەتی کۆلۆنیالزم بوون. بۆیە هەندێک لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان پێداچوونەوەیان بەو فۆرمە کۆنە کرد کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەری دەڕۆیشتن، وازیان لە تواندنەوەی زمانی نەتەوەکان وکەمینەکان هێنا، ڕێگەیان بە فرەزمانی دا، و لە سیستەمی پەروەردەش ڕێگە درا بە زمانی جیاواز بخوێنرێت (Wright, 2004: 10). بۆیە دوای ئەم ڕووداوانە، پلانی زمان لە دەوڵەت - نەتەوەکان بوو بە پرسێکی دیموکراتی و دابینکردنی مافی زمانی بۆ هەموو نەتەوەکان و کەمینەکان لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا.

پێشکەوتنی هیچ زمانێک بێ سیاسەت و بێ پلان نییە، زمان پێویستە بەردەوام و هەنگاو بە هەنگاو لە لایەن ئەکادیمیای زمان و دەسەڵاتەوە چاودێری بکرێت، کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتنی لاببرێت، لە هەڕەشە و لاوازبوون و فەوتان بپارێزرێت. ئەمانە هەموو بەشێکن لە سیاسەت و پلانی زمان کە بە پلەی یەکەم ئەرکی دەسەڵاتە، یان ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەیە کە بۆ زمانی نەتەوە دەبێ هەیبێت.


هەردوو چەمکی سیاسەتی زمان و پلانی زمان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، هەندێک جار وەک هاوتای یەکدی بەکار دێن، بەڵام ئەم دوو چەمکە پێویستە لە یەک جودا بکرێنەوە و ئەرک و چالاکییان دەستنیشان بکرێن. هەندێک پێیان وایە سیاسەتی زمان بەشێکە لە پلانی زمان و هەندێکی دی پێیان وایە بەپێچەوانەوە، بەڵام وەک دیارە پێش ئەوەی پلانی زمان هەبێت، دەبێت دەوڵەت کۆمەڵێک باوەڕ و پرەنسیپ و یاسای هەبێت بۆ ئەوەی بەپێی ئەم یاسایانە پلانی زمان دابڕێژرێت، و حکومەتیش وەک دەسەڵاتی جێبەجێکار لەسەر ئەو پلانە زمانییە دەڕوات و جێبەجێی دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی باسەکە بۆچوونی چەند زمانەوانێک وەردەگرین.

جۆشوا فیشمان Joshua Fishman پێناسەیەکی کورتی پلانی زمان دەکات و دەڵێ: " زاراوەی پلانی زمان ئاماژەیە بۆ چەند هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ چارەسەری کێشە زمانییەکان، بە تایبەت لە ئاستی نەتەوەییدا" .(Fishman 1974: 79).

براین ڤاینشتاین Brian Weinstein پێی وایە پلانی زمان "هەوڵێکی هۆشیارانە و درێژخایەن و بەردەوامی حکومەتی دەسەڵاتدارە بۆ گۆڕینی زمان، یان گۆڕینی ئەرکەکانی زمان بە مەبەستی چارەسەری کێشە پەیوەندیکردنە زمانییەکان لە

کۆمەڵگەیەکدا" (Weinstein 1980: 55). لەم پێناسەیە ڤاینشتاین پێی وایە پلانی زمان لە سەرەوە (دەسەڵاتەوە) بۆ خوارەوەیە(کۆمەڵگە).
کاپلان و بالداوف Kaplan and Baldauf پێیان وایە سیاسەتی زمان کۆمەڵێک هزر و باوەڕ و یاسا و ڕێسا و پیادەکردنە بۆ ئەوەی ئەو پلانە گۆڕانە زمانییە بەدەست بێنێت کە هەوڵی بۆ دەدرێت لەو کۆمەڵگەیە ئەو ئامانجە بۆ زمان بە دەست بێت (Kaplan and Baldauf 1997:xi). ئەم دوو زمانەوانە پێیان وایە سیاسەت و پلانی زمان مەرج نییە بە تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت، واتە لە دەسەڵاتەوە بۆ کۆمەڵگە بێت، بەڵکوو دەکرێ لە خوارەوەش ڕێکخراوەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت بۆ دارشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە زمانییە.
هارۆلد شیفمان Harold F. Schiffman پێی وایە سیاسەتی زمان بە پلەی یەکەم بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هەڵقوڵاوی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە کە بەو زمانە قسە دەکات و کۆمەڵێک بواری کولتووری وەک: سیستەمی باوەڕی کۆمەڵگەکە، بەهاکانی، هەڵوێست، ئەفسانەکان، ڕەفتاری زمانی، و هەموو ڕەگەزە کولتوورییەکانی دی دەگرێتەوە، هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەڕەتە، شیفمان، سیاسەتی زمانی بە کولتووری زمانەوانی Linguistic Culture ناو دەبات (Schiffman, 1996: 276). شیفمان سیاسەتی زمان و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە بە یەکەوە گرێ دەدات و پێی وایە سیاسەتی زمان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە واتە لە کۆمەڵگەوە بۆ دەسەڵاتە، چونکە ئەو پاشخانە کولتوورییە کە لە کۆمەڵگە هەیە، ئەو سیاسەتە زمانییە دەستنیشان دەکات و ئاراستەی دەکات.
بێرنارد سپۆلسکی Bernard Spolsky پێی وایە بۆ پێناسەی سیاسەتی زمان پێویستە سێ پێکهاتەی سیاسەتی زمان دەست نیشان بکرێن کە ئەمانەن ١- دەستنیشانکردنی ئەو زارە یان ئەو شێوەزمانەی کە لەم کۆمەڵگەیە بەکار دێت و قسەی پێ دەکرێت و بووە بە بنچینە بۆ ئەو زمانە باڵادەستە ٢- ئەو باوەڕ و ئایدیۆلۆجییانەی کە لەبارەی زمان و بەکارهێنانی زمان لەو کۆمەڵگەیە هەیە ٣- ئەو لایەنانە کە لە هەوڵدان بۆ گۆڕین و ئاراستەکردن و پلاندانان و بەڕێوەبردنی ئەو زمانە لەو کۆمەڵگەیەدا (Spolsky 2004:5).
سپۆلسکی لەم ڕووەوە جەخت لەسەر ئەو ئایدیۆلۆجییە زمانییە دەکاتەوە کە لەم کۆمەڵگەیە بۆ زمان هەیە، واتە ئەگەر کۆمەڵگەیەک زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی سەیر دەکات و ئەوا زمان دەبێ خزمەت بە نەتەوە بکات. ئەم ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە لە سیاسەتی زمانی ئەو کەیانە، یان ئەو دەوڵەتە ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ئەو پێی وایە سیاسەتی زمان واتە ئایدیۆلۆجیای زمان، واتە ئەو باوەڕەی خەڵک بۆ زمان هەیەتی پێویستە لە سیاسەتی زمان ڕەنگ بداتەوە و جێبەجێ بکرێ. لە هەمان کاتدا ڕۆڵی زمانەوان و نووسەر و ڕۆشنبیرانیش دەستنیشان دەکات کە ئەوانیش کار لە سەر گۆڕین و ئاراستەکردنی زمان دەکەن. لەم ڕووەوە، شیفمان و سپۆلسکی لە یەک نزیک دەبنەوە کە هەردووکیان جەخت لە کولتوور و ئایدیۆلۆجیای زمان دەکەنەوە لە کۆمەڵگە(Johnson, 2013:5-6).
سپۆلسکی پێی باشە لەجیاتی دەستەواژەی پلانی زمان، بەڕێوەبردنی زمان Language Management بەکار بێت کە گشتگیرتر و مانابەخشترە. ئەو پێی وایە لە بەرێوەبردنی زمان تەنیا زمانەوان و دەسەڵات زمان ئاراستە ناکەن، بەڵکوو خێزان، دین، شوێنی کار، قوتابخانە، فەزای گشتی، دەزگا تەندروستی و یاساییەکان، بواری عەسکەری، ئاستی ناوخۆیی، حکومی، نەتەوەیی،.. تاد هەر یەکێک لەمانە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ئاراستەکردن و پێشخستنی زماندا هەیە. (سەیری هێڵکاریی هاوپێچ بکە) بۆ نموونە لە خێزان دایک و باوک هەوڵ دەدەن زمانێکی ڕاست و ڕێکوپێک بە منداڵەکانیان بدەن، وەک ئەو زمانە ستانداردە بێت کە لە قوتابخانەکان پێی دەخوێنرێ. دین ڕۆڵێکی دیاری هەیە، دەزگای دینی بڕیار دەدات کە بە چ زمانێک نوێژ و دوعا بخوێنرێت و ڕێوڕەسمی دینی بەڕێوە بچێت. مسیۆنێرەکان بۆ بڵاوکردنەوەی مەسیحی، ئینجیلیان بە زمانە ناوچەییەکان تەرجەمە کردووە و پەرەیان بە زمانەکان داوە (Spolsky 2021:56) بۆ نموونە لە حاڵەتی زمانی کوردیشدا، نووسینی مەلوودنامە و عەقیدەنامە لە لایەن مەلاکانەوە بە کوردی بنچینەیەک بووە بۆ گەشەپێدانی زارە کوردییەکان لە زمانێکی زارەکییەوە بۆ زمانێکی ئەدەبی، کە لە مەدرەسە دینییەکانەوە دەستی پێ کرد. قوتابخانە، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە، کاتێک زمان دەبێت بە زمانی خوێندن و پەروەردە، بە ستاندارد دەکرێ و ئەرکی فراوان دەبێت، هەر ئەو زمانەش دەبێت بە زمانی زاڵ بۆ ئابووری و سیاسەت. بە هەمان شێوە لە فەزای گشتی( زمانی دەوروبەر و دراوسێ لە کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشنی زمانیدا، تابلۆکانی ڕێگاوبان، ڕاگەیاندن، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، شانۆ، مۆبایل، کۆمپیوتەر،..) ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، کامە زمان بۆ ئەم بوارانە بەکار دێت هەر ئەویش باڵادەست دەبێت، بە هەمان شێوە، شوێنی کار(زمانی بازاڕی کار، زمانی پیشە، زمانی موشتەری و کڕیار،..) واتە ئەو زمانەی ئابووری بەڕێوە دەبات، هەر ئەو زمانەش لەو کۆمەڵگەیە پەرە پێ دەدات و ئاراستەی دەکات (Spolsky 2021: 52). زمانی پزیشک و تەندروستی و داودەرمان؛ کاتێک پزیشک لەگەڵ نەخۆش دەدوێ و چارەسەی پێ دەدات، زمانێکی پزیشکی و تەندروستی

گەشە پێ دەدات. ئەو زمانەی لە سوپا بەکار دێت، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە؛ چونکە ئەو زمانەی کە هێزی عەسکەری و سوپای لە پشتە، ئەو زمانە باڵادەست دەکات و ئاراستەی دەکات (Spolsky 2021: 62). زمانی دادگا و یاساکان و کاروباری ناوخۆ و حکومەت،.. واتە ئەو زمانەی ڕەسمییە، زمانێکی باڵا لەو وڵاتە دەچەسپێنێ کە ئەرکێکی گرنگ لەو کۆمەڵگەیە بەڕێوە دەبات. بوارەکانی دیکەی وەک ئاستی حکومی و نێودەوڵەتی و چالاکوانەکانی زمان، ئەوانیش بە هەمان شێوە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی زماندا هەیە.




پلانی زمان یان بەڕێوبردنی زمان لە ڕوانگەی سپۆلسکییەوە

جێمس تۆلێفسۆن بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە سەیری سیاسەتی زمان دەکات و پێی وایە سیاسەتی زمان بەدەزگاییکردنی زمانە و ئەمەش بنچینەیەکە بۆ جیاکاری لە نێو گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان. سیاسەتی زمان میکانیزمێکە بۆ جێکەوتکردنی زمان لە نێو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کە زمان دەستنیشانی دەکات کێ بۆی هەیە دەستی بە دەسەڵات و دەرامەتە ئابوورییەکان بگات. کەواتە سیاسەتی زمان میکانیزمێکە بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر بەکارهێنانی زمان بسەپێنن (Tollefson, 1991: 16). ئەم تێڕوانینە، پێی وایە سیاسەتی زمان میکانیزمی هێزە، ئەو زمانە باڵادەست دەکات کە لە کۆمەڵگە باڵادەستە، کە ئەمەش سیستەمێکی ناعادیلانە بەرهەم دێنێت و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دابین ناکات کە بە زمانی دی دەدوێن. ئەم بۆچوونەی تۆلێفسۆن لە سیاسەتی زماندا لە نێو زۆرێک لە دەوڵەت- نەتەوەکاندا باو بووە، زمان بۆ یەک نەتەوەی سەردەست بووە، نەتەوەکانی دی کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دەژین و بە ژمارە کەمن و زمانەکانیان بچووکە و لە مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان بێبەش کراون و هەوڵی تواندنەوەیان دراوە. وەک هەمان ئەو سیاسەتە زمانییەی کە لە دەوڵەت - نەتەوەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا لە دژی زمانی کوردی پیادە کراوە، بەڵام زمان لە سیستەمێکی دیموکراتیکدا، پێویستە مافی نەتەوە بچووکەکان بە گوێرەی قەوارەی خۆیان لە دارشتنی سیاسەتی زمان ڕەنگ بداتەوە و فرەزمانی ڕەچاو بکرێت، بەکارهێنانی زمان بە تەنیا بۆ یەک گرووپی کۆمەڵایەتی باڵادەست نەبێت. ئەم باسە دیوێکی دیکەی زمانەوانی دەگرێتەوە کە لەم سەردەمە پرسی مردن و لەناوچوونی زمان لە ئارادایە، زمان و زارەکان ئەوانەی بە ژمارە کەمن و زمانەکانیان هیچ پایەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە بەخێرایی لەناو دەچن، بۆیە لەم کۆمەڵگە فرەچەشنە زمانییە پێویستە ڕێگە بدرێت زمانە بچووکەکان لە سیستەمی پەروەردەدا بەکار بێن بۆ ئەوەی گەشە بکەن و زیندوو بمێننەوە.

کەواتە سیاسەتی زمان، کۆمەڵێک باوەڕ و بەها و یاسایە کە دەسەڵات لە ئایدیۆلۆجیا و کولتووری کۆمەڵگەکە بە دەستی دێنێت و دەیکات بە بنەمایەکی یاسایی نووسراو بۆ دانانی نەخشەڕێگایەک بۆ پێشخستن و ئاراستەکردنی زمان، یان زمانەکان لەو کۆمەڵگەیەدا. هەر کاتێک سیاسەتی زمان هەبوو، ئەوسا پلانی زمان و ڕۆڵی دەسەڵات دێتە پێش لە جێبەجێکردنی ئەو پلانە.

ئایا لە هەموو کۆمەڵگەیەک وەک یەک دەکرێ سیاسەت و پلانی زمان هەبێت؟ ئایا بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک یەک شێوە پلانی زمان کاری پێ دەکرێت؟ یان هەر کۆمەڵگەیەکی زمانی، سیاسەت و پلانێکی تایبەت بە خۆی هەیە؟ لەم ڕووەوە زمانەوانی بواری سیاسەت و پلانی زمان ڕۆبێرت کووپەر Robert Cooper پێی وایە پێش ئەوەی لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانی، سیاسەت و پلانی زمان دابنرێت دەبێ چەند پرسیارێک وەڵام بدرێنەوە: کەی پلان دادەنرێت؟ کێ پلان دادەنێت؟ بۆ پلان دابنرێت؟ پلان بۆ کێ دادەنرێت؟ چۆن پلان دادەنرێت؟ ( Cooper, 1989: 29 -31). بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکرێ سەرنجێکی ئەو کۆمەڵگە زمانییە و ئەو جوگرافیایە بدەین کە زمانەکە تێیدا بەکار دێت. بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، کەی پلانی زمان دادەنرێت؟ هەر کاتێک ئەو کۆمەڵگە زمانییە، گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەردا دێت، گۆڕان بەسەر ئەرک و بەکارهێنانی زمانەکەشدا دێت، بۆ نموونە لەگەڵ سەربەخۆبوونی نەتەوەکان لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزم، نەتەوەی ڕزگاربوو دەیەوێ خۆی لە زمانی سەردەستی هێزە کۆلۆنیالییەکە ڕزگار بکات و زمانی نەتەوەکەی بایەخ پێ بدات و بیکات بە ئامرازی خوێندن لە قوتابخانەکان و سیستەمی کارگێڕیی وڵات؛ واتە هاتنەکایەی بارودۆخێکی نوێی سیاسی، پێویستیی پلانی زمان بۆ نەتەوە و زمانەکەی دێنێتە پێش کە دەبێ ئەو کەیانە تازە دامەزراوە، زمانێکی نەتەوەیی بۆ سیستەمی حوکمڕانی و پەروەردە هەبێت. لەم ڕووەوە دەکرێ ئاماژە بە هەمان هۆکار بدرێت بۆ باشووری کوردستان کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ژێر دەستەیی ڕژێمی بەعسی عێراق ڕزگاری بوو، حوکمڕانییەکی کوردی هاتە دامەزراندن، لەم سەروبەندە دانانی پلانی زمان بۆ ئەم هەرێمە نەتەوەییە تازە دامەزراوە پێویستییەکی حەتمی بوو. بەڵام لە قۆناغی پێش ڕاپەڕین کە باشوور، لە ژێر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراقدا بوو و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و زمانی لەسەر بوو، کورد خۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری نەبوو تا پلانی زمانی هەبێت. کەواتە بۆ دانانی پلانی زمان دەبێ دەسەڵات و حکومەت هەبێت، کە دەسەڵاتی جێبەجێکارە بۆ ئەو پلانە زمانییە. بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، کێ پلان دادەنێت؟ دانانی پلانی زمان و جێبەجێکردنی ئەو پلانە لە ئەستۆی دەسەڵاتە کە کایەکانی حکومەت بەڕێوە دەبات، وەک سیستەمی پەروەردە، زانکۆ، کاروباری ئیداریی وڵات،.. لە هەمان کاتدا دەسەڵات سوود لە خوارەوە لە زمانەوان و نووسەران وەردەگرێت بۆ داڕشتنی سیاسەتی زمان. بۆچی پلانی زمان پێویستە؟ بێگومان ئەگەر پلانی زمان نەبێت ئاژاوەی زمانی دروست دەبێت وەک ئەو ئاژاوە زمانییەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانی کە کەیانێکی سەربەخۆی هەیە دەبێ پلانی بۆ ئاراستەکردن و پێشخستنی زمان و چەسپاندنی لەو کۆمەڵەگەیەدا هەبێت، بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەک زمان دەرفەتی یەکسانیان بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتە هەبێت، لە هەمان کاتدا مافی زمانی بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانیش دابین بکرێت. چۆن پلان دادەنرێت؟ بۆ دانانی پلانی زمان، لە قۆناغی یەکەم پێویستە ئەو کۆمەڵگەیە سەیری بکرێت و شرۆڤە بکرێت کە چەند زمان و زاری تێدایە، هەڵبەت ناکرێ هەموو زار و زمانەکان وەک یەک لە سیستەمی پەروەردە کاری پێ بکرێ، لە نێو ئەو زمان و زارانەدا کامەیان زیاتر گونجاوە بۆ گێڕانی ڕۆڵی زمانێکی ڕەسمی بۆ حکومەت و سیستەمی پەروەردە و بواری ئەکادیمی، پێویستە ئەو زمانە ئەو ڕۆڵەی پێ بدرێ، سەرەڕای ڕەچاوکردنی مافی زمانی ئەو نەتەوانەی کە بە ژمارە کەمن لەم کۆمەڵگەیەدا. واتە بەها کولتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە پێویستە بە شێوەیەکی دیموکراتی لەم پلانە زمانییە ڕەنگ بداتەوە و هەر نەتەوەیەک بەگوێرەی قەوارەی خۆی، زمانەکەی پلەوپایەی پێ بدرێ و لەم کۆمەڵگەیە بەکار بێت.

دەستەبەربوونی ئەم هەلومەرجانە لە هەر کۆمەڵگەیەکی زمانیدا، دەسەڵات و زمانەوانان پێویستە سیاسەتی زمان دابڕێژن، تا هەنگاو بە هەنگاو زمانەکە، یان زمانەکان بە ئاراستەیەک کاری لەسەر بکەن خزمەت بەو کۆمەڵگە زمانییە بکات. پلانی زمان سێ بواری جیاوازیی زمان دەگرێتەوە کە ئەمانە (Cooper, 1989: 31-34):

١- پلانی پایەدارکردنی زمان Status planning: ئەم پلانە دیوی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە، ئەرک و پلەوپایەی ئەو زمانە لەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات. لەم پلانە دیاری دەکرێ، لە کۆمەڵگەیەک کە زمانەکەی چەند زارێکی هەیە، لەم زارانە یەکێکیان بە ستاندارد دەکرێ و پلەوپایەی زمانی پێ دەدرێ، ئەوانی دی دەکرێ لە بواری دی بەکار بێن، یان لە کۆمەڵگەیەک چەند زمانێک هەیە، لەم زمانانە، کامە زمان باڵادەستە، پلەوپایەی زمانێکی ڕەسمی پێ دەدرێ بۆ کاروباری ڕەسمیی ئەو کۆمەڵگەیە، و کامە زمانیش بۆی هەیە لە ئاستێکی دی کاری پێ بکرێ. ئەم پلانە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە واتە ئەرکی دەسەڵاتە کە لەو کۆمەڵگەیەی دەسەڵاتی بەسەردا دەڕوات بارودۆخی زمان یان زمانەکان چاودێری بکات و

بیانچەسپێنێت و پلەوپایەیان پێ ببەخشێ. ئەم پلانە بەستانداردکردن و پاراستن و بەردەوامی و بڵاوکردنەوەی زمان، یان زمانەکانیش دەگرێتەوە..

٢- پلانی پێشخستنی زمان لە ڕووی پێکهاتەوە Corpus planning: ئەم پلانە دیوی ناوەوەی زمان دەگرێتەوە: بەستانداردکردنی ڕێزمان، هەموارکردنی ڕێنووس، ڕۆنانی زاراوەی نوێ، خواستنی وشەی نوێ، پەتیکردنی زمان، یەکخستنی زاراوەکان،... ئەم پلانە لەگەڵ پلانی پایەدارکردنی زمان یەکدەگرێتەوە، هەر زمانێک لە ڕووی پێکهاتەوە پەرەی پێ درا و پێشکەوتنی بە دەست هێنا، پلەوپایەی لە کۆمەڵگەکە دەبێت. ئەم پلانە لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، واتە زمانەوانەکان لە ئەکادیمیای زمان، هەروەها نووسەران بە گشتی ئەم ئەرکە بۆ پێشخستنی زمان لە ئەستۆ دەگرن و لە ڕێی ئەکادیمیاوە دەدرێ بە دەسەڵات وەک دەزگای جێبەجێکار بیکات بە یاسا و بیچەسپێنێ.

٣- پلانی فێرکردنی زمان Acquisition planning: ئەم پلانە بەکارهێنانی زمان و چەسپاندنی لە بواری پەروەردە دەگرێتەوە، واتە پێگەیاندنی قوتابی و تاکەکانی کۆمەڵگە بە زمانێک کە وەک زمانی ڕەسمی بۆ خوێندن دەستنیشان کراوە، بۆ ئەو قوتابییانەش کە زمانی دووەمە بۆیان. ئەم پلانە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، واتە دەسەڵات دەبێ پلانی هەبێت بۆ پێشخستنی زمان لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زمانێکی ڕاست و ڕێکوپێک و ستاندارد.

لە خستنەڕووی تیۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمان ڕوون دەبێتەوە کە دوو جۆرە ئەرک و چالاکی لە پلانی زمان دەبێ لە یەک جودا بکرێنەوە: چالاکییەک هەوڵ دەدات زمانەکە لە ڕووی پێکهاتەوە پێش بخات کە ئەمەش ئەرکی زمانەوان و نووسەران و ڕۆشنبیرانە کار لەسەر زمانەکە دەکەن و گۆڕانی بەسەردا دێنن و ئەرکەکانی فراوان دەکەن. چالاکییەکەی دی، ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی زمانەکەی تێیدا بەکار بێت و بچەسپێت، ئەمەش ئەرکی دەسەڵاتە ئەم ژینگەیە هەموار بکات تا ئەم زمانە لەم کۆمەڵگەیە و لە دامودەزگاکانیدا بەکار بێت و پلەوپایە و دەسەڵاتی هەبێت.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرانەی سیاسەت و پلانی زمان، دەتوانین کێشەکانی زمانی کوردی دەستنیشان بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، هەروەها سیاسەت و پلانی زمانیشی بۆ دابڕێژین، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی زمانی هەیە، زمانە سەرەکییەکە کە کوردییە، فرەزارە، لەپاڵ ئەوەشدا زمانی نەتەوەی دیکەش وەک سریانی و تورکمانی هەیە کە وەک نەتەوەی دی(کەمینە) لەم هەرێمە نیشتەجێن.

## ٣. دەستنیشانکردنی کێشە زمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

بە وردبوونەوە لە تیۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمان دەتوانین هەمموو کێشە زمانییەکانی ئەم هەرێمە دەستنیشان بکەین. ئەگەر سەرنج بدرێ ئەم دۆخە زمانییەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، دۆخێکی شێواو و بێسەروبەری زمانییە؛ ئەو لایەنانەی کە دەبێ بە هاوکاریی دەسەڵات سیاسەتی زمان دابڕێژن، هیچیان پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، هیچ یاسایەک لە پەرلەمان و حکومەتەوە بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی زمان نییە، ژینگەیەکی پاشاگەردانیی زمانی دروست بووە، زمان بێ چاودێر و بێ خاوەن ماوەتەوە. سەبارەت بە ئەکادیمیای کوردی کە سەرچاوەی یەکەمە و ئەرکی پێشخستنی زمانەکەی لە ئەستۆدایە، و پێویستە بۆ هەموو پرس و کێشە زمانییەکان قسەی هەبێت و چارەسەری هەبێت، بەردەوام پرۆژە و ڕێنمایی بۆ پێشخستن و چاودێری زمان بە دەسەڵات بدات، کەچی ئەکادیمیا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیەتی بۆ زمان جێبەجێی ناکات، و لە کێشە گرنگەکانی زمانیش ڕا و بۆچوونی نییە و بە دەنگ نایەت، دەسەڵاتیش بۆ هیچ پرسێکی زمان ناگەڕێتەوە بۆ ئەکادیمیا؛ وەزارەتەکانی حکومەتیش بەپێی تێگەیشتن و بەرژەوەندیی وەزارەتەکانیان و بەبێ ئەوەی پرس و ڕاوێژ بە کەسانی شارەزای بواری زمان بکەن ڕێگە بەخۆیان دەدەن زمان بەڕێوە ببەن و ئاراستەی بکەن، بۆیە ئەم دۆخی چالاک نەبوونی ئەکادیمیا و دەسەڵات لە بواری پلانی زماندا، دۆخێکی ئاژاوەی زمانی بەرهەم هێناوە، زەمینە خۆش بووە بۆ خەڵکی ناشارەزا و نووسەری ئاسایی لەسەر پرسە زمانییەکان قسە بکەن و ڕاوبۆچوونیان هەبێت، بە دەیان و سەدان زمانەوانی ناپسپۆر پەیدا بوون و قسە لەسەر کێشەکانی زمان دەکەن و چارەسەری نامەنتیقی و دوور لە زانست دەخەنە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی چاودێری لەسەر زمان، زمانی نووسینی کوردییشی بێسەروبەر کردووە. ئەگەر سەیرێکی ئەو کتێبانە بکەین کە بڵاو دەبنەوە، لاپەڕەی هەر کتێبێک هەڵدەدەیەوە، پڕیەتی لە هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووس و خاڵبەندی و تایپ، نووسراوی ڕەسمیی دامودەزگاکانی حکومەت بە کوردییەکی هەڵە و دارشتنێکی لاواز نووسراون کە ناتوانی بە ئاسانی لێی تێ بگەی، تەنانەت تابلۆکانی دوکان و بازاڕ و ڕێگەوبانەکانیش بە کوردییەکی هەڵە و ڕێنووسێکی ناتەواو نووسراون، چونکە هیچ چاودێرییەک لەسەر زمان نییە، هیچ فلتەرێکی زمانەوانی بۆ بەکارهێنان و نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە نییە؛ هیچ یاسایەک لە لایەن حکومەتەوە نییە ڕێگری لەم ئاژاوە زمانییە بکات، هەر چۆن دەنووسی و چۆن بڵاو

دەکەیەوە گرنگ نییە. نەک هەر بواری نووسین تەنانەت بواری فێربوون و وەرگرتنی زمان لای قوتابیی کورد و نەتەوەکانی دی وەک سریان و تورکمان لە کێشە و قەیراندایە؛ قوتابیی کورد هەیە گەیشتووە بە زانکۆ هێشتا فێرە کوردییەکی باشی نووسین و قسەکردن نەبووە، ناتوانێ پەرەگرافێکی کوردی بە زمانێکی کوردی ڕێزماندار و بە ڕێنووسێکی ڕێکوپێک بنووسێت؛ هەرچی نەتەوەکانی دیکەی هەرێمە ئەوا هەر لە بنچینەوە وەک پێویست کوردی فێر نابن، و لە بازاڕی کاریش بە کوردی کاریان دەست ناکەوێت. ئەم کێشە زمانییە، وەک دیارە هۆکارەکەی نەبوونی چاودێرییە لەسەر زمان، بەتایبەت زمانی پەروەردە، کە هەموو تاکێک لە سیستەمی پەروەردە فێرە خوێندن و نووسین دەبێت، ئەمە دیارە قوتابیی ئەو زمانە ڕێکوپێک و ڕاستە فێر ناکرێ، کە ئەمەش دیارە کێشە لە پلانی فێرکردن و وەرگرتنی زماندا هەیە. لە خوارەوە گرنگترین ئەم کێشە زمانییانە دەستنیشان دەکەین:

١- نەبوونی زمانێکی هاوبەشی کوردی بۆ خوێندن و نەبوونی یەک زمانی ڕەسمی بۆ حکومەتی هەرێم. ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزی زمانە کە هەتا ئێستا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، چونکە زمانەکە لە هەرێم فرەلەهجەیە، ئێستا بە دوو لەهجەی ستاندارد دەخوێنرێ، زمانی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمیش بە هەردوو لەهجەی ستاندارد کاری پێ دەکرێ.

٢- باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمەکە، لە ڕێی کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەی ئەهلی کە زۆربەی بابەتەکانی خوێندنیان بە ئینگلیزییە؛ هەروەها بە ڕەسمیکردنی ئینگلیزی لە هەرێم لەپاڵ زمانی کوردی؛ هەوڵدان بۆ خوێندنی بابەتە زانستییەکان لە قۆناغی پەروەردەدا بە ئینگلیزی، و لە زانکۆش بابەتە زانستییەکان هەر بە ئینگلیزی دەخوێنرێ؛ ئەمانە هەموو لە دەسەڵاتی زمانی کوردی کەم دەکەنەوە و دەسەڵات بە زمانێکی بەهێزی وەک ئینگلیزی دەدەن.

٣- زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم، یان زمانی کەمینەکان کە سریانی و تورکمانی دەگرێتەوە، خوێندن بە زمانی ئەم نەتەوانە لە هەرێم لە دابەزینە، چونکە زمانەکانیان هێزی ئابوورییان نییە و لە بازاڕی کار لە هەرێمدا دوچاری کێشەی زمان دەبنەوە، چونکە وەک پێویست کوردی فێر نابن.

٤- فرەڕێنووسی لە نووسین و بڵاوکردنەوەدا. ئەویش کێشەیەکی گەورەیە بۆ نووسینی کوردی کە دوچاری ئاژاوە بووە، ئەمە هەرچەندە ڕێنووسەکە هەنگاوێکی گەورە چووەتە پێش، بەڵام بەهۆی پابەند نەبوون بە یەک شێوە ڕێنووسی یەکگرتوو لە نووسیندا، گەڕەلاوژەی ڕێنووس بۆ زمانەکە دروست بووە.

٥- بواری زاراوەسازی، ئەویش بوارێکی پسپۆڕییە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یەک سێنتەر بۆ دروستکردنی زاراوەی زانستی، جۆرێک لە گەڕەلاوژەیی لە دروستکردنی زاراوە پەیدا بووە. بۆ نموونە بۆ یەک چەمکی زانستی چەندین زاراوەی جیاواز دانراون، ئەمە لە کاتێکدا بۆ هەر چەمکێک یەک زاراوە پێویستە، هەروەها زاراوەکان پێویستیان بە یەکخستن هەیە لە یەک فەرهەنگدا.

٦- پەتیکردنی زمان بەتوندی، واتە لابردنی هەموو وشەیەکی بێگانە لە زمانەکە و دانانی وشەیەکی کوردی لە جێگەی. ڕەوتێکی توندی پەتیکردن لە سییەکانەوە لە زمانەکە دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، پێویستە سنوورێکی بۆ دابنرێ، چونکە پەتیکردنی توند نەک هیچ سوودێکی نییە، بەڵکوو زمان هەژار و لاوازیش دەکات.

بێگومان کێشە زمانییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام باسکردنی هەموویان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە. لە خوارەوە لەسەر هەر یەکێک لەم کێشانە بە جودا دەدوێین و لەبەر ڕۆشنایی سیاسەت و پلانی زمان ڕێگەچارەیان بۆ پێشنیاز دەکەین.

## ٤. زمانی هاوبەشی کوردی بۆ هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان لە ڕووی زمان و زارەوە فرەچەشنە. زمانی سەرەکیی هەرێمەکە کوردییە، لەپاڵ زمانی کوردی، زمانی نەتەوەکانی دی وەک سریانی، تورکمانی هەیە کە لە دەستووری عێراقدا بە ڕەسمی ناسراون، زمانی ئەرمەنییش لە پارێزگای دهۆک هەیە، بەڵام ئاخێوەرانی ئەم زمانە بە ژمارە زۆر کەمن و زمانەکەیان لە سیستەمی پەروەردە پێی ناخوێنرێ. عەرەبییش وەک زمانێکی سەرەکیی عێراق لە هەرێم بە ڕەسمی ناسراوە، بەڵام عەرەبی هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بە ڕادەیەک کەم بووەوە و پەراوێز خراوە(1). لە ڕووی زار و شێوەزاریش، زمانی کوردی لە باشووری

1 - زمانی عەرەبی لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زمانێکی باڵادەست و تاکە زمانی ڕەسمیی هەموو عێراق بوو بە باشووری کوردستانەوە، زمانی ئەکادیمی و زانکۆکان و بواری ڕۆشنبیری بوو، بەڵام دوای باڵادەستبوونی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان، عەرەبی بەخێرایی لە هەرێمی کوردستان پاشەکشەی کرد، چونکە عەرەبی لە دوای ڕاپەڕین لای خەڵکی کوردستان وەک زمانی هەڕەشە بۆ سەر زمانی کوردی سەیر دەکرا، ئەمە دیوێکی کێشەکەیە، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەم پاشەکشەیەی زمانی عەرەبی لە هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیاسەت و پلانێکی زمان لای دەسەڵاتدارانی هەرێم کە دەبوایە بە چاوێکی

کوردستان درێژبوونەوەی چوار زاری سەرەکیی کوردی لە هەرێمەکەدا هەیە. سیاسەت و پلانی زمان بۆ ئەم هەرێمە فرەزمان و زارە، پێویستە ڕەنگدانەوەی کولتووری هەرێمەکە بێت کە زمانی نەتەوەیەکە فرەزارە، لەگەڵ زمانی نەتەوەکانی دیکەش ڕەچاو بکرێت کە لە کورد بە ژمارە کەمترن.

هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی نەتەوەییە، لەم قەوارە نەتەوەییە یەک زمانی هاوبەشی نەتەوەیی پێویستییەکی حەتمییە. فرەزمانی لە دەوڵەتێکی فرەئەتنیک و فرەنەتەوە ئاساییە، وەک عێراق، کەنەدا، سویسرا، بەلجیکا، هیندستان،.. تاد بەڵام فرەزمانی لە یەک قەوارەی نەتەوەیی، فرەزمانی و فرەنەتەوەیی بەرهەم دێنێت و ئاسایی نییە. نەبوونی زمانێکی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستان، هۆکارێکە بۆ نەبوونی یەکێتیی نەتەوەیی و جێگیرنەبوونی کەیانی هەرێم لە باشووری کوردستاندا. زمانی هاوبەش، ئامرازێکی گرنگە بۆ یەکخستنی پێکهاتەکان و تاکەکانی نەتەوە و سازکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی؛ لە هەمان کاتدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە کە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیەکی فرە لەهجە بەیەکەوە گرێ دەدا و لە ژێر چەتری زمانێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و جیاوازییەکانی چینایەتی و زمانی کەم دەکاتەوە( Fromkin, 2011:440) هەر بە هەمان ئاراستە، زمانێکی ڕەسمی بۆ حکومەت، ئاسانکاریی ئیدارییە بۆ کاروباری حکومەت و بوارە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکان، دەرفەتی یەکسانیش دەڕەخسێنێت بۆ گەیاندنی هەموو خزمەتگوزارییەکان بە یەکسانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە. قەوارەی نەتەوەیی هەرگیز یەکگرتوو نابێت ئەگەر یەک زمانی نەتەوەیی نەبێت، بۆیە بەبێ ئەم زمانە، حکومەتی هەرێم قەوارەیەکی لاواز و لەرزۆک دەبێت و تاکەکانیشی لە یەک دابڕاو و پەراوێز دەبن، سەرەڕای پەرتەوازەیی فەرهەنگی و پەروەردەیی و ئەکادیمی.

سەبارەت بە زمانێکی هاوبەش بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم پرسە کێشەیەکی کۆن و پرسهەڵگرە و ساغکردنەوەی کۆمەڵێک بابەتی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی لەهجەیی و سیاسی و ناوچەیی لەگەڵ خۆی دێنێتە ئاراوە، بۆیە چارەسەریشی سەخت و ئاڵۆزە.

زمانی کوردی وەک زمانێکی فرەلەهجە، لە درێژایی مێژوودا بە لەهجەی جیاواز گەشەی کردووە؛ کورد هەرگیز یەک زمانی هاوبەشی ئەدەبی نەبووە. لە هەر سەردەمێکدا چەند زارێکی کوردی لە چوارچێوەی میرنشینییەکاندا ڕۆلی زمانی ئەدەبییان گێڕاوە و کۆمەڵێک دەقی ئەدەبییان پێ نووسراوە، بۆیە بە سێ زاری کوردی مێژووی ئەدەبیات هەیە. ئەمڕۆش بە هۆی ئەم بارودۆخە سیاسییە کە بە سەر نەتەوەی کورد و زمانی کوردیدا سەپێنراوە، لە هەر بەشێکی کوردستان درێژبوونەوەی چەند زارێکی کوردی هەیە. لە هەر بەشێکی کوردستانیش، سیاسەتی قەدەغەکردن و ئەسمیلەکردنی زمان لە دژی زمانی کوردی پیادە کراوە و دەکرێت، بۆیە لەم دۆخە زمانییە لە باشووری کوردستاندا کە حکومەتێکی کوردی هەیە، نابێ کارێک بکرێ زارە کوردییەکان ئەسمیلە بکرێن؛ چونکە لەدەستدانی هەر زارێکی کوردی لە دەستدانی گەنجینەیەکی زمانی و پاشخانێکی ئەدەبی نووسراو و زارەکیی کوردییە، بەتایبەت ئەو زارانەی کە مێژووی ئەدەبیاتیان هەیە وەک زاری کوردیی گۆران – هەورامی، کوردیی باکوور و کوردیی ناوەندی. بەهۆی ئەم ڕابردووەی زمانی کوردی کە بە زار گەشەی کردووە و زارەکانیش پاشخانی ئەدەبییان هەبووە، ئەمڕۆش پێویستە ڕێگە بدرێ زارەکان گەشە بکەن و زیندوو بمێننەوە. لە لایەکی دیکەوە، لەم سەردەمەدا، دیاردەی لەناوچوونی زمان و زار بووە بە دیاردەیەکی جیهانی، پێشبینی دەکرێ هەتا سەدەی داهاتوو لە ٩٠٪ زمان و زارەکان لەناو بچن و تەنیا ٦٠٠ زمانێک ڕزگاریان بێت (Crystal, 2003a:18). هەر لەبەر ئەم هۆکارە، پاراستنی زمان و زار بووە بە بەرپرسیارەتی و ئەرکێکی مرۆڤایەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان، لە پێش هەمووان یۆنێسکۆ، بۆیە پاراستنی زارە کوردییەکان پێویستە لە سیاسەت و پلانی زمانی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگ بداتەوە، هەر لەم ڕوانگەوەش پێویستە ڕێگە بدرێ هاوتەریب لەگەڵ زمانی ستانداردی هاوبەش، لەو ناوچانە کە ئاخێوەرانی ئەو زارە هەیە لە قۆناغەکانی پەروەردە بەو زارە بخوێنرێ، بەڵام خوێندن بە زار نابێت بە ئاراستەیەک بێت مەترسی بۆ یەکێتیی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد لە باشوور دروست بکات، نابێ خوێندن بە زار، زمانی هاوبەش و ڕەسمی بۆ حکومەت ڕەت بکاتەوە.

ئەگەر پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئەوروپا و جیهان لە کۆندا زارێکی زمانی سەپاندووە و بووە بە زمان بۆ نەتەوە، لەم سەردەمەدا ئەم پرۆسەی زمانسازی و نەتەوەسازییە کارێکی ڕاست و گونجاو نییە، بۆ هەموو نەتەوەیەکیش وەک یەک

---

ئەکادیمی لە بایەخی ئەم زمانەیان بڕوانیایە و لە کایە ئەکادیمییەکان پێگەیەکی شیاویان بۆ دانابایە، چونکە عەرەبی سەرەڕای ئەوەی زمانی دینیی کۆمەڵگەکەیە، زمانێکی گرنگی سەرچاوە و بوارە فەرهەنگییەکانی ڕۆشنبیری کوردە لەم بەشەی کوردستان، بۆیە نەدەبوایە بەم شێوەیە پەراوێز بخرێ، کە لە ئەنجامی ئەم پەراوێزخستنە، چینی ڕۆشنبیری دوای ڕاپەڕین زۆربەیان عەرەبی نازانن، لە زانکۆکانیش مامۆستای وا هەیە گەیشتووە بە پلەی پرۆفیسۆری هێشتا عەرەبی نازانێ! لە کوردی زیاتر هیچ زمانێکی دیکەش نازانێ کە زمانی سەرچاوە بێت وەک ئینگلیزی، یان فارسی و تورکی.

ئەم پرۆسەیە قابیلی جێبەجێ کردن نییە، چونکە وەک ئاماژەی پێ درا، لەم سەردەمەدا زار و زمانەکان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە و دەبێ هەندێک زار کە پاشخانی ئەدەبییان هەیە، هەوڵ بدرێ بپارێزرێن. کەواتە ئێمە نابێ لە خوێندن بە زار بترسین، نابێ کارێک بکەین هەندێک تایبەتمەندیی زار کە لە زمانی کوردیدا هەیە بە زۆرەملێ بتوێنرێنەوە، کە ئەم جۆرە تواندنەوەیە ئەوەندەی زیانی بۆ فرەکولتووریی نەتەوەی کورد و فرەلەهجەیی زمانی کوردی هەیە، هیچ سوودێکی نییە.
خوێندن بە زار بۆ چەند ساڵێک، یان هاوتەریب لەگەڵ زمانی ستانداردی هاوبەش بەتایبەت بۆ ئەو زارانەی کە تایبەتمەندیی کولتووری و مێژووی ئەدەبیاتیان هەیە وەک هەورامی و کوردیی باکوور (بنزاری بادینی) بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی ستانداردی کوردی لە باشوور نابێت، بەڵکوو زمانی کوردی دەوڵەمەندتر دەکات و زارەکانیش بە زیندوویی دەمێننەوە.
لە ڕووی سیاسییەوە، باشووری کوردستان، بارودۆخی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان جیاوازە، تەنیا بەشێکە کە لە لایەن حکومەتێکی ناوەندییەوە دامودەزگای حکومەتێکی دانپێدانراوی هەیە و مافە زمانییەکانیشی لە دەستووری ئەو وڵاتەدا کە عێراقە چەسپێنراوە، لە هەمان کاتدا لە قۆناغی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیشدایە، بۆیە لەم هەلومەرجە سیاسییە، باشووری کوردستان لەپێش هەموو بەشەکانی دیکەیە بۆ ئەوەی سیاسەت و پلانی زمانی هەبێت، بەڵام بەشەکانی دی بە تایبەت باکوور و ڕۆژهەڵات کە بارودۆخێکی سیاسیی جیاوازیان هەیە و هێشتا مافی خوێندن بە زمانی کوردی بە ڕەسمی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە دانی پێدا نەنراوە، و هیچ سیستەمێکی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی هێشتا لەوێ نەهاتووەتە کایەوە، بۆیە ناکرێ پلانی زمان بە هاوکاریی بەشەکانی دی دابنرێت، چونکە بۆ پلانی زمان، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، پێویستە قەوارە و حکومەتێک هەبێت سیاسەت و پلانی بۆ دابڕێژێ و جێبەجێی بکات، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نەبێت، سیاسەت و پلانی زمان ئەگەر هەشبێت جێبەجێ ناکرێ. لە لایەکی دیکەوە، دابەشبوونی سیاسیی کورد و زمانەکەی کە بە دوو ئەلفوبێ(عەرەبی و لاتینی) دەنووسرێ، ئەمەش جارێکی دی پرسی یەکخستنی زمانی کوردی ئاڵۆزتر کردووە کە هەتا ئەلفوبێ یەک نەبێت، ناکرێ باسی یەک زمانی یەکگرتوو بۆ هەموو کورد بکرێت. بەڵام لە باشوور، کوردی بە هەموو زارەکانییەوە یەک ئەلفوبێ و یەک ڕێنووسی هەموارکراوی کوردی بەکار دێنن، بۆیە لە باشوور کێشەی دوو ئەلفوبێ نییە.
بەم پێیە، لە هەر بەشێکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو قەوارە سیاسییە، سیاسەت و پلانی زمانی خۆیان دەبێت و ئەو لەهجە کوردییەش لەوێ باڵادەست دەبێت کە لەو بەشەی کوردستان لەهجەیەکی سەرەکییە و ڕۆڵی زمانی سەرەکی بۆ خوێندن و کاروباری سیاسی و کارگێڕی و ڕەسمی دەبێت. بۆ نموونە ڕۆژاوای کوردستان(سووریا)، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بارودۆخێکی نوێی سیاسی هاتە پێش و کەیانێکی فیدرالیی کوردی لەوێش دامەزرا؛ ئاخێوەرانی کوردی ڕۆژاوا، هەموو سەر بە زاری کوردیی باکوورن، بۆیە هەر ئەو زارە کوردییە لەوێ بوو بە زمانی ڕەسمیی خوێندن و کاروباری ئیداری و ئەکادیمی؛ هەروەها لەوێ درێژبوونەوەی هیچ زارێکی دیکەی کوردی نییە، بۆیە لەوێ کێشەی بەکارهێنانی زارێکی دی لە ئارادا نییە، کوردیی باکوور زاری باڵادەستە بۆ هەمووکاروبارێک. ئەگەر لە دواڕۆژ، لە باکووریش هەمان سیستەمی فیدرالی بۆ نەتەوەی کورد هاتە ئاراوە، هەمان سیاسەتی زمانیش لەوێ پیادە دەکرێت، واتە زاری کوردیی باکوور لەوێ باڵادەست دەبێت و لەپاڵ ئەویش زاری کوردیی زازاکییش لەو ناوچانەی کە بە زازاکی قسە دەکەن، پێویستە مافی بەکارهێنانی زارەکەیان لە سیستەمی پەروەردە بۆ دابین بکرێت. بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە هەمان شێوە، زارێکی باڵادەستی کوردی هەیە کە کوردیی ناوەندییە، لەپاڵ ئەم زارە، کوردیی خوارووش لە ئوستانەکانی کرماشان و ئیلام هەیە و لەکی و لوڕی لە لوڕستان هەیە و لە هەورامانیش، هەورامی هەیە، لە ورمێ و خۆی و ماکۆ، کوردیی باکوور هەیە؛ دەکرێ بە هەمان پلانی زمان، زمانێکی هاوبەش بۆ هەرێمەکە لەگەڵ زارەکانی دی ئاراستە بکرێ. هەر بەهەمان پێوەریش، باشووری کوردستان زارێکی باڵادەستی هەیە کە کوردیی ناوەندییە، بۆیە هەر ئەم زارەش بە عەمەلی پێویستە ڕۆڵی زارێکی باڵادەستی بۆ ئەم حکومەتە لە سیستەمی کارگێڕی و بواری ئەکادیمیی زانکۆکانی هەرێم هەبێت، و لە ژێر ئەم زمانە ڕەسمییە، دەکرێ زارەکانیش گەشە بکەن. ئەم فرەچەشنییە، دەوڵەمەندیی زمانی کوردییە و فاکتەرێکی گرنگە بۆ مانەوەی نەتەوەی کورد بە یەکگرتوویی.
لەم بەشە بە خێرایی ئاوڕێک لە زارە کوردییەکانی باشووری کوردستان دەدەینەوە، هەر زارێک بە جودا باسی دەکەین و ڕۆڵی لە هەرێمەکە دەستنیشان دەکەین.

## ١.٤. زمانی کوردی و زارەکانی

باشووری کوردستان درێژبوونەوەی چوار زاری سەرەکیی کوردی هەیە، کە هەر یەک لە زارەکان لە ئاستی جیاوازیی بەکارهێنان و بەستانداردکردندان. لە خوارەوە هەر یەک لە زارەکان و بارودۆخی بەکارهێنان و بایەخیان باس دەکەین:

**زاری کوردیی ناوەندی** کە بە هەڵە بە سۆرانییش ناسراوە، زارێکی باڵادەست و ستانداردی باشووری کوردستانە، زۆرینەی دانیشتووانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم زارە قسە دەکەن. لە کۆی زیاتر لە شەش ملیۆن دانیشتووانی باشوور بە ناوچە دابڕاوەکانیش، نزیک بە پێنج ملیۆن کەس لە چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، هەڵەبجە بە شێوەزار و بنزاری جیاوازی ئەم زارە قسە دەکەن(1).

خوێندن بە زار هەموو زار و شێوەزارێکی کوردی ناگرێتەوە، بۆ نموونە بنزارەکانی کوردیی ناوەندی وەک سۆرانی، گەرمیانی، سلێمانی، موکریانی، ئەردەلانی، ئەم بنزارانە لە هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاخێوەری هەیە، پێویست ناکات بەم شێوەزارانە بخوێنرێن، چونکە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی نوێنەرایەتی هەموو ئەم بنزارانە دەکات، لە لایەکی دیکەوە هیچ یەک لەم شێوەزارانە پاشخانێکی ئەدەبی نووسراویان نییە، زیاتر زمانی زارەکی بوون، بێجگە لە بنزاری سلێمانی کە زارە ستانداردەکە لەسەر ڕێزمانی شێوەزاری ئەو شارە دامەزراوە و گەشەی کردووە، پێشووتریش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە لە چوارچێوەی میرنشینی بابان زمانی ئەدەبی بووە. ئەم زارە ستانداردە کوردییە ئەمڕۆ زارێکی باڵادەستی کوردییە و ڕۆڵی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگێڕێت، بە تایبەت لە باشوور، لە ماوەی حوکمداریی شیخ مەحموودی حەفید (حکومەتی کوردستانی جنوبی) ئەم زارە، زمانی خوێندن و کاروباری ڕەسمیی حکومەت بووە، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، مافی خوێندن بە کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان لە قانوونی زمانە ناوچەییەکان لە ساڵی ١٩٣١ بە ڕەسمی دەچەسپێت. لەوساوە تا ساڵی ١٩٧٠ لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بێپچڕانەوە لە قوتابخانەکان لە قۆناغی سەرەتایی چەند بابەتێک بە کوردیی ناوەندی خوێندراوە. لە ماوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق لە دوای دەرچوونی بەیانی ١١ ئاداری ١٩٧٠ و پێدانی مافی خوێندن بە کوردی، لە ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ زمانی هاوبەشی خوێندن بووە بۆ هەموو باشووری کوردستان. لە دوای نسکۆی شۆڕش، هەر بە هۆی ئەم پاشخانە کە ئەم زارە لە باشوور هەیبووە کە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە، لە سەرەتا زمانی ئەدەبیی میرنشینی بابان بووە، دواتریش لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان دەبێت بە زارێکی ستاندارد، بۆیە ئەم زارە لە ڕووی پێشکەوتنی بۆ خوێندن و بەستانداردبوونی و فراوانبوونی ئەرکەکانی و زۆریی چاپەمەنی، ڕۆڵی زارێکی باڵادەستی کوردی لە باشووری کوردستاندا گێڕاوە، ئەمە بێجگە لەوەی لە هەموو زارە کوردییەکانی دی زیاتر پێش کەوتووە، هەروەها دانیشتووانی هەرە زۆرینەی باشوور بەم زارە قسە دەکەن و دەخوێنن، ئەمانە کۆمەڵێک پێوەری زمانەوانی و کۆمەڵایەتین کە لە پلانی زمانی هەر وڵاتێکدا بێت، ئەم زارە لە زارەکانی دی لەپێشترە بۆ ئەوەی ڕۆڵی زمانی سەرەکی و هاوبەشی هەبێت، و بکرێ بە زمانی ڕەسمی و کارگێڕیی حکومەت و بوارە ئەکادیمییەکان.

**زاری کوردیی باکوور**، ئەم زارە کوردییە کە بە کورمانجییش ناسراوە، درێژبوونەوەی ئەم زارە بۆ باشوور لە پارێزگای دهۆک و قەزای مێرگەسۆری سەر بە پارێزگای هەولێر و قەزا کوردنشینەکانی پارێزگای مووسڵدا هەیە؛ شێوەزارەکانی ئەم زارە لە باشوور بە بادینی ناسراوە. ئامارێکی ڕەسمی لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئاماری دانیشتووانی پارێزگاکان زیاتر لە ملیۆنێک لە دانیشتووانی پارێزگای دهۆک بەم زارە کوردییە قسە دەکەن. کوردیی باکوور بە ژمارەی ئاخێوەرانی و پانتایی جوگرافیای زمانی کوردی، گەورەترین زاری کوردییە. لەڕووی مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکەوە، ئەم زارە لە چوارچێوەی میرنشینی بۆتان لە سەدەی شازدەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم زمانی ئەدەبی بووە.

خوێندن بە بادینی، ئەویش وەک شێوەزارێکی کوردی کە سەر بە زارێکی سەرەکیی کوردییە، پێویستە لە قۆناغەکانی خوێندن لە سیستەمی پەروەردە لە پارێزگای دهۆک بخوێنرێت، بۆ ئەوەی زارەکە بێبایەخ نەبێت و گەشە بکات. ئەم زارە کوردییە لە باکوور لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا بەتوندی قەدەغە کراوە و هەوڵی تواندنەوە و

---

1 - بەپێی بڵاوکراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی هەر چوار پارێزگای هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتوەتە(٦.١٧١.٠٨٣) کەس. پارێزگای هەولێر (٢.٢٥٤.٤٢٢) کەس، پارێزگای سلێمانی (٢.١٥٢.٥٩٥) کەس، پارێزگای دهۆک (١.٦٤٨.٦١١) کەس، پارێزگای هەڵەبجە (١١٥.٤٥٥) کەس. شایەنی گوتنە بەشێکی ئەم ئامارانە دانیشتووانی عەرەبە و لە بەغدا و ناوچەکانی دی ئاوارە بوون و لە هەرێمی کوردستان جێوار بوون. بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=28307 accessed 06 -08-2022

لەناوبردنی دراوە، هەر بەهۆی ئەم سیاسەتی زمانکوژییەی دەوڵەتی تورک، بەشێکی زۆری دانیشتووانی باکووری کوردستان ئەسمیلە بوون و چیدی لەماڵەوە بە کوردی قسە ناکەن، بۆیە گرنگە ئەم زارە لە باشوور ئازادیی گەشەکردنی بۆ برەخسێت و نابێ بە هەمان سیاسەتی تورکیا مامەڵە بکرێ و ئەسمیلە بکرێ.
دەڤەری بادینان لە باشووری کوردستان بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو بە عەرەبی خوێندوویانە، تەنیا لە دوای بەیانی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ بۆ ماوەی ٥ – ٦ ساڵێک خوێندنیان بە کوردی بووە و بە زاری کوردیی ناوەندییش بووە. بەڵام دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥، ئەم ناوچەیە بەر تەعریب کەوتەوە، جارێکی دی لەوێ خوێندن کرایەوە بە عەرەبی. لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ و ڕزگاربوونی باشووری کوردستان، جارێکی دی خوێندن لەم ناوچەیە کرایەوە بە کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی و بۆ ماوەی هەشت ساڵێک بەردەوام بووە، بەڵام لە دوای ١٩٩٨ ەوە لەوێ خوێندن لە سەرەتایی بۆ یەکەم جار بە کرمانجیی ژووروو (بادینی) دەستی پێ کرد و ئەم زمانە هاوبەشە یەکگرتووە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت.
پرۆسەی خوێندن بە کوردیی باکوور(بادینی) لە دەڤەری بادینان بە بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی دیوان بووە کە ئەوسا د. ڕۆژ نووری شاوێس سەرۆک وەزیران بووە و ڕەزامەندیان لەسەر ئەم خوێندنە داوە، لە سەرەتا لە قۆناغی یەکەوە تا چوار ڕێگە پێدراوە، و لە ڕێی وەزارەتی پەروەردە کە ئەوسا د. جەرجیس حەسەن وەزیری پەروەردە بووە، جێبەجێ کراوە(بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ١). ئەکادیمیای کوردی کە ئەوسا ناوی کۆڕی زانیاریی کوردستان بووە هێشتا لە قۆناغی دامەزراندنەوەدا بووە، و ڕای وەرنەگیراوە تا ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆڕی زانیاریی کوردستان دەست بەکار بووە و د. شەفیق قەزاز کرا بە سەرۆک(بە وەکالەت)ی کۆڕ.
دوای تێپەڕاندنی ئەم چوار ساڵە خوێندن بە بادینی، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی دهۆک داوا دەکات قۆناغی خوێندنی ٥ -٦ یش بکرێ بە بادینی، بۆ ئەمە کۆڕی زانیاریی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٠٠٢/٦/١٦ بە نووسراوێکی ڕەسمی بۆ وەزارەتی پەروەردە، ڕەزامەندی داوە وەک چارەسەرێکی کاتی، پرۆگرامی خوێندن بخرێتە سەر کرمانجیی ژووروو(کوردیی باکوور) بە مەرجێک بە کرمانجیی خواروو (کوردیی ناوەندی) تێهەڵکێش بکرێ (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٢ و ٣). دوای بەڕێکردنی ئەم دوو قۆناغانە، ئەمجارە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی دهۆک وارتکیس موسیس سرکیسیان لە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٧/٢٩ بە نووسراوی ڕەسمی داوا لە وەزیری پەروەردە دەکات ڕێگە بدات بە درێژەدان بە خوێندن بە کرمانجی بۆ قۆناغەکانی ٧ – ٩ لە پارێزگای دهۆک (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٤) بۆ ئەمە وەزیری پەروەردە د. دڵشاد عبدالرحمن محمد و بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان ئاراس نجم الدين عبدالله بە نووسراوی ڕەسمی داوا لە ئەکادیمیای کوردی دەکەن ئەم داواکارییە دیراسە بکات (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٥ و ٦ و ٧)، بەڵام ئەمجارە ئەکادیمیای کوردی بۆ ئەم داواکارییە ڕازی نابێت، لە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٨ سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی د. شەفیق قەزاز داوا دەکات بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێکی پەروەردەیی ببەسترێت چونکە ئەمە پرسێکی پەروەردەییە و پێوەندی بە ئایندە و چارەنووسی کورردەوە هەیە بەگشتی و منداڵان بەتایبەتی(بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٨)، بەڵام دوای ئەمە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی دهۆک بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەکادیمیای کوردی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکان درێژە بە خوێندنی کرمانجی(بادینی) دەدەن، تا هەموو قۆناغەکانی خوێندنی پەروەردە دەگرێتەوە تا گەیشتە ئاستی زانکۆش، لە کۆتاییدا زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییان وەک زمانی ڕەسمی بۆ کاروباری حکومەتیش لەم دەڤەرە ڕەت کردەوە، کە ئەم ڕەتکردنەوەیە بە ڕادەیەک توند بووە، لە پلانی زمانی هیچ وڵاتێک و هیچ نەتەوەیەکدا نەبووە شێوەزارێکی ناوچەیی، زمانێکی باڵادەستی هاوبەشی هەرێمێک بەم شێوەیە ڕەت بکاتەوە، دەڤەرێکی سەربەخۆی زمانی بۆ خۆی ڕابگەنێت، کە لە ئەنجامی ئەم ڕەتکردنەوەیە، زمانی کوردی لە باشوور بوو بە دوو زمان.
لە خستنەڕووی ئەم بەڵگەنامانە بە ڕوونی دیارە کە هیچ یاسایەکی زمان لەلایەن حکومەتەوە نەبووە بۆ ئەوەی لە پرسی زمان لە دەڤەری بادینان کاری پێ بکرێ، تەنانەت کۆڕی زانیاریی کوردستان (ئەکادیمیای کوردی)یش بۆ ئەوە دامەزرابوو سەرچاوەی یەکەمی زمان بێت، بەڵام لەم کێشە زمانییە گوێی لێ نەگیراوە و دەسەڵاتی نەبووە.
لە پلانی زمان بۆ نەتەوە، خوێندن بە زار نابێ بە ئاراستەیەک بێت زمانی ستاندارد و هاوبەشی نەتەوە ڕەت بکاتەوە، بەتایبەت ئەو زمانە کوردییە بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی فاکتەرێکی گرنگە بۆ یەکپارچەیی کورد لە باشوور. ڕەتکردنەوەی ئەم زارە کوردییە لە دەڤەری بادینان بۆ هەموو شتێک، ئەزموونێکی خراپی خوێندن بە زار بوو. ئەم ڕەتکردنەوەیە بە هەر هۆکارێکی ناوچەگەری و لەهجەخوازی بووبێت، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانە، کە دەسەڵاتی هەرێم پلانێکی دیاریکراوی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمەکەدا نەبووە و نییە، و چاودێرییەکی هۆشیارانەی بۆ زمانیش نییە.

خوێندن لەم دەڤەرە بە شێوەزارێکی ناوچەیی و بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە زانکۆوە، هەروەها بەکارهێنانی بۆ کاروباری ڕەسمیی حکومەتیش، کۆمەڵێک کێشەی ئیداری و پەروەردەیی و ئەکادیمی بۆ هەرێمەکە دروست کردووە. بۆ نموونە نووسراوی ڕەسمیی پارێزگای دهۆک لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم لێی تێ ناگەن و دەبێ جارێکی دی بکرێتەوە بە کوردیی ناوەندی؛ قوتابی دەرچووی زانکۆکانی ئەم دەڤەرە بۆ کار پەیداکردن لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم ناتوانن بە کوردیی باکوور(بادینی) کار پەیدا بکەن، دەبێ جارێکی دی کوردیی ناوەندی فێر ببنەوە، بە پێچەوانەوەش ئەوانەی بە کوردیی ناوەندی خوێندوویانە ناتوانن لە بادینان خزمەت بکەن، چونکە بە لەهجەکە ئاشنا نین، کتێب و چاپەمەنی کوردیی پارێزگای دهۆک لەبەر جیاوازیی لەهجەیی هیچی لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم ناخوێنرێنەوە، ئەوانەی بە کوردیی ناوەندییش دەردەچن، لە دهۆک ناخوێنرێنەوە،.. ئەم ئەزموونە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە بە زار لەم دەڤەرە نیشانی دا کە نابێ بەم شێوەیە لەگەڵ زمان و زار مامەڵە بکرێ. بۆ ئەوەی ئەم دەڤەرە دوچاری گۆشەگیری و دابڕانی زیاتر نەبێت، زۆر گرنگە لەپاڵ خوێندن بە زارەکەیان هاوتەریب بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییش بخوێنن، یان نیوە بە نیوە بخوێنن، بۆ نموونە دەکرێ بابەتە زانستییەکان بە کوردیی ناوەندی بخوێنرێ و ئەوانی دی بە کوردیی باکوور(بادینی)، بۆ ئەوەی ئەو قوتابییەی کە لەم دەڤەرە خوێندن تەواو دەکات، لەپاڵ خوێندن بە زارەکەی بتوانێت زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییش بە باشی فێر بێت، وەک هەموو تاکێکی ئەو هەرێمە بە یەکسانی بەشداریی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئەکادیمی هەرێم بکات، جیاوازیی لەهجەیی نەبێت بە کۆسپێک لە ڕێگەی پێشکەوتنی دەڤەرەکە و دانیشتووانەکەی. هەروەها زمانی ڕەسمیی حکومەتیش لە سەرانسەری هەرێمەکە بە پارێزگای دهۆکەوە یەک زمان بێت، کە ئەویش کوردیی ناوەندییە.

ئەگەر لە باشوور کێشەی خوێندن بە زار چارەسەر نەکرێت و یەکلا نەکرێتەوە، هەرگیز باشوور بەرەو یەکگرتوویی ناچێت، درێژەدان بە خوێندن بە دوو زاری جیاواز بەم بەرنامەی ئێستا، لەیەکدابڕان و دوورکەوتنەوە لە یەک زیاتر دەبێت، دەڤەری بادینانیش زیاتر پەراوێز و گۆشەگیر دەمێنێتەوە.

شایەنی گوتنە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم کە هەموو بابەتەکان بە کوردیی ناوەندی دەخوێنن، زۆر گرنگە دەرسێک بە کوردیی باکووریش بخوێنرێ (ڕێزمان، دەقی پەخشان، ئەدەبیات،..) بۆ ئەوەی کورد لەم دەڤەرە بە گەورەترین زاری کوردی ئاشنا بن و بایەخ بەو ئەدەبیات و چاپکراوە کوردییانە بدەن کە لە بادینان و باکووری کوردستان دەردەچن، هەروەها لە بەشە کوردییەکان لە زانکۆ بایەخێکی زیاتر بە کوردیی باکوور و هەموو زارە کوردییەکانی دی بدرێ بۆ ئەوەی جیاوازیی لەهجەیی، کورد لە یەک دانەبڕێت و هەموو تاکێکی کورد بە هەموو زارە کوردییەکان ئاشنا بێت. بەم ڕێگەیە دەکرێ هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو زاری سەرەکیی کوردی لەم هەرێمە بەدی بێت و هەردوو زار پێکەوە گەشە بکەن.

یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە زمانییە لە پلانی زمان، لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ئەکادیمیایە بە هاوکاری لەگەڵ زمانەوان و ڕۆشنبیرانی بادینان سیاسەتێکی زمانی لەم شێوەیە دابڕێژێت و بیدات بە حکومەتی هەرێم، حکومەتیش لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیرییەوە وەک پلانێکی زمانی لە پارێزگای دهۆک و پارێزگاکانی دیکەی هەرێم جێبەجێی بکات.

**زاری کوردیی خوارووە**، کە بە کەڵهوڕیش ناو دەبرێت. ئەم زارە سەرەکییە کوردییە، پانتاییە جوگرافییەکەی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەت لە ئوستانی کرماشان و ئیلام، درێژبوونەوەی ئەم زارە لە چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستانیشدا هەیە لە خانەقین و مەندەلی و زرباتیە لە پارێزگای دیالا. ژمارەی دانیشتووانیان لە باشوور دیار نییە چەندە، ڕەنگە دەوروبەری ١٥٠ – ٢٠٠ هەزار کەسێک بن؛ بەڵام لە بەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیان زۆرە و نزیک بە سێ ملیۆن کەس دەبن (قمندار، ٢٠١٤: ٦). ئەم زارە کوردییە لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لە کوردیی ناوەندی نزیکە بە تایبەت لەگەڵ شێوەزاری گەرمیانیی کوردیی ناوەندی زۆر تێکەڵ بە یەک بوون و جیاوازییەکانیان کاڵ بووەتەوە. ئەم زارە، مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی نەبووە، شاعیرەکانیان هەموو بە کوردیی گۆران شیعریان نووسیوە، کە ئەوسا گۆران لەم ناوچەیە زمانێکی ئەدەبی بووە. لە دوای دەرچوونی بەیانی یازدەی ئادار لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ خوێندن بە کوردی ئەم ناوچەیەشی گرتووەتەوە و بە زاری کوردیی ناوەندی بووە. دوای نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥، ئەم ناوچەیە بەتوندی بەر تەعریب کەوتەوە، خوێندن کرایەوە بە عەرەبی، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣، خوێندن بە کوردی جارێکی دی لەوێ دەستی پێ کردەوە، هەر بە کوردیی ناوەندی. ئاخێوەرانی ئەم زارە تا ئێستا هیچ داواکارییەکیان بۆ خوێندن بە زارەکەیان نییە، وەک دیارە ئەوان کێشەیان لە خوێندن بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی نییە، ئەگەر لە داهاتوو داوا بکەن، دەکرێ ئەوانیش وەک هەورامی و بادینی، مافی خوێندن بۆ چەند ساڵێک بە زارەکەیان بۆ دابین بکرێ بۆ ئەوەی زارەکەیان زیندوو بمێنێتەوە، هەروەها زۆر گرنگە لە بەشە کوردییەکان لە زانکۆ و لە

ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان بایەخ بەم لەهجە کوردییە بدرێ، چونکە ئەم زارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانی کرماشان و ئیلام زۆر بەچڕی لە ژێر کاریگەریی فارسیدایە و بەرەو تواندنەوە دەچێت، ئەگەر بەم شێوەیەش بەردەوام بێت لە پاشەڕۆژ مەترسی لەناوچوونی لێ دەکرێ.

**زاری کوردیی گۆران – هەورامی،** ئاخێوەری ئەم زارەش لە باشوور لە ناوچەی هەورامانی لهۆنە لە پارێزگای هەڵەبجە نیشتەجێن. دانیشتووانی هەورامان دوو بەشە: هەورامانی لهۆن، کۆمەڵە گوندێکە لە باشووری کوردستان، گەورەترین گوندیان تەوێڵە و بیارەیە؛ هەورامانی تەخت: ئەویش کۆمەڵە گوندێکە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە لەگەڵ پاوە و پالینگان و نۆدشە و نەوسود پێکەوە بە چەند شێوەزارێکی هەورامی دەدوێن. ئاوایییەکانی هەورامان لە باشووری کوردستان ٢٢ گوند و شارەدێیە، تا ئێستا سەرژمێرییەکی وردی دانیشتووانی هەورامانی لهۆنی باشوور لەبەر دەستدا نییە، بەپێی هەندێک خەملاندن، ڕەنگە لە دەوروبەری ٤٠ – ٦٠ هەزار کەسێک بن. لە ڕووی مێژووی ئەدەبیاتەوە، زاری کوردیی گۆران – هەورامی لە ڕابردوودا لە پێش هەردوو زاری کوردیی باکوور و ناوەندی، لە سەدەی چواردەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمی میلادی، لە چوارچێوەی میرنشینی ئەردەلان و دەرەوەی ئەم میرنشینەش لە ناوچەیەکی بەرفراوان هەر لە باکووری لوڕستانەوە تا ناوچەی موکریان، لە هەمەدانەوە تا ناوچەی کەرکووک و کفری، زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی بووە، کە بێجگە لە ئاخێوەرانی گۆران - هەورامی، بۆ ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی و کوردیی خوارووش(لەکی و کەڵهوڕی و لوڕی) زمانی شیعر و ئەدەب و داستان بووە. هەر ئەم زارە بۆ پەیڕەوانی دینی یارسان (ئەهلی هەق، کاکەیی) زمانێکی دینی بووە. لە سەرەتای گەشەکردنی ئەم دینە لە ناوچەی گۆران، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی دەقی دینی و سروودەکانی دینی یارسان وەک سەرەنجام و کەلامەکانی بە زاری گۆران بە شیعر نووسراونەتەوە و هەندێکیش بە پەخشان بووە. ئەم زارە لە دوای ڕووخانی میرنشینی ئەردەلان چیدی ڕۆڵی زمانی ئەدەبی نامێنێ، ژمارەی ئاخێوەرانی کەم دەبێتەوە، ئێستا پاشماوەی ئاخێوەرانی ئەم زارە کوردییە تەنیا لە هەورامان ماوەتەوە، ئەمڕۆش بە هۆی کەمیی ژمارەی دانیشتووانی هەورامان و بێبایەخبوونی زارەکەیان بۆ خوێندن و دەقی ئەدەبی، بەرەو پووکانەوەی زیاتر دەچێت. لە ئینسکلۆپێدیای زمانە مەترسی لەسەرەکان گۆران و زازاکی وەک دوو زاری کوردی ناویان هاتووە کە لە داهاتوو مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرێت (Van Driem, 2007:328). بۆیە لە پلانی زمان لە باشووری کوردستان، ئەم زارە کوردییە بەم پاشخانە ئەدەبییە دەوڵەمەندە، پاراستنی، ئەرکێکی نەتەوەیی و پاراستنی لەهجەیەکی دێرینی کوردییە لە فەوتان. خوێندنی چەند دەرسێک بەم زارە لەو ناوچانەی کە هەورامییەکان لێی نیشتەجێن ئەرکێکی پەروەردەیی و پارێزگاری لە زارەکەیە بۆ ئەوەی ببوژێتەوە و نەفەوتێ. خۆشبەختانە ساڵی پار بۆ یەکەم جار لە سیستەمی پەروەردەی هەرێم ڕێگە درا لە هەورامان دەرسێک بە هەورامی بخوێنرێ. لەپاڵ ئەم خوێندنەش، زۆر گرنگە لە بەشە کوردییەکان لە زانکۆ بایەخێکی زیاتر بە هەردوو زاری گۆران – زازا بدرێ، بەتایبەت زازاکی کە بەهۆی قەدەغەکردنی لە لایەن دەسەڵاتدارنی تورکەوە ئەمڕۆ زۆر بەچڕی ڕووبەڕووی تواندنەوە بووەتەوە.

بەم پلانە زمانییە بۆ زمانی کوردی و زارەکانی، دەکرێ لە هەرێمی کوردستان لەپاڵ زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی بۆ خوێندن و یەک زمانی ڕەسمی بۆ حکومەتی هەرێم، زارە کوردییەکانیش پارێزراو بن و بە زیندوویی بمێننەوە. ئەم سیاسەت و پلانە زمانییە لەم سەردەمە بۆ مامەڵە لەگەڵ زارەکانی زمانێک، سیاسەتێکی سەردەمیانە و دیموکراتییە، هەڵقوڵاوی کولتووری زمانیی دانیشتووانەکەیە کە زمانی جیاواز و زار و شێوەزاری هەمەچەشنی هەیە. ئەم سیاسەتە زمانییە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی زمانی کوردی و گەلی کورد کە بەسەر چوار کەیانی سیاسی دابەش بووە، هەنگاوێکی پێویستە، ڕەچاوکردنی خوێندن بە زار بەم سیستەمە، خزمەت بە یەکگرتوویی نەتەوەی کورد دەکات.

## ٢.٤. زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی و کێشەکانی

وەک ئاشکرایە زاری کوردیی ناوەندی لە ڕووی بەستانداردبوون و چاپەمەنی و فراوانبوونی ئەرکەکانی و بەکارهێنانی، تا ئێستا بەهێزترین زاری کوردییە، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەش کە ئەم زارە بەدەستی هێناوە، بەڵام لەم دواییەدا لە پرۆسەی بەستانداردبوونیدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە. لە بواری بەستانداردکردنی زمان کە پێویستە ئەکادیمیا وەک ئەندازیاری زمان کار بۆ یەکخستنی ڕێزمانی ئەم زارە بکات، یەک شێوە ڕێزمان بکرێت بە ستاندارد. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، ئەم شێوە ڕێزمانە ستانداردە هەتا ڕادەیەکی باش جێگیر بووبوو، بەڵام لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لێرە و لەوێ، هەندێک نووسەری کورد گوایە هەوڵ دەدەن زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە ڕێزمانی زارەکان پێک بێنن، بە ناشارەزایی هەر نووسەرێک بە مەیلی خۆی کەرەستە و پێکهاتەی ڕێزمانی زارێکی دیکەی کوردی یان بنزارێکی کوردیی ناوەندی دێنێتە ناو ڕێزمانی ستانداردی کوردییەوە، کە ئەمەش ئاژاوەی لە ڕێزمانی کوردیی ناوەندی دروست کردووە. خەریکە هەر نووسەرێک بە ڕێزمان و زاراوە، دەبێت بە خاوەنی زمانی ستانداردی خۆی. ئەمەش جارێکی دی ئەرکی

ئەکادیمیایە بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵات ڕێگە لەم گەڕەلاوژە زمانییە بگرێت، بۆ هەر کتێبێک چاپ دەکرێت فلتەری زمانەوانی بۆ دابنێت، هەر کتێبێک لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووس ڕێکوپێک و ستاندارد نەبێت، ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی نەدرێت. ئەگەر سنوورێک بۆ ئەم ئاژاوەیە دانەنرێت بۆی هەیە ئەم زمانە ستانداردەش کە دروست بووە بەرەو بێسەروبەری بچێت.

لێرەدا شیاوی گوتنە باسی ئەو هەوڵانەش بکرێ کە هەندێک کەس و دەزگای پەروەردە هەوڵیان داوە لە نێوان ئەم دوو زارە، کوردیی ناوەندی و باکوور، زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست بکەن. لە ڕابردوودا هەندێک هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی ئەم دوو زارە بە ڕێزمان و بە فەرهەنگۆکی وشە تێکەڵ بکرێن و زمانێکی یەکگرتووی کوردی لێ بەرهەم بێت و بکرێت بە زمانی ڕەسمی و سەرانسەری بۆ کورد. ئەم جۆرە هەنگاوانە لە شەستەکانەوە هەوڵی بۆ دراوە، لە دوای نەوەدەکانیش کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێ دەرچووە و لە قوتابخانەکان پێی خوێندراوە، بەڵام بە عەمەلی ئەم پرۆسەی زمانسازییە هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە، چونکە وەک دیارە زمان بە شێوەیەکی ڕەمەکی کار دەکات و بە شێوەی خۆڕسک و لەسەرخۆ و بەشێنەیی گۆڕانی بەسەردا دێت(1)، هەر گۆڕانێک لە ڕێزمانی زمانێک ئەوەندە لەسەرخۆ و درێژخایەنە، ڕەنگە لە ماوەی سەدان ساڵ یەک کەرەستەی ڕێزمانی لە زمانێکدا بە سروشتی گۆڕانی بەسەردا بێت، یان چەند دەنگێک لە زمان بگۆڕێت و بە جۆرێکی دی بێژە بکرێن، بۆیە زمان لە تاقیگەدا دروست ناکرێت، لە وزە و توانای هیچ کەسێک و هیچ دەزگا و حکومەتێکیش نییە بتوانێت دوو ڕێزمان تێکەڵ بکات و زمانێکی نوێی لێ بەرهەم بێنیت، ئەگەر دروستیش بکرێت دەبێت بە زمانێکی دەستکرد وەک زمانی ئیسپرانتۆ کە زمانێکی دەستکردە و وەک پێویست کاری پێ ناکرێت و زمانێکی بێ فەرهەنگ و بێ مێژووی ئەدەبیاتە، زمانێک کۆمەڵگە قسەی پێ ناکات و تەنیا چەند کتێبێکی پێ چاپ دەکرێت، لەوانەیە کۆمەڵە خەڵکێک کۆرسی ئەو زمانە بخوێنن و فێری بن و قسەی پێ بکەن، بەڵام ئەمە مەحاڵە بکرێ بە زمان بۆ نەتەوەیەک و هەموو فێری ببن و وەک زمانی هاوبەش پێی بنووسن و قسەی پێ بکەن، بۆیە ئەم جۆرە هەوڵانە هەرگیز سەرکەوتوو نابن، پێویستە وازی لێ بهێنرێ.

بۆ نموونە هەوڵ دەدرێ هەندێک کەرەستەی ڕێزمانی لە کوردیی باکوورەوە بخرێتە ناو کوردیی ناوەندی، وەک دۆخی بکەر نادیاری: هاتە کوشتن، هاتە دامەزراندن،.. کە لە کوردیی ناوەندی دەبێت بە کوژرا و دامەزرا،.. هەندێک نووسەر هەوڵ دەدەن ئەم دۆخە ڕێزمانییە بێننە ناو ڕێزمانی ستانداردی کوردیی ناوەند، بەڵام جێگیرکردنی زۆر لەسەرخۆیە هێشتا ڕێککەوتنێکی سەرانسەری لەسەر نییە، هەموو نووسەرێک پێی پابەند نابێت، ئەمە هەرچەندە لە کوردیی ناوەندی لە هەندێک بنزار ئەم دۆخە ڕێزمانییە هەیە و دەکرێ بە ئاسانی ئێمەش بە کاری بێنین، بەڵام هەتا بە تەواوەتی جێگیر دەبێ کاتی زۆر دەوێت. یان جێناوی کەسی سێیەمی تاکی "وی" کە لە کوردیی باکووردا هەیە: دگەل وی، ناڤێ وی، ... هەندێک نووسەر هەوڵ دەدەن بیهێننە ناو ڕێزمانی کوردیی ناوەندی، ئەمەش تا ئێستا جێگیر نەبووە ئەمە لە کاتێکدا ئەم دۆخە ڕێزمانییە لە بنزاری هەولێری و موکریانیی کوردیی ناوەندیدا هەیە، بەڵام جێگیرکردنی ئەم دۆخە ڕێزمانییە لە ڕێزمانی ستانداردی کوردیی ناوەندی کە لە سەر ڕێزمانی بنزاری سلێمانی پەرەی سەندووە، کارێکی ئاسان نییە و هەتا جێگیر دەبێت کاتێکی زۆر دەخایەنێ، ڕەنگە هەرگیز جێگیر نەبێت، چونکە ڕێزمانەکە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا فۆرمی خۆی وەرگرتووە.

تێکەڵکردنی ڕێزمانی دوو زار یان دوو زمان مەحاڵە کاری پێ بکرێ، تەنانەت زمانەکانی وەک پیجن و کریۆلیش کە زمانی تێکەڵن بە ڕێزمان و وشەی دوو زمان، یان چەند زمانێک لە هەندێک وڵاتی ئەفەریقی و ئەمەریکای لاتینی و ئاوسترالیا قسەی پێ دەکرێت و بووە بە زمانی ڕەسمیی وڵاتەکەش، وەک تۆک پیزن کە لە پاپوا نیو گینیا لە باکووری قارەی ئاوسترالیا قسەی پێ دەکرێ(2)، ئەم زمانانەش لە تاقیگە دروست نەکراون، بەڵکوو لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی زەمەنی تێکەڵ

---

[1] - هەر بە مەبەستی سازکردنی زمانێکی هاوبەش بە تێکەڵکردنی دوو ڕێزمان، زمانەوان غازی عەلی خورشید بۆ ئەم مەبەستە دوو کتێبی نووسیوە، ڕێزمانی کوردیی ناوەندی و کوردیی باکووری تێکەڵ کردووە و زمانێکی تایبەتی لێ دروست کردووە. هەردوو کتێب، هەر لە دوو توێی کتێبدا مانەوە هیچ کاریگەرییەکی لە پەرەپێدانی زمانێکی هاوبەش نەبوو بەم شێوە تێکەڵکردنە. بڕوانە: (خورشید ٢٠١١، خورشید ٢٠١٣).

2 - زۆر لە زمانە پیجنەکان لە سەدەکانی حەڤدەم و هەژدەم و نۆزدەم سەریان هەڵدا و پەرەیان سەند، بەتایبەت لە هەرێمە بازرگانییە بەکۆلۆنیکراوەکان لە کەنارەکانی چین و ئەفەریقیا و لە هەردوو ئەمەریکا. هەر بۆیە زۆرینەی وشەکانی زمانی پیجن لە زمانی هیزە کۆلۆنیالییەکانەوە هاتووە، وەک زمانی پیجنی هاوای کە ئینگلیزەکان خاوەن کێڵگە بوون بۆیە زمانە پیجنەکەیان لەسەر زمانی ئینگلیزی دروست بووە. زمانی پیجنی پاپوا نیو گینیا لە باکووری قارەی ئاوسترالیا کە لەسەر زمانی ئینگلیزی دروست بووە

بەیەک بوون و بە ڕەمەکی و بە سروشتی بەرهەم هاتوون، هیچ دەزگایەک و ئەکادیمیایەکی زمان ئەم زمانانەی تێکەڵ بە یەک نەکردووە.

لە مێژووی هەموو زمانەکانیش، هەرگیز نەبووە ڕێزمانی دوو زار تێکەڵ بە یەک بکرێن و زمانێکی هاوبەش بۆ نەتەوەی لێ دروست بکرێت. زمانی نەتەوەکانی هەموو دنیا لە زاری زمانێک دەستی پێ کردووە گەشەی کردووە و بووە بە زمان بۆ هەموو نەتەوە. بۆیە زارە کوردییەکان هەرگیز بە ڕێزمان تێکەڵ بە یەک نابن و دەبێ لێ بگەڕێین بە تێپەڕبوونی کات و لەسەرخۆ بە سروشتی خۆیان لە یەک نزیک ببنەوە. گرنگترین هەنگاوێک بۆ ئەم نزیک بوونەوەیە دروستکردنی زاراوەی هاوبەشە، بە تایبەت بۆ زاراوە سیاسی و ئابووری و زانستییەکان، .. ئەمە هەنگاوێکی عەمەلییە و دەکرێ لەم ڕووەوە کاری بۆ بکرێ. ڕاگەیاندنەکانی هەرێم پێویستە کارێکی وا بکەن کاتێک هەواڵ یان بەرنامە بە دوو زار بڵاو دەکەنەوە، هەوڵ بدەن زاراوەی هاوبەش بەکار بێنن، بۆ نموونە فڕۆکە بە کوردیی ناوەندی، بە کوردیی باکوور پێی دەڵێن باڵافڕ، لەم دووە دەکرێ یەکێکیان وەک زاراوەی هاوبەش لە جێگەی "طیارە" بەکار بێت؛ بە هەمان شێوە بۆ تەندروستی و ساغلەمی، دەکرێ یەکێکیان لە جێگەی "صحة" بەکار بێت، یان بۆ ناوی نەخۆشی وەک شێرپەنجە و پەنجەشێر دەکرێ یەکێکیان لە جێگەی "سرطان" بەکار بێت. بۆ زاراوەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. دەکرێ لە دانانی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنیش بە هەمان ئاراستە هەردوو زار لە یەک نزیک بکرێنەوە.

هەوڵێکی دیکە بۆ نزیکخستنەوەی هەردوو زار لە یەک، تێکەڵکردنیانە بە فەرهەنگۆکی وشەی هەردوو زار؛ ئەمە هەتا ڕادەیەک دەکرێ ئەنجام بدرێ، بەڵام ئەمەش کاتێکی زۆر دەبات هەتا ئەم وشە هاتووە جێگەی خۆی لە زارەکەدا دەگرێتە؛ پێویستە ئەم وشەیە بخرێتە ناو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە ڕاگەیاندنەکانیش بەکاری بێنن بۆ ئەوەی هەموو خەڵک پێی ئاشنا بێت و بەکاری بێنن. نموونەی هەندێک لەم وشانەی کە لە کوردیی باکوور هاتوون لە کوردیی ناوەندی جێگەی خۆیان گرتووە، ئەمانەن: ڕەوش، پرس، خەبات، دۆز، بەها، ئاستەنگ، بیاڤ، پێڤاژۆ، ستران، مرۆڤ، جێوار، دەڤەر، چاخ، دەستپێک، ژێدەر، ئەڤین، نەیار، هەڤاڵ، دژوار، چەتوون، پاشڤەرۆ، پێشڤەچوو، ئاریشە، هزر، هێژا، دەلال، کەتوار، مژار، کەڤر، شاند، وەشانخانە، شرۆڤە، تژی، ئەفراندن، تەناهی، زێرەڤان، بزاڤ،.. تاد دەکرێ ئەم وشانە زیاتر وەربگیرێن بەتایبەت ئەوانەی کە لە کوردیی ناوەندیدا بەرانبەرەکەی نییە، یان وشەیەکی گونجاوی نییە. کۆمەڵێک وشەی کوردیی ناوەندییش لە کوردیی باکوور جێگەی خۆیان گرتووە و ئێستا بە ڕێکوپێکی بەکار دێن. ئالوگۆری وشەکان لە نێوان هەردوو زار هەنگاوێکی گرنگی نزیک خستنەوەیانە لە یەک.

هەندێک لەم هەوڵە بێسوودانە بۆ دروستکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد، جارێکی دی ئەم مەسەلەیە جەخت دەکاتەوە کە هەر لە سەرەتاوە پلانێکی زمان بە میتۆدیکی زانستی بۆ زمانی کوردی لە ئارادا نەبووە کە ئاگایی تەواوی بە چۆنیەتی کارکردن و پێشکەوتن و گۆڕانی زمان هەبێت، ئەم جۆرە هەوڵانە ئەگەر بە پلانیش بوو بێت، بەڵام بە پلانێکی زانستی نەبووە، هەر بۆیە هیچ بەرهەمێکی نەبووە و تەنیا کات و وزە بە فێڕۆدان بووە و قوتاییی کوردیش بۆ فێربوونی یەک زمانی کوردی تووشی سەر لێشێوان بووە.

سازکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو کورد، دەبێ ئەم زمانە هاوبەشە لێ بگەڕێین بەشێوەیەکی سروشتی خۆی دروست بێت، جارێ لە دۆخی ئێستا کە هەر بەشێکی کوردستان لە ژێرداگیرکاری و چەوساندنەوەی زمانیدایە و دوو ئەلفوبێی جیاوازی هەیە، هەرگیز ئەم زمانە هاوبەشە بۆ هەموو کورد پلانێکی گونجاو نییە، جارێ تەنیا بۆ باشوور دەبێ ئەم هەوڵە بدرێ. داهاتووش خۆی بڕیار دەدات کە کامە زاری کوردی ئەوەندە باڵادەست دەبێت و توانای ئەوەی هەبێت ڕۆڵی زمانێکی هاوبەش بۆ هەموو کورد لە سەرانسەریی کوردستاندا بگێڕێت.

## ٥. باڵادەستکردنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمدا

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان بۆ ناو عێراق، هاوکات هێز و دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزییش لە هەرێمەکە لە گەشەسەندن و هەڵکشانە. ئینگلیزی وەک زمانێکی بێگانە و زمانێکی جیهانی، کە ئەمڕۆ ڕۆڵی لینگوا فرانکا لە هەموو جیهاندا دەگێڕێ، بایەخی بەردەوام لە زیادبووندایە، چونکە زمانی پەیوەندیکردنە لە سەر ئاستی جیهاندا، هەروەها زمانی ئابووری و بازرگانییە، زمانی زانست و تەکنەلۆجیای زانیاری و بوارە ئەکادیمییەکانە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زمانێکی گرنگی گەشتیارییە لە جیهاندا، بۆیە پچڕانی

---

و پێی دەگوترێ تۆک پیزین Tok Pisin ئەم زمانە لەلایەن دوو ملیۆن خەڵکی ئەو وڵاتە وەک زمانی هاوبەش بە کار دێ، هەندێک خەڵک وەک زمانی دایکیش بە کاری دێنن (Comries, 1996: 150).

پەیوەندیی لەگەڵ ئەم زمانە، پچڕانە لە سەرچاوە زانستییەکان و پەیوەندییە جیهانییەکان. لە هەمان کاتدا، بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە ئینگلیزی لە جیهاندا هەیەتی، لەم سەردەمی بەجیهانیبوونە، بووە بە جێگەی هەڕەشە بۆ زمانە بچووکەکان و زمانی نەتەوە ژێردەستەکان کە زمانێکی گەشەکردوو و پێشکەوتوویان نییە، بۆیە هەندێک لە چاودێرانی زمان، پێیان وایە ئینگلیزی لەم سەدەیەدا ڕۆڵی بکوژی زمانەکان دەگێڕێ. بێگومان نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و زمانەکەی کە لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بە توندی سەرکووت کراوە و هەوڵی لەناوبردنی دراوە، تەنیا لە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێم کەشێکی ئازاد بۆ گەشەکردنی ڕەخساوە و ئێستا لە قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتندایە، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و عەقڵانی لەم هەرێمە سوود لەم زمانە جیهانییە وەرنەگیرێت، ئەوا بێگومان ئینگلیزی، بۆ زمانی کوردییش هەمان ڕۆڵی بکوژی زمانی دەبێت.
دەیڤید کریستال (Crystal 2003b) لە کتێبێکی بە ناوی "ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی" باسی ئەو مەترسییانە دەکات کە ئینگلیزی لە ئێستا و داهاتوو بۆ زمانەکانی دی لە دنیا دروستی دەکات، لەم بارەیەوە چەند مەترسییەک دەستنیشان دەکات: ١- زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی چینێکی تاک زمانە بەرهەم دێنێ کە تەنیا یەک زمان فێر بن و پێویست بە فێربوونی زمانی دیکە نەکات، ئەم چینە بە ڕادەیەک لە خۆی ڕازییە پێی وایە فێربوونی زمانانی دی کات بەفیڕۆدانە ٢- ئینگلیزی هەڕەشەیە بۆ زمانی کەمینەکان کە هێز و دەسەڵاتیان نییە، زمانەکانیان بێهێز و لاوازتر دەکات، چونکە خەڵک چیدی بەم زمانە بچووکانە ناخوێنێ و ڕوو لە زمانێکی بە دەسەڵاتی جیهانی دەکەن، ئەمەش وا لە زمانە بچووکەکان دەکات لە داهاتوو لەناو بچن ٣- ئەو کەسەی بە ئینگلیزی دەخوێنێ لە ڕووی زمانەوە بە دەسەڵاتترە لە کەسێک بە زمانێکی دی دەخوێنێ، چونکە زمان دەسەڵات دەدات بە ئاخێوەرانی، بۆیە ئەوانەی بە ئینگلیزی دەخوێنن لە بازاڕی کار و سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکان بە دەسەڵاتترن لەو کەسانەی بە ئینگلیزی ناخوێنن(Crystal 2003b: 14 - 25). لەم ڕوونکردنەوەیە کریستال ئاگاداری دەدات کە چۆن دەبێ لەگەڵ ئینگلیزی مامەڵە بکرێ، کە لە دوورمەودا دەبێت بە هەڕەشە بۆ زمانە بچووکەکان و ناسنامەی زمانیان بنکۆڵ دەکات و ناتوانن لەبەرانبەر زمانێکی بەهێزی وەک ئینگلیزی بەرگری بکەن، بۆیە وەرگرتنی زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی لە وڵاتەکەت پێویستی بە پلانێکی زمانی زانستی و سەردەمیانە هەیە بۆ ئەوەی بە ڕادەی پێویست لەم زمانە گرنگە سوود وەربگیرێ و نەبێت بە هەڕەشە بۆ زمان و ناسنامەی نەتەوەیی.
ئەگەر سەرنجی بارودۆخی زمانیی هەرێم بدەین کە بەمدواییە ئینگلیزی دەسەڵاتی بەخێرایی لە زیادبووندایە، دەکرێ زۆر بەڕوونی کاریگەرییە خراپەکانی ئەم زمانە لەسەر زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم بەدی بکەین.
لەم بەشە بەکورتی باسی ئەو یەکە خوێندنانە دەکەین کە زۆربەی بابەتەکانیان بە ئینگلیزییە، هەروەها ئاماژە بە بڕیارەکانی پەرلەمان و حکومەت دەدەین کە بەمدواییە دەرچوون لەپێناو باڵادەستکردنی ئینگلیزی لە هەرێمدا و کوردییش لە بەرانبەری پەراوێز خراوە.

## ٥. ١. قوتابخانە ئەهلییەکان و خوێندن بە ئینگلیزی

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان قوتابخانە ئەهلییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، کە بەشێکی زۆری ئەم قوتابخانانە زۆربەی بابەتەکانی خوێندنیان بە ئینگلیزییە و زمانی کوردییش زمانێکی لاوەکییە. هاتنی زمانێکی بە دەسەڵاتی وەک ئینگلیزی بەم فراوانییە لەم هەرێمە لە ڕێی ئەم قوتابخانانەوە، زەنگی مەترسی بوو بۆ زمانی کوردی کە دەبێت بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر گەشەکردن و پاشەڕۆژی زمانەکە.
یەکەم قوتابخانەی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن کۆمپیانیای فەزالەری تورکی دامەزرا، ئەم قوتابخانەیە ئەوسا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە تاکە قوتابخانە بوو، ژمارەی قوتابییەکانیشی زۆر نەبوو، بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ قوتابخانەی ئەهلی بەخێرایی زیادی کرد، چونکە ڕێگە درا بە کەرتی تایبەت قوتابخانە دامەزرێنن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پلانێکی زمانی بۆ زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەی هەرێم ( سەیری خشتەی هاوپێچ بکە).

| یەکە خوێندنە ناحکومییەکان(قوتابخانەی ئەهلی- خوێندن بە ئینگلیزی) لە هەرێمی کوردستاندا | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | ٢٠١٦ -٢٠١٧ | ٢٠١٧ - ٢٠١٨ | ٢٠١٨ - ٢٠٢٢ |
| باخچەی منداڵان | ١٠٧ | ١٢٥ | ١٥٢ |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | ٦٠ | ٩٤ | ١٢١ |
| قوتابخانەی ئامادەیی | ٣٥ | ٤٩ | ٧٢ |
| پەیمانگای ئەهلی | ٤٤ | ٤١ | ٧٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قوتابخانەی نێودەوڵەتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٧ |

**سەرچاوە: ئاماری ڕەسمیی وەزارەتی پەروەردە- حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئەگەر سەرنجی ئەم ئامارانە بدەین کە یەکەی خوێندنی جۆراوجۆر دەگرێتەوە وەک باخچەی منداڵان، قوتابخانەی بنەڕەتی، قوتابخانەی ئامادەیی، پەیمانگای ئەهلی، قوتابخانەی نێودەوڵەتی، کە هەر هەموویان بابەتە سەرەکییەکانی خوێندنیان بە ئینگلیزییە. ئەگەر تەنیا باخچەی منداڵان و قوتابخانەی بنەڕەتی بە نموونە وەرگرین، ژمارەیان لە هەرێم یەکجار بەرزە کە هەتا ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی باخچەی منداڵان گەیشتووە بە ١٥٢ باخچە، قوتابخانەی بنەڕەتی گەیشتووە بە ١٢١ قوتابخانە. ئەم ئامارە نیشان دەدات کە لە هەرێم هەر لە باخچەی منداڵانەوە زمانی دایک بنکۆڵ دەکرێ و بەپێی پێویست منداڵی کورد بە زمانی دایک پەروەردە ناکرێ.

ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەی پلانی فێرکردنی زمانە Acquisition planning که لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئەرکی دەسەڵاتە لە سیستەمی پەروەردە زمانێکی ستانداردی ئەو کۆمەڵگەیە بە منداڵان بدات و تاکێکی خوێندەوار بە زمانی نەتەوەکەی بەرهەم بێنێت، چونکە پرۆسەی وەرگرتن و فێرکردنی زمانی دایک لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێ دەکات، کە زۆر گرنگە لەم قۆناغە زمانی دایک بە باشی بە منداڵ بدرێ، کەچی لەم باخچانە زمانی ئینگلیزی بە منداڵان دەدرێ و زمانی خۆی بەچاکی فێر نابێت. دواتر ئەو منداڵە دەچێت بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی هەر بە ئینگلیزی بەردەوام دەبێت تا هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکات، بەم پێیە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن زمانێکی پتەوی دایک فێر نابێت، چونکە هەر لە بناغەوە لەجیاتی زمانی دایک، ئینگلیزی فێر دەکرێ. قوتابیی کورد هەیە لەم قوتابخانانە خوێندنی تەواو کردووە ناتوانێت بەچاکی بە کوردی قسە بکات. ئەم جۆرە پەروەردەیە سەرەڕای مەترسی بۆ سەر زمان، ڕەهەندێکی دیکەی دەروونی هەیە کە ئەو منداڵە لە باوەشی دایکی بە زمانی دایک، زمانی پڕاوە، و هەر لە سەرەتاوە مێشکی بەو زمانە گەشەی کردوووە، پێویستە لە پرۆسەی فێرکردندا بە هەمان زمان درێژە بە خوێندن بدات، کەچی لەم سیستەمە خوێندنە، زمانێکی ئەورووپی پێ دەدرێ کە هیچی لێ تێ ناگات، و لە زمانی سروشتیی هەست و دەروونی خۆی بێبەش دەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم قوتابخانانە هەر لەبەر ئەوەی بە زمانیکی بەهێز و بەدەسەڵاتی وەک ئینگلیزی دەخوێنن، ڕەواجی یەکجار زۆرە، ئەگەر هەر خێزانێکی کورد پارەی هەبێت پێی خۆشە و شانازییە بۆی منداڵەکەی لەم قوتابخانانە بخوێنێ و بە کوردی نەخوێنێ.

لە ململانێی زمانەکان، هەر زمانێک بە دەسەڵاتتر بوو، ئەو زمانە براوەیە، بە تێپەڕبوونی کات زمانە بێهێزەکە جێگە بۆ زمانە بەهێزەکە چۆڵ دەکات. بێگومان ئینگلیزی بەو هێز و دەسەڵاتەی لە هەرێمی کوردستان پێی بخوێنرێ، ململانێی زمان لەگەڵ کوردی دەکات و لێ ناگەڕێ بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات، چونکە ئینگلیزی لە هەموو ڕوویەکەوە لە کوردی بەدەسەڵاتترە، بۆیە ئینگلیزی کە دێتە ئەم ژینگە زمانییە، زمانە ناوخۆییەکان لاواز دەکات و دەبێت بە بەدیلێکی پێشکەوتووی زمانی، کە هەموو خێزانێک حەز دەکات منداڵەکەی ئەو زمانە فێر بێت کە بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکەی باشە نەک زمانێکی وەک کوردی فێر بێت کە ئەو دەسەڵات و پێگە زانستی و جیهانییەی نییە. ئەمە نەک هەر بۆ زمانی کوردی، تەنانەت بۆ زمانێکی بەهێزی وەک فەرەنسییش وایە، کە ئەمڕۆ لە بەرانبەر زمانی ئینگلیزی لە ئەفەریقیا و هەموو کۆلۆنییە پێشووەکان جێگە بۆ زمانی ئینگلیزی چۆڵ دەکات، و لە گۆڕەپانی جیهان پاشەکشێ دەکات؛ ئەگەر ئەمە حاڵی زمانی فەرەنسی بێت لە بەرانبەر ئینگلیزیدا، کەواتە زمانی کوردی لە بەرانبەر ئینگلیزی لەم هەرێمە بچووکە چۆن دەتوانی بەرگری بکات؟ چۆن دەبێ ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە هێز و دەسەڵاتی پێ بدرێ زمانی کوردی بنکۆڵ بکات؟

وەک دیارە لە کردنەوەی ئەم قوتابخانە ئەهلییانە لە لایەن حکومەتەوە هیچ پلانێکی زمانی ڕەچاو نەکراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و عەقڵانی سوود لەم زمانە جیهانییە وەربگیرێت کە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەیکەن، هیچ حیسابێکیش بۆ ئەوە نەکراوە کە بوونی زمانێکی باڵادەست و بەهێزی وەک ئینگلیزی دەبێت بە مایەی هەڕەشە بۆ زمانی کوردی. ئەگەر سەرنج بدەین، هەر دوای زیادبوونی ئەم قوتابخانانە بە ئینگلیزی لە هەرێمدا، زمانی کوردی کەوتە بەر گوشار و هوروژمی زمانی ئینگلیزییەوە، لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوەش هەوڵ درا ئینگلیزی بەشێوەیەکی فراوان بێننە ناو سیستەمی خوێندنی حکومی بەتایبەت بۆ بابەتە زانستییەکان، کە لە بەشەکانی داهاتوو باسی دەکەین.

زمان بە تەنیا ئامراز نییە، بەڵکوو ناسنامە و دەسەڵات و کولتوورە، بۆیە هەر وڵاتیک دەرگا بۆ هاتنە ناوەوەی ئەم زمانە بەهێزە واڵا بکات، کۆمەڵێک کێشەی پەروەردەیی و ناسنامەی زمانی و تەنانەت کۆمەڵایەتییش بۆ کۆمەڵگەکەی دروست دەکات. ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ناسنامەوە سەرنج بەین، ئەم قوتابخانانە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی بەرهەم دێنن، کە

جیاکاری لە جۆری خوێندندا دەکرێ، ئەوانەی لەم قوتابخانانە دەخوێنن پلەوپایەیان بەرزترە لەوانەی لە قوتابخانە کوردییەکان دەخوێنن، چونکە زمانەکە دەسەڵات بە قوتابخانەکە و بە خوێندکارانیشی دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، ئینگلیزی زمانێکە پاشخانێکی کۆلۆنیالی هەیە و هەڵگری کولتوورێکی تایبەتە کە کولتووری گەلانی ئەنگلۆ - ساکسۆنییە کە ئەمڕۆ بەریتانیا و ئەمەریکا و ئاوسترالیا و چەندین وڵاتی دی نوێنەرایەتی دەکەن، پەروەردەکردنی کۆمەڵگە بەم زمانە هەر لە منداڵییەوە، بێبەشکردنی لە زمانی دایک، کاریگەرییە کولتوورییەکانی ئەو زمانەش لەگەڵ خۆی دێنێت، وەک کولتووری زمانێکی باڵادەست خۆی دەنوێنی و زمان و کولتووری کوردی لە بەرانبەری بچووک دەبێتەوە.

ئەوەی روون و بەرچاوە، ئەم قوتابخانانە بەم پرۆگرامە خوێندنە کە ئینگلیزی زمانی سەرەکیی خوێندنە، هەڕەشەیەکی جددییە بۆ ئێستا و پاشەڕۆژی زمانی کوردی لە هەرێمدا. ئەگەر لە پێش ڕاپەرین، زمانی عەرەبی هەڕەشە بوو بۆ سەر زمانی کوردی، کە ڕژێم هەوڵی تەعریبی دەدا و کوردی پەراوێز دەکرد، ئەمڕۆ ئینگلیزی هەمان ڕۆڵی زمانی عەرەبی هەیە، بەڵکوو بەڕادەیەکی زیاتر لە عەرەبی، چونکە ئینگلیزی لە عەرەبی زۆر بەهێزتر و بەدەسەڵاتترە، خەڵک خۆویستانە و بە حەزێکی زۆرەوە بەرەو ئینگلیزی دەچێت.

لە پلانی زماندا، پاراستنی زمان لە هەڕەشەی زمانێکی بێگانە، ئەرکی یەکەمی دەسەڵاتە، وەک لە سەرەوە لە تیۆرەکانی پلانی زمان ئاماژەی پێ درا، کە دەبێ دەسەڵات پلانی هەبێت بۆ پایەدارکردن و چەسپاندنی زمان لە وڵاتدا، بەڵام لەم هەرێمە لە ئەنجامی نەبوونی سیاسەت و پلانی زمان، نەبوونی چاودێری بە سەر زمانەوە، دەزگاکانی حکومەت بە پێچەوانەوە کار دەکەن، لەجیاتی پاراستن و بەهێزکردنی زمانی کوردی، کار لەسەر لاوازکردن و پەراوێزخستنی دەکەن.

ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم دەیەوێ زمانی کوردی پاشەڕۆژی هەبێت، پێویستە سنوورێک بۆ دەسەڵاتی زمانی ئینگلیزی دابنێت کە لە ڕێی ئەم قوتابخانانەوە بۆ هەرێمەکە هاتووە؛ ئەگەر نەتوانێ قوتابخانەی ئەهلییش سنووردار بکات، پێویستە خوێندن لەم قوتابخانانە بە کوردی بکات، یان کوردی پشکی شێری بەر بکەوێت بۆ ئەوەی زمانی کوردی بۆ منداڵی کورد پلەی یەکەمی هەبێت لەم هەرێمە کە هەرێمی کوردستانە و وڵات و کۆلۆنییەکی ئینگلیز نییە.

لە هەموو دەوڵەت - نەتەوەکان پلانێکی تۆکمە و پتەویان بۆ خۆپاراستن لە زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی هەیە، هەرگیز ڕێگە نادەن ئینگلیزی بەم شێوەیە لە ناو وڵاتەکەیان زمانی نەتەوەییان لاواز بکات؛ ئەگەر ڕێگە بە کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلییش بدەن، ئەوا هەر بە زمانی نەتەوەیی دەبێت و ڕێگە نادەن منداڵەکانیان بە زمانێکی بێگانەی وەک ئینگلیزی پەروەردە بکرێن و زمانی نەتەوەیی خۆیان فەرامۆش بکەن.

## ٥ . ٢ . بەڕەسمیکردنی زمانی ئینگلیزی لە هەرێم

لە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١٢/٣١ ئەندامانی پەرلەمان (١٠٢ ئەندام) ئیمزایان لەسەر پرۆژە یاسایەک کرد(1) بۆ هەموارکردنی یاسای زمانە ڕەسمییەکان بۆ ئەوەی زمانی ئینگلیزی لەپاڵ زمانی کوردی لە هەرێم بکرێ بە ڕەسمی. لە خوارەوەش، هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە ئاماژەی پێ دراوە کە " لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەتەوەیی و قووڵکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردستانی ئەم یاسایە دەرچووێنراوە" (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٩)

بەڕەسمیکردنی زمانێک پرۆسەیەکی قورس و پرسەهڵگرە لە هیچ دەوڵەتێک وا بە ئاسانی تێناپەڕێنرێ وەک لە پەرلەمانی کوردستان بەبێ بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێکەوە ڕازی بوون و ئیمزایان کردووە ئینگلیزی بکرێ بە زمانی ڕەسمی لە هەرێم. زمانی ڕەسمی واتە باڵادەستترین زمان لەم وڵاتە کە زمانی کاروباری حکومەت و دادگاکان و سیستەمی کارگێڕی وڵاتە؛ دەبێ ئەم پرسیارە بکرێ: ئایا پێویست دەکات ئینگلیزی بەم هەموو دەسەڵاتەوە بێتە هەرێم و لەپاڵ زمانی کوردی بکرێ بە ڕەسمی؟ هۆکارەکەی ئاماژەی پێ دراوە کە لە پێناو قووڵکردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردستانییە، کە ئەمە هەرگیز هۆکارێکی مەنتیقی نییە، چونکە دەکرێ سوود لە ئینگلیزی وەربگیرێ بەبێ ڕەسمیکردنی، وەک لە هەموو وڵاتانی دنیا سوود لە ئینگلیزی وەردەگرن وەک زمانی دووەم بەبێ ڕەسمیکردنی لە وڵاتەکەیان.

ئینگلیزی تەنیا لەو وڵاتانە ڕەسمییە کە پاشخانێکی دوور و درێژیان لەگەڵ کۆلۆنی بەریتانی هەبووە و زمانەکە لە وڵاتەکەیان بووە بە زمانی دیفاکتۆ(زمانی ئەمری واقیع) کە ئێستا ناتوانن دەستبەرداری بن، وەک هیندستان، پاکستان، فلیپین، لە وڵاتانی دی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقیا وەک کێنیا، مەلاوی، نامیبیا، زامبیا، زیمبابوێ، باشووری ئەفەریقا، سوازیلاند، لێسۆتۆ، ئۆگەندە،.. تاد ئەم وڵاتانە ماوەیەکی درێژ لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنی بەریتانی بوون، ئینگلیزی زمانی باڵادەستی ئەو وڵاتانە بووە. لە لایەکی دیکەوە، لەم وڵاتە ئەفریقییانە پێکهاتەی دانیشتووانەکانیان کۆمەڵێک هۆز و

---

1 - ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن فەرهاد سەنگاوی کە ئەوسا سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بوو لە پەرلەمان، خرایە ڕوو.

عەشیرەتە، زمانێکی پێشکەوتووی نووسینیان نییە کە ڕۆڵی زمانێکی هاوبەش بگێڕێ بۆ هەموو پێکهاتەکانی دانیشتووانیان، هەر عەشیرەتێک زارێکی هەیە و جیاوازە لەگەڵ زاری عەشیرەتێکی دی، دەوڵەتی ئەفەریقی هەیە بیست عەشیرەتی هەیە، بیست زاری جیاوازیشی هەیە، هیچ یەک لە زارەکانیش نەبوون بە زمانێکی پێشکەوتووی نووسین و خوێندن، واتە هێشتا لە قۆناغی هۆز و لەهجەدان نەبوون بە نەتەوەی خاوەن زمانێکی پێشکەوتووی نووسین، بۆیە لە ناچاری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان هەر لە سەر زمانی کۆلۆنییەکە کە ئینگلیزییە ماونەتەوە.

لە هەندێک لەو وڵاتانەی کە لە پێشدا کۆلۆنی ئینگلیز بوون، هەوڵیان داوە دوای سەربەخۆبوون خۆیان لە زمانی ئینگلیزی ڕزگار بکەن و زمانێکی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان بکەن بە زمانی ڕەسمی. یەکێک لەم وڵاتە ئەفەریقییانە، تەنزانیا کە کۆلۆنی بەریتانی بووە، لە دوای سەربەخۆبوونی هەتا ماوەیەک، ئینگلیزی و سەواحیلی پێکەوە زمانی ڕەسمی بوون، تا لە ساڵی ١٩٦٧ حکومەتەکەی تەنیا زمانی سەواحیلی(1) بە زمانی نەتەوەیی و ڕەسمیی وڵاتەکە هێشتەوە، ئینگلیزی لە ڕەسمیبوون خست( Crystal 2003b: 126). لە هەندێک وڵاتی دی وەک هیندستان، ئینگلیزی حاڵەتێکی دیکەی هەیە؛ دوای سەربەخۆبوونی هیندستان لە کۆلۆنی بەریتانی لە ساڵی ١٩٤٧، بەنیاز بوون ئینگلیزییش کە زمانی کۆلۆنییەکەیە وەک زمانی ڕەسمی لە وڵاتەکە نەمێنێت، چونکە پێیان وابوو ئەم زمانە پاشماوەی کولتووری کۆلۆنییە. لەم ڕووەوە غاندی بە ئازارەوە باسی باڵادەستیی ئینگلیزی لە وڵاتەکەی دەکات و دەڵێ: لە دادگا دەبێ بە ئینگلیزی قسە بکەی، ئەگەر پارێزەر بم ڕەنگە نەتوانم بە زمانی خۆم بدوێم و دەبێ تەرجومانێکم هەبێ، ئایا ئەمە ناڕەوا نییە؟ ئایا ئەمە هێمای کۆیلەیی نییە؟ (Crystal 2003b: 124). ئەم تێڕوانینە بۆ زمانی ئینگلیزی لای سەرانی ڕزگاریخوازی هیندستان هەبوو، بۆیە دوای سەربەخۆیی، پلانێکی زمانیان دانا کە دوای ١٥ ساڵی دی، ئینگلیزی وەک زمانی ڕەسمیی لە وڵاتەکە لابچێت و لەجیاتی، زمانی هیندی بکەن بە زمانی نەتەوەیی و ڕەسمیی هەموو هیندستان، بەڵام بۆ ئەم پێشنیازە، نەتەوەکانی دیکەی هیندستان کە بە زمانی جیاوازی دیکە قسە دەکەن بە تایبەت لە باشووری هیندستان، ڕازی نەبوون، بۆیە پەرلەمانی هیندستان لە ساڵی ١٩٦٥ بڕیاری دا ئینگلیزی هەر بە زمانی ڕەسمیی بۆ هەموو هیندستان دەمێنێتەوە، بەڵام هیندی تەنیا لە باکووری هیندستان لەپاڵ ئینگلیزی زمانی ڕەسمییە، چونکە پێیان وابوو ئینگلیزی تاکە زمانە کە دەتوانێ ئەم وڵاتە فرەزمانە(١٥٠ زمانی هەیە، و لەمانە ٢٢ زمان ڕەسمییە) هەموو پێکەوە گرێ بدات، هەروەها لە سیستەمی ئیداریی وڵاتەکە و لە نێو زمانە جۆراوجۆرەکانی ناو هیندستان ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی بگێڕێت(Dwivedi, 2015: 11). لە ئەزموونی هیندستان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لەبەر هەلومەرجی فرەچەشنیی زمانەکانی هیندستان و نەبوونی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ هەموو نەتەوە و زمانەکانی ئەو وڵاتە، ئینگلیزی لە ناچاری بە ڕەسمی و زمانی هاوبەش ماوەتەوە.

مالیزیا وەک وڵاتێک لە ئاسیا کە پاشخانێکی درێژی لەگەڵ کۆلۆنی بەریتانی هەبووە، لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە دەست پێ دەکات تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، واتە زیاتر لە سەدە و نیوێک وڵاتێکی کۆلۆنی بووە. لە ساڵی ١٩٥٧ مالیزیا سەربەخۆیی بەدەست هێنا؛ لە سەرەتا زمانی مەلاوی وەک زمانی نەتەوەیی و ڕەسمیی وڵات ڕاگەیەندرا، بەڵام ئینگلیزی لەگەڵ مەلاوی هەر بە زمانی ڕەسمیی وڵات مایەوە. دەوڵەتی تازە دامەزراوی نەتەوەیی مالیزی، دەیەوێت لە دەسەڵاتی ئینگلیزییش ڕزگاری بێت؛ بە پلانێکی زمانی، ماوەی ١٠ ساڵ دادەنێن ئینگلیزی هاوشانی مەلاوی لە وڵات ڕەسمی بێت، ئیدی لە ساڵی ١٩٦٧ بۆ یەکجاری ئینگلیزی چیدی ڕەسمی نامێنێتەوە، لەوساوە هەتا ئێستا مەلاوی تاکە زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی مالیزیایە(Thirusanku & Yunus, 2014: 254 -255)، بەڵام ئینگلیزی وەک زمانی دووەم و زمانی بوارە ئەکادیمییەکان لە وڵاتەکە مایەوە و سوودی لێ وەرگیرا. ئێستا لە دوای زمانی مەلاوی، ئینگلیزی بەهێزترین زمانە لە مالیزیا. لە هاووڵاتییەکی ئاسایی تا خوێندکارێکی زانکۆ هەتا ڕادەیەکی باش توانای قسەکردن بە ئینگلیزیان هەیە، بەڵام مامۆستایەکی زانکۆ لە ئاستێکی ئەکادیمی ئینگلیزی بە چاکی قسە دەکات و توێژینەوەی پێ دەنووسێ. بەپێی توێژینەوەیەک بۆ ئاستی فێربوون و قسەکردن بە ئینگلیزی لە نێو وڵاتانی ئاسیادا، مالیزیا پلەی یەکەمی هەیە، لە دوای ئەوە هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشوور و یابان دێت( Thirusanku & Yunus, 2014: 255). بەم پێیە مالیزیا بە پلانێکی زمانی کارامە و زانستییانە لە دوای سەربەخۆیی وڵات، دەسەڵات و پلەوپایەی بۆ زمانی نەتەوەکەی گەڕاندەوە و لە وڵاتەکە چەسپاندی،

1 - زمانی سەواحیلی زمانێکی هاوبەش یان لینگوا فرانکای ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقیایە خەڵکێکی زۆر وەک زمانیکی هاوبەش قسەی پێ دەکەن. ئەم زمانە سەر بە خێزانە زمانی نیگرۆ – کۆنگۆیە کە یەکێکە لە خێزانە زمانە گەورەکان لە جیهان. ئەم زمانە لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقیا لەڕێی بازرگانی لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم وەک زمانێکی هاوبەش گەشەی کرد. سەواحیلی نزیک بە یەک ملیۆن کەس وەک زمانی یەکەم قسەی پێ دەکەن، بەڵام نزیک بە ٣٠ ملیۆن کەس وەک زمانی دووەم قسەی پێ دەکات. بێجگە لە تەنزانیا، زمانێکی رەسمیی وڵاتانی کێنیا و ئۆگەندایە، و لە بوروندی و مەلاوی و مۆزەمبیق و ڕواندا و سۆمال و ئەفەریقیای باشووریش قسەی پێ دەکەن.

لە هەمان کاتدا لە دەسەڵاتی ئینگلیزییشی لە وڵاتەکە کەم کردەوە لە ڕەسمیبوونی خست، بۆ ئەوەی چیدی ئینگلیزی دەسەڵاتدار نەبێ بەسەر زمانی نەتەوەکەی، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، تا ئەوپەڕی سوودی لە ئینگلیزی وەرگرتووە وەک زمانێکی جیهانی و زمانی دووەم، بەبێ ئەوەی ڕەسمی بێت. لەم پلانە زمانییە، بەهێزکردن و چەسپاندنی زمانی نەتەوە پلەی یەکەمی هەبووە، ئەوجا بە پلەی دووەم بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتەکە. یەکێک لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانکۆکانی مالیزیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پلانە زمانییە، کە ئێستا زانکۆی هەیە لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهاندا لە پلەبەندی ٧٠ دایە، لە سەر ئاستی ئاسیاش لە پلەبەندی ٧ دایە (Study in Malaysia, 2023).

ئەزموونی ئەم وڵاتانە بۆ ڕەسمیبوونی زمانی ئینگلیزی ئەمە نیشان دەدات کە هیچ وڵاتێک خۆویستانە نەیویستووە ئینگلیزی لە وڵاتەکەی زمانی ڕەسمی بێت، بەڵکوو لەناچارییە، چونکە هیچ وڵاتێکی سەربەخۆ نایەوێ زمانێکی بێگانەی بە دەسەڵات بە سەریەوە فەرمانڕەوا بێت. ئەگەر لە وڵاتە ئەفەریقییەکان کە لە ناچارییەوە دەستیان بە ئینگلیزی گرتووە چونکە زمانێکی هاوبەشی نەتەوەییان نییە، بەڵام کورد لە هەرێمی کوردستاندا زمانێکی پێشکەوتووی نووسینی نەتەوەیی هەیە، و پێویستی بە ئینگلیزی نییە ئەم ڕۆڵە زمانییەی بۆ بگێڕێت.

بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەڕەسمیکردنی ئینگلیزی، هیچ پاساوێکی زانستی و مەنتیقی نییە. ئەم پرۆژە یاسایە لە پەرلەمان بێ دیراسەکردن و پلانی زمان دەنگی بۆ دراوە و تێپەڕێنراوە، پێویستە جارێکی دی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ و هەموار بکرێتەوە.

## ٥. ٣. خوێندنی بابەتە زانستییەکان لە قۆناغی بنەڕەتییەوە بە ئینگلیزی

دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەتایبەت وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە چاولێکەری لە سیستەمی خوێندنی قوتابخانە ئەهلییەکان، کە زۆربەی بابەتەکان بە ئینگلیزی دەخوێنن، لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چەند بڕیارێکیان دەرکرد کە هەمووی پەراوێزخستنی زمانی کوردی بوو لە سیستەمی خوێندنی پەروەردە و خوێندنی باڵادا. وەزیری پەروەردەی هەرێم د .پشتیوان سادق بێ هیچ پلانێکی زانستی بۆ زمان و پەروەردە، خوێندنی هەردوو بابەتی زانست و بیرکاری بە سیستەمی ئینگلیزی لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ – ٢٠١٦) وەک تاقیکردنەوە لە ١٨٣ قوتابخانەی شار و شارۆچکەکانی هەرێم لە قۆناغی بنەڕەتیدا جێبەجێ کرد. ئەم خوێندنە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام دواتر بەهۆی نەبوونی مامۆستای ئینگلیزیزان، بەردەوام نەبوو و شکستی هێنا. لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم وەزیری نوێی پەروەردە ئالان حەمە سەعید لە ڕێککەوتی ١٩ ئابی ٢٠١٩ بڕیاری دا کە ئەم سیستەمە ئینگلیزییە بۆ خوێندنی زانست و بیرکاری لە قوتابخانەکان سەرکەوتوو نەبوو و وازیان لێ هێنا.

دەرکردنی بڕیارێکی لەم شێوەیە بەبێ پلانی زمان و پەروەردە هەر ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە سەدان هەزار قوتابی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خوێندنێکی ڕاستەقینەی زانست و بیرکاری بە زمانی دایک بێبەش بوون. ئەوانەی کە ئەم بەرنامەیان لە پەروەردە جێبەجێ کرد بە هیچ شێوەیەک دیراسەی ئەم بابەتە هەستیارەیان نەکردبوو، ئەگەر پرس و ڕاوێژ بە شارەزایانی زمان و پەروەردە بکرایە، نەدەبا ئەم هەنگاوە هەڵێنن کە هەر لە سەرەتاوە شکستی پێوە دیار بوو.

ئەوانەی ئەم بڕیارەیان دەرکرد نەک هەر میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیان دیراسە نەکردبوو، بەڵکوو هەر لە بایەخی زمانی دایک تێ نەگەیشتبوون کە چەندە گرنگە منداڵ لە قۆناغەکانی خوێندن زانست و بیرکاری بە زمانی دایک بخوێنێ و لێی تێ بگات، بە مێشک و بیرکردنەوەی زمانی دایک بابەتەکانی زانست شی بکاتەوە، بە زمانی دایکیش باسیان بکات و ڕوونی بکاتەوە، ئەوکاتە زانست تێگەیشتووە، بەڵام خوێندنی بە ئینگلیزی نەک هەر ڕێگرە بۆ منداڵەکە لە زانست تێ بگات، بەڵکوو کاتێکی زۆر و توانایەکی یەکجار زۆری دەوێ بۆ ئەو منداڵە ئەم زمانە بێگانەیە فێر بێ، جا چ جای ئەوەی بابەتەکانی زانست و بیرکاری پێ بخوێنێ و لێشی تێ بگات.

لە هەموو تیۆرە زمانەوانییەکان بایەخی زمانی دایک ڕوون کراوەتەوە، کە زمان و هزر پێکەوە گرێ دراون و ئەوەی بە مێشک بیری لێ دەکەینەوە بە زمان شی دەکەینەوە و دەریدەبڕین؛ مرۆڤ تا زمانەکەی خۆی بەوردی فێر بێت و بیخوێنێت، پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەر و ماددیدا بەهێزتر بێت، هەر بەو زمانەش مەعریفە و زانست باشتر و خێراتر وەردەگرێت. بۆیە خوێندن بە زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردە هیچ زمانێکی دی ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە، هەرچەندە ئەو زمانە زمانێکی جیهانی و زۆر گرنگیش بێت.

ئەمە بێجگە لەوەی سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەش وەرنەگیراوە کە هەمان بەرنامەیان بۆ خوێندنی ئەم دوو بابەتە لە قۆناغی بنەڕەتییەوە بە ئینگلیزی جێبەجێ کردووە و سەرکەوتووش نەبوون، باشترین نموونە وڵاتی مالیزیایە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی حکومەتی مالیزی مەهاتیر محەمەد ئەم بەرنامەیە بڕیاری لەسەر درا، و لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە قۆناغی بنەڕەتی جێبەجی کرا و دواتر گەیشت بە قۆناغی ناوەندی و هەتا ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بوو. مەبەستیان لەم بەرنامەیە ئەمە بوو کە ئینگلیزی زمانێکی گرنگە لە بواری زانست و بوارەکانی دیکەی وەک بازرگانی و

ئابووری،.. ، نەوەکانی داهاتوو لە مالیزیا لە پێشکەوتن لە دواوە دەمێننەوە ئەگەر ئینگلیزی باش نەزانن. ( Yunus, M. M., & Sukri, S. I. A., 2017: 134).

ئەم بەرنامەیە بۆ ماوەی شەش ساڵ بەردەوام بوو، دواتر لەلایەن زمانەوان و چالاکوانانی مالیزیا زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا، ترسی ئەوەیان هەبوو کە بەم بەرنامەیە، زمانی مەلاوی لە ڕووی زانست و بیرکارییەوە بێبایەخ دەکات، بۆیە لە ٧ ی مارتی ساڵی ٢٠٠٩ نزیک بە پێنج هەزار کەس لە کوالالومپور خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژ بەم سیاسەتە پەروەردەییە ئەنجام دا، چینییەکانی مالیزیاش لەم خۆپیشاندانە بەشدار بوون، ئەوانیش ترسی ئەوەیان هەبوو کە زمانی چینی بەم بەرنامەیە بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانی مالیزیا بایەخی کەم دەبێتەوە. دوای ئەم ناڕەزاییانە، حکومەتی مالیزی بڕیاری دا کە ئەم بەرنامەیە بۆ ساڵی ٢٠١٢ وازی لێ دێنن و دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی جاران و هەردوو بابەت بە زمانانی مەلاوی و چینی و تامیلی دەخوێنرێنەوە(Malaysia drops English, 2009).

سەرنەکەوتنی ئەم ئەزموونە لە مالیزیا لەبەر هەمان هۆکار بوو کە لە کوردستانیش هەمان هۆکار ئامادە بوو بۆیە بەرنامەکە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە وەک پێویست مامۆستای ئینگلیزیزانیان نەبوو بە تایبەت لە گوندەکان، ئاستی قوتابییان لە ئینگلیزی زۆر لاواز بوو بۆ تێگەیشتن لە چەمکە زانستییەکان بە ئینگلیزی، دەبوایە بە مەلاوی ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن، هەروەها شارەزایان بە گشتی پێیان وا بووە خوێندنی ئەم دوو بابەتە بە زمانی دایک منداڵ باشتر لێی تێدەگات تا بە زمانێکی بیگانەی وەک ئینگلیزی بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، خەڵک بەگشتی نارازی بوون بەم بەرنامە ئینگلیزییە و پێیان وابووە بێبایەخبوونی مەلاوی لە بواری زانستدا، زمانی نەتەوەیی مەلاوی لاواز و بێبایەخ دەکات ( Yunus, M. M., & Sukri, S. I. A., 2017: 135 -136)

ئەم ئەزموونە سەرنەکەوتووەی مالیزیا دەبوایە حکومەتی هەرێم بیکات بە سەرمەشقی خۆی، ئەویش هەمان ئەزموونی سەرنەکەوتوو لە کوردستان دووبارە نەکاتەوە؛ بەڵام وەک دیارە لە وەزارەتی پەروەردە پێی ناچێت دیراسەی ئەم ئەزموونە کرابێت و دەرسی لێ وەرگیرابێت، هەر بۆیە شەش ساڵ دوای ئەزموونی سەرنەکەوتووی مالیزیا، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ – ٢٠١٩ هەمان بەرنامەی خوێندن بە ئینگلیزی بۆ هەردوو بابەت لە قوتابخانەکانی هەرێم جێبەجێ کرد، ئەویش دوای سێ ساڵ بەردەوام بوون، لە زۆربەی قوتابخانەکان شکستی هێنا و گەڕایەوە سەر بەرنامەی پێشوو بە کوردی بخوێنرێ.

خوێندنی زانستەکان لە هەموو قۆناغەکان بە ئینگلیزی، بە ڕادەیەک لە دەسەڵاتی زمانی کوردی کەم دەکاتەوە کە ئیدی ئەم زمانە لە ڕووی زانستەوە هیچ بایەخێکی نابێت، لە نێو زمانە زیندووەکانی جیهانیشدا پلەوپایەی زمانێکی پێشکەوتووی نابێت، زمانەکە لە ڕووی زانستەوە پاشەکشێ دەکات و ئەرکەکانی بەرتەسک دەبێتەوە و تەنیا بۆ بابەتە ئەدەبییەکان بەکار دێت.

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە، وەک بڕیاری بە ڕەسمیکردنی ئینگلیزی لە پەرلەمانی کوردستان، بێ بیرکردنەوە و بێ پلانی پەروەردە و زمان جێبەجێ کراوە، بیر لە پاشەڕۆژی زمانی کوردی نەکراوەتەوە. تێڕوانینی ئەم وەزارەتە بۆ زمان، تێڕوانینێکی تاک ڕەهەندییە، تەنیا زمانی پێشکەوتوو دەبینن، ڕەهەندەکانی دیکەی زمان نابینن کە زمانی دایک بۆ پەروەردە گرنگە، منداڵ بە زمانی دایک باشتر فێر دەبێت تا بە زمانێکی بێگانە، زمان ناسنامەی نەتەوەیە، نەتەوە بە زمانەوە گرێ دراوە، ئەگەر زمان لاواز بکرێ، ناسنامەی نەتەوەش لاواز دەبێت.

## ٥. ٤. زمانی کوردی زمانێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ وەرگیران لە کۆلێجە زانستییەکان

ئەمجارە لە هەنگاوێکی دی بۆ باڵادەستکردنی ئینگلیزی و پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە، لە ڕێککەوتی ٢٠١٧/٣/٨ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی د. یوسف گۆران بڕیارێک دەردەکات کە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ قۆناغی دوازدەمی بەشی زانستی بۆ ئەوانەی دەچن بۆ کۆلێجە زانستییەکان، واتە قوتابی لە کۆی نمرەی بە دەستی هێناوە، دەتوانێ داوا بکات زمانی کوردی و عەرەبی بۆ حیساب نەکرێت( بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ١٠). ئەم بڕیارەش جارێکی دی بێنرخکردنی زمانی کوردی بوو لە بواری زانستدا، هەروەها کەمکردنەوە بوو لە پلەوپایەی زمانەکە لە بەرانبەر ئینگلیزیدا.

هەنگاو و بڕیارەکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەپێناو سەرخستن و باڵادەستکردنی ئینگلیزی تەنگیان بە کوردی هەڵچنی، کە ئەمەش زۆر هۆکاری لە پشتە، بەڵام گرنگترینیان بە تەئسیری زیادبوونی قوتابخانە ئەهلییەکانەوە بوو، کە لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا لە هەرێم بەبێ هیچ سیاسەت و پلانێکی زمانی کراونەتەوە، وەک باشترین جۆری خوێندن و قوتابخانە خۆیان دەنوێنن، کە ئەمەش بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە شکۆی زمانی کوردی درا، لە ئاست زمانی ئینگلیزی بوو بە زمانێکی ئارەزوومەندانە و لاواز و بێ هیچ پلەوپایەیەکی زانستی و ئەکادیمی.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئینگلیزی زمانێکی گرنگە بۆ خوێندنی زانستەکان، بەڵام ئەمە نابێ لەسەر حیسابی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوەیی بێت. لە وڵاتێک کە بە خوێن و شۆڕش مافی خوێندن بە زمانی دایک بە دەست هاتووە، کەچی ئەمڕۆ ئەم زمانە ئەوەندە بێ بایەخ سەیر بکرێ، کوردی بکرێ بە ئارەزوومەندانە و ئینگلیزییش ئیجباری بێت!.

لە پلانی زمانی هیچ قەوارەیەکی نەتەوەییدا نەبووە، زمانی نەتەوە لە ئاست زمانێکی بێگانەی وەک ئینگلیزی ئەوەندە بە کەم سەیر بکرێ. ئەمەش جارێکی دی بە پێچەوانەی پلانی پایەدارکردنی زمانە، کە دەسەڵات دەبێ زمان پلەوپایە و دەسەڵاتی پێ بدات و بەهێزی بکات و لە سیستەمی پەروەردە بیچەسپێنی.

## ٥. ٥. خوێندنی بابەتە زانستییەکان لە زانکۆ بە ئینگلیزی

کێشەیەکی دیکەی زمان لە زانکۆکانی هەرێم لە کۆلێجە زانستییەکانە، کە بابەتە زانستییەکانی وەک کیمیا، فیزیا، زیندەزانی، بیرکاری، ئەندازە، پزیشک.. بە ئینگلیزی دەخوێنن. ئەمەش کێشەیەکی زمانییە بۆ قوتابیی کورد کە لە هەموو ساڵەکانی خوێندن ئەم بابەتانەی بە کوردی خوێندووە و کاتێک دەگات بە زانکۆ لە بەشە زانستییەکان هەموو خوێندن دەبێتەوە بە ئینگلیزی. بۆ ئەو خوێندکارە کوردە کە ئینگلیزییەکەی باش نییە و بایی ئەوەندە فێری ئینگلیزی نەبووە لە ئاستی زانکۆ زانستەکانی پێی بخوێنێت و پێی بنووسێت و لە تاقیکردنەوەش هەر بە ئینگلیزی وەڵام بداتەوە، بۆیە پرۆسەی خوێندن جارێکی دی کۆسپی زمانی دێتەوە پێش.

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان، بابەتە مرۆییەکان لە زانکۆ کران بە کوردی، بەڵام بابەتە زانستییەکان هەتا ئیستا وەک خۆیان ماونەتەوە، لەم ڕووەوە تائێستا هەنگاوێکی عەمەلی نەنراوە بۆ ئەوەی بابەتە زانستییەکانیش بکرێن بە کوردی.

لە پلانی زمانی زۆربەی دەوڵەت – نەتەوەکان، هەموو بابەتەکان، زانستی و مرۆیی هەتا قۆناغی بەکالۆریۆس بە زمانی نەتەوەیە، تەنانەت لە هەندێک وڵات تێزی ماستەر و دکتۆراش هەر بە زمانی نەتەوە پشتگیریی لێ دەکرێ. ئەگەر سەرنج بدرێ لە وڵاتە هاوسێکانی کورد، وەک تورکیا، ئێران، سووریا، هەتا ڕادەیەک عێراقیش لە بواری خوێندنی زانستەکان لەسەر هەمان پلانی زمانی دەڕۆن. لەم حاڵەتە بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە هەمان پلانی زمان هەبێت، بۆ ئەوەی قوتابیی کورد لە خوێندنی زانستەکان تووشی داپچڕان نەبێت و کێشەی تێگەیشتن و وەرگرتنی زانستی بە زمانی خۆی نەبێت، کە ئەمە گونجاوترین ڕێگەیە بۆ فێربوون و پێشکەوتن لە بواری زانستدا. لە لایەکی دیکەوە، زمانی کوردی لە بواری زانستدا زۆر کەم خزمەت کراوە، ئەگەر زمانەکە لە ئاستێکی ئەکادیمی پێی بخوێنرێ، ئەوا لەم بوارەش ئەم کەلێنە پڕ دەبێتەوە و هەنگاوێکی گەورە دەچێتە پێشەوە.

لە زمانەوانی ئەم ڕاستییە چەسپاوە کە هەموو زمانەکان ئەگەر دەرفەتی پێشکەوتنیان بۆ بڕەخسێت وەک یەک دەتوانن گەشە بکەن و ببن بە زمان بۆ خوێندن و نووسینی هەموو بابەتێکی زانستی، بۆیە ئەمە ڕاست نییە کاتێک دەڵێن کوردی زمانی زانست نییە، یان سەرچاوە بە کوردی لە بواری زانستدا کەمە؛ چونکە هیچ زمانێک هەر لە سەرەتاوە زمانی زانست نەبووە، هەموو زمانێک کە بووە بە زمانی زانست، بە پلانی زمان و پشتگیری سیاسی و ئابووری لە لایەن دەسەڵاتێکەوە خزمەت کراوە و بووە بە زمانی زانست؛ کوردییش بە هەمان پلانی زمان لە بواری زانستدا پێش دەکەوێ، بەڵام پێویستی بە پلانی زمانە، کە ئەویش ئەرکی دەسەڵاتە ئەم زمانە لە بواری زانستدا پایەدار بکات و دەسەڵاتی پێ بدات بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەکادیمی لە زانکۆکان بخوێنرێ. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، کوردی لە باشوور لە هەموو بوارەکانی زانست بە ڕادەی پێویست زاراوەسازی بۆ کراوە، واتە کوردی زمانێکە ئامادەیە و ئەو توانایەی هەیە لە ئاستی زانکۆش بە کوردی هەموو زانستەکانی پێ بخوێنرێ و تەرجەمە بکرێ(ڕەسووڵ ٢٠١٩).

ئەزموونی زمانەکانی دنیا نیشان دەدات، ئەو وڵاتانەی لە ڕووی زانستەوە پێشکەوتوون، ئەو وڵاتانەن کە زانست لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی دایک دەخوێنن؛ وەک ئەمەریکا، ئەڵمانیا، هۆڵەندە، فەرەنسا، ڕووسیا، چین، یابان، کۆریا.. هەر یەک لەم وڵاتانە بە زمانی خۆیان زانستیان پێش خستووە، زمان نەبووە بە کۆسپێک لە ڕێی پێشکەوتنیان، بۆیە لای کوردیش ئەم پرۆسەیە پێویستە بە هەمان ئاراستە بێت، چونکە پێشکەوتن لە ڕووی زانستەوە بەو زمانەیە کە ئەو کەسە لە منداڵییەوە پێی بیر دەکاتەوە و هەر بەو زمانەش زانست دەخوێنێ کە زمانی دایکە، بۆیە باشترین زمانێک بۆ تێگەیشتن لە بابەتە زانستییەکان لە قۆناغی زانکۆش پێویستە بە هەمان زمانی دایک بەردەوام بێت.

جۆشوا فیشمان( Fishman 1987, Crystal, 2003a: 83) بۆ ئەو زمانانەی کە تەنیا زمانی فۆلکلۆر و شیعر و ئەدەبیاتن و بابەت زانستییەکانیان پێ نانووسرێت و ناخوێنرێت، زاراوەی بەفۆلکلۆرکردنی 'folklorization' بۆ داناوە. ئەم زاراوە بۆ ئەو زمانە ناوچەییانە بەکار دێت کە ڕێگەیان پێ نادرێ بکرێن بە زمانی سەردەم و لە هەموو بوارێکی زانستی ئەسپی خۆیان تاو بدەن. لەم ڕووەوە، زمانی کوردی قۆناغی فۆلکلۆری بڕیوە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان زانستی پێ خوێندراوە، کەواتە چیدی بە تەنیا زمانی فۆلکلۆر نییە و بووە بە زمانی زانست؛ بەڵام ئەگەر بەم پلانە زمانییە کە ئێستا دەسەڵات کاری بۆ دەکات، کوردی لە بواری زانست پەراوێز بخات، ئەوا بێگومان لە داهاتوو زمانەکە دەبێتەوە بە زمانی فۆلکلۆر.

وەزارەتی پەروەردە کاتێک لە ساڵی خوێندنی( ٢٠١٦ – ٢٠١٧)، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، هەردوو بابەتی زانست و بیرکاری لە زۆربەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە هەرێم کرد بە ئینگلیزی، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم گۆڕینە بۆ خوێندن بە سیستەمی ئینگلیزی، لەبەر ئەوە بوو، چونکە بابەتە زانستییەکان لە زانکۆ بە ئینگلیزی دەخوێنرێن، بۆیە بە پێویستیان زانی هەر لە سەرەتاییەوە زانستەکان بکرێن بە ئینگلیزی بۆ ئەوەی کاتێک قوتابی دەگات بە زانکۆ، لە خوێندنی زانستەکان کێشەی زمانی نەبێت. هەر لەم ڕوانگەوە، ئەگەر بابەتە زانستییەکان لە زانکۆ بکرێن بە کوردی، ئەم کێشە زمانییەش چارەسەر دەبێت، و ئەم مەترسییەش لەسەر پێشکەوتنی زمانەکە نامێنێ.
هەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەموو بابەتە زانستییەکان لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستان کراوە بە کوردی، و هەتا ئێستاش هەر بە کوردی دەخوێنرێن، بۆیە قوتابی کورد هەتا ڕادەیەکی باش بە کوردی بە زمانی زانست ئاشنا بووە و زمانەکەش لەگەڵ زاراوە زانستییەکان خۆی گونجاندووە، واتە لەسەر ڕێچکەی زانست جێگیر بووە و پێویستی بە پشتگیری و هەوڵی زیاتری کەسانی پسپۆڕ هەیە بۆ تەرجەمەی سەرچاوە زانستییەکان بۆ کوردی؛ بە پلانێکی دە ساڵی دەکرێ ئەم کەلێنە زانستییە لە بواری زانست پڕ بکرێتەوە.
سپۆلسکی(Spolsky 2021: 62) سەبارەت بە ئاراستەکردنی زمانێکی زانستی، ئاماژە بە ڕۆڵی پزیشک دەدات لە کەرتی تەندروستیدا، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەڕێوەبردنی زماندا، چونکە ئەوان لەگەڵ نەخۆش دەدوێن و چارەسەر و دەرمانی پێ دەدەن، ئەگەر بە زمانێکی ڕاست و ڕەوانی پزیشکی لەگەڵ نەخۆش بدوێن، دەتوانن زمانێکی زانستی ئاراستە بکەن و لە کۆمەڵگە جێگیری بکەن. بۆیە خوێندنی زانستەکان بە زمانی ئەو کۆمەڵگەیە، بایەخێکی زۆری هەیە لە پێشخستنی زمان لەم کۆمەڵگەیە و دامەزراندنی پەیوەندییەکی دروستی زمانی لەگەڵ تاکەکانی.
ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێت زمانی کوردی پاشەڕۆژی هەبێت و زمانێکی کەڵەگەت و باڵادەست بێت، پێویستە ئەم زمانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بکات بە زمانی زانست و توێژینەوەی زانستییشی پێ بنووسرێت، ئەگەر زمانێک زانستی پێ نەخوێنرێ و نەنووسرێ، زمانێکی باڵادەست نییە، وەک فیشمان ئاماژەی پێ داوە ئەم زمانە هەر بە زمانی فۆلکلۆر دەمێنێتەوە.

## ٥.٦. چۆن بایەخ بە ئینگلیزی بدرێ؟

دوای خستنەڕووی مەترسی و هەڕەشەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی لە هەرێمدا، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، لەم سیستەمە خوێندنە بە زمانی نەتەوە چۆن بایەخ بە ئینگلیزی بدرێ، چی بکرێ بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ خوێندن بە زمانی دایک، بایەخ بە زمانێکی گرنگی وەک ئینگلیزییش بدرێ؟ هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئینگلیزی یەکجار گرنگە بۆ ئێمە، هەرگیز کێشە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا نییە، کە زمانێکی جیهانیی باڵادەستە، بەبێ فێربوونی ئەم زمانە لە هیچ بوارێکی زانستدا ناتوانین پێش بکەوین؛ نزمیی ئاستی زانکۆکانیشمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نە مامۆستا و نە خوێندکار ئینگلیزییەکی باش نازانن، ناتوانن وەک پێویست سوود لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان وەرگرن. بایەخدان بە ئینگلیزی پێویستە بە پلەی یەکەم خەڵک خۆی هەوڵ بدات ئەو زمانە فێر بێت، ئەمە ئەرکی دەسەڵات نییە لەپێناو فێربوونی ئینگلیزیدا سیستەمی پەروەردە بە زمانی دایک بنکۆڵ بکات و هەڵیوەشێنێتەوە؛ هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەیی، لەپێناو فێربوونی زمانێکی جیهانی، زمانی نەتەوەیی میللەتەکەی بەم شێوەیە بێبایەخ ناکات. بایەخدان بە زمانێکی جیهانی وەک ئینگلیزی نابێ لە باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و دواناوەندی و ئامادەیی و بەکالۆریۆس بێت، دەکرێ لەم قۆناغانە ئینگلیزی وەک دەرسێک فێر بکرێ، بەڵام لە پۆلی پێنجی بنەڕەتییەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی لە قۆناغی پێشتر منداڵ زمانی دایک بە چاکی وەرگرێت، دوای ئەوە لە هەموو ساڵەکانی خوێندن وەک زمانی دووەم بایەخی پێ بدرێ؛ ئەم سیستەمە لە فێربوونی ئینگلیزی لە هەموو دەوڵەت نەتەوەکان بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێ. بەڵام لە ئاستی خوێندنی باڵا بۆ ماستەر و دکتۆرا دەکرێ بایەخێکی زیاتر بە ئینگلیزی بدرێ، پێویستە خوێندکار مەرجی بۆ دابنرێ کە دەبێ لە ئینگلیزی توانایەکی باشی هەبێت ئەوسا بۆی هەبێت درێژە بە خوێندنی باڵا بدات. ئەو مەرجەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دانرابوو کە قوتابی دەبێ لە تاقیکردنەوەی ئینگلیزیی ئایلیتس IELTS سکۆری (٤) ی هەبێت، ئەوجا بۆی هەبوو ماستەر یان دکتۆرا بخوێنێ، ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی لەم قۆناغە خوێندنە بایەخ بە ئینگلیزی بدرێ، بەڵام ئەم پلانەش دواتر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە بڕیارێک هەموار کرایەوە و لابرا، ئیدی دوای ئەمە بە لێشاو قوتابی لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا وەرگیرا بێ ئەوەی هیچ توانایەکی باشی لە ئینگلیزیدا هەبێت، کە ناتوانن سەرچاوەیەک بە ئینگلیزی سوودی لێ وەرگرن. واتە حکومەتی هەرێم لە پلانی بۆ بایەخدان بە ئینگلیزی بەپێچەوانەوە کار دەکات: لە قۆناغی باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی کە پێویستە زمانی دایک بە چاکی بدرێ بە منداڵ، لەوێ دەیکات بە ئینگلیزی، بەڵام لەو قۆناغەی کە دەبێ خوێندکار ئینگلیزی باش بزانێ، لەوێ بایەخی پێ نادات!.

## ٦. زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم و کێشەکانی

سەبارەت بە زمانەکانی دیکەی هەرێم وەک سریانی و تورکمانی، کە زمانی دوو گەلی تورکمانی و گەلی کلدان سریان ئاشوورن(1). ئەم دوو زمانە کە دوو زمانی غەیری کوردین و ئاخێوەرانیان بە ژمارە کەمن، بەڵام دوو پێکهاتەی گرنگی هەرێمی کوردستانن.

زمانەکانیان لە ماوەی حوکمڕانی بەعس لە عێراقدا هەوڵی ئەسمیلەکردنیان دراوە، زۆر لاواز بوون و مەترسی لەناوچوونیان لێ دەکرا، بەڵام لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمەوە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا ژینگەیەکی ئازادیان بۆ ڕەخسا ببوژێنەوە و گەشە بکەن. لە دوای ١٩٩٣ بەپێی بەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم، دوو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی سریانی و تورکمانی لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەم دوو پێکهاتەی هەرێم دامەزرا، و ڕێگە درا بە کۆمەڵگەی سریانی و تورکمانی لە ناوچەکانی خۆیان لە قوتابخانە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، لەم ماوەیەدا زمانەکانیان هەتا ڕادەیەکی باش بووژانەوە. ئەمە دەستکەوتێکی گرنگی حکومەتی هەرێم بوو کە بۆ مافی زمانی نەتەوە بە ژمارە کەمەکان مامەڵەی هەمان سیاسەتی حکومەتەکانی پێشووی عێراقی نەبووە، مافی تەواوی زمانیی نەتەوە بچووکەکانی داوە.

ئەم دوو زمانە، لە سیستەمی پەروەردە بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، هەموو بابەتەکان بە زمانی خۆیان دەخوێنن، تەنیا یەک دەرس بە زمانی کوردی دەخوێنن، کە ئەم جۆرە خوێندنە کۆمەڵێک کێشەی لە پەروەردە و لە زانکۆکان بۆ ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە دروست کردووە. ئەم دوو زمانە بۆ خوێندنی ئەکادیمی لە هەرێمدا هیچ زانکۆیەک نییە کە تەواوی خوێندنی بە زمانی سریانی و تورکی بێت، تەنیا یەک بەشی زمانی سریانی و تورکی لە زانکۆی سەڵاحەدین هەیە، بەشی زمانی تورکی لە کۆلێجی زمان لە زانکۆی سەڵاحەدین لەمێژە هەیە، بەڵام بەشی زمانی سریانی لە ساڵی ٢٠١٦ لە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین کراوەتەوە، بۆیە قوتابی دەرچووی ئەم قوتابخانانە، مژاریان زۆر کەمە بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئەکادیمی لە زانکۆکانی کوردستاندا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەر یەکێک لە دەرچووی ئەم قوتابخانانە کاتێک دەگات بە زانکۆ، کوردییەکی باش فێر نەبووە بۆ ئەوەی شانبەشانی قوتابییە کوردەکان لە زانکۆ درێژە بە خوێندن بدات، بە تایبەت بۆ بەشە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان وەک مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، ئابووری، سیاسەت، یاسا، .. کە ئەم زانستانە لە زانکۆ بە کوردی دەخوێنرێن، بۆ خوێندنی بابەتە زانستییەکانیش کە لە زانکۆ بە ئینگلیزی دەخوێنرێن، بەڵام بە کوردی دەگوترێنەوە، ئەمەش جارێکی دی کێشەیان بۆ دروست دەبێتەوە کە بە زەحمەت لەم زمانە کوردییە تێ دەگەن، چونکە ئەوان هەموو زاراوە زانستییەکانیان بە زمانی خۆیان خوێندووە و بە کوردی نایزانن. دواتر هەر ئەوانە کە لە زانکۆش دەردەچن و کاتێک لە قوتابخانەیەکی هەرێم دادەمەزرێن، جارێکی دی بۆ دەرسدانەوە بە کوردی کێشەی زمانیان دەبێت، چونکە زمانی کوردی باش فێر نەبوون. لە لایەکی دیکەوە، زیادبوونی قوتابخانە ئەهلییەکان بە ئینگلیزی کاریگەریی بۆ سەر زمانەکانی ئەوانیش هەیە کە زمانی کەمینەن، زمانێکی بە دەسەڵاتی وەک ئینگلیزی لە هەرێم زمانەکانیان لاواز دەکات. لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ چەند مامۆستایەکی قوتابخانەی شەمیران لە دیانا کە تایبەتە بۆ قوتابییە مەسیحییە ئاشوورییەکان، مامۆستایان یوئیل جەجۆ و ئیڤان جانێ و ڕیڤان جانێ (مەروان ٢٠٢٢، جانی ٢٠٢٢) لەبارەی ئەم کێشانە لێدوانیان دا کە کۆمەڵێک هۆکار هەیە بۆ پاشەکشێی خوێندن بە سریانی لە دیانا لەوانە: بەشێک لە خێزانەکان منداڵەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانانەی ئەهلی بە ئینگلیزی بخوێنن و واز لە خوێندن بە سریانی دێنن، هەروەها دوای تەواوکردنی خوێندن لە بازاڕی کار بە سریانی کاریان دەست ناکەوێت، چونکە زمانەکە لە هەرێمی کوردستان هێزی ئابووری نییە، لە لایەکی دیکەوە، دانیشتووانیان لە دیانا کەمە ١٥٠ ماڵێک دەبن و مامۆستای پێویستیان نییە بە سریانی دەرس بڵێتەوە بەتایبەت بۆ بابەتە زانستییەکان، لە ئەنجامی ئەم کێشانە قوتابخانە بە سریانی نەماوە و ئێستا هەموو بابەتەکان بە کوردی دەخوێنن تەنیا دەرسێک بە سریانی دەخوێنن لەگەڵ دەرسێکی دیکەی دینی. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی سریانی و تورکمانی، ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە واز لە خوێندن بە زمانی خۆیان دێنن و دەچن بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، یانیش دەچن بۆ قوتابخانە ئەهلییەکان بە ئینگلیزی دەخوێنن (پەترۆس ٢٠٢١،

---

1 - بێجگە لە زمانی سریانیی ئاشوورییەکان و تورکمانیی تورکمانەکان، زمانی نەتەوەی ئەرمەنی و عەرەبییش لە هەرێمدا هەیە. زمانی عەرەبی وەک زمانێکی باڵادەست و ڕەسمیی عێراق قوتابییەکانی هیچ کێشەیەکی زمانیان لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا نییە، چونکە دوای تەواوکردنی خوێندن، دەتوانن بچن لە زانکۆکانی دیکەی عێراق لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم درێژە بە خوێندن بدەن، هەرچی زمانی ئەرمەنەکانە کە نەتەوەیەکی بە ژمارە کەمن لە ناوچەی بادینان نیشتەجێن، بە ئەرمەنی ناخوێنن، تەنیا دەرسێکی ئایینییان لە قوتابخانەکان بە زمانی خۆیان هەیە.

داودۆکا ٢٠٢١، قادر ٢٠٢١)(1). ئەم پاشەکشێیە لە خوێندن بە زمانی سریانی و تورکمانی ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، بۆی هەیە لە داهاتوو زمانەکانیان بایەخی نەمێنێت و بەرەو تواندنەوە بچن، کە ئەمەش زیان بە پێکەوەژیان و هەمەچەشنیی زمانی و کولتووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

ئەگەر سەرنج لەم کێشە زمانییە بدرێ، بە ڕوونی دیارە هەر لە سەرەتاوە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم کە ڕێگە دراوە ئەم دوو کەمینە نەتەوەیە بە زمانی خۆیان بخوێنن، پلانێکی زانستییانەی دوورمەودا بۆ زمانی ئەم دوو پێکهاتەیە ڕەچاو نەکراوە، و بیر لە پاشەڕۆژی دەرچووەکانیان نەکراوەتەوە کە چۆن لە ژینگەی هەرێمی کوردستان دەتوانن بەم زمانانە درێژە بە خوێندن بدەن و دەرفەتی یەکسانیان بۆ کار پەیداکردن و دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان هەبێت. بۆیە دەکرێ بڵێین، ئەزموونی خوێندن بە دوازدە ساڵ بە زمانی خۆیان و فەرامۆشکردنی زمانی سەرەکیی هەرێمەکە لە پەروەردە، ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە.

لە سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان دابینکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ ئەم نەتەوە بچووکانە زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی زمانەکانیان پلەوپایەیان هەبێت و لە هەرێم جێگەی شیاوی خۆیان هەبێت، لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمیش زمانەکانیان بە بەردەوامی پێی بخوێنرێت و لە فەوتان بپارێزرێن.

لەپێناو چارەسەری ئەم کێشە زمانییە، وا چاکە لەم قوتابخانانە زمانی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆرتر بخوێنرێ، یان لەگەڵ خوێندن بە زمانی خۆیان هاوتەریب چەند بابەتێکی زیادە بە کوردی بخوێنن یان هەوڵ بدرێ نیوە بە نیوە بێت، بۆ ئەوەی قوتابییانی ئەم دوو نەتەوە غەیرە کوردە، ببن بە دوو زمانە، زمانی خۆیان بە چاکی فێر بن و زمانی کوردییش بە ڕادەیەکی ئەوتۆ فێری ببن و بتوانن بە ئاسانی لە زانکۆکانی هەرێم درێژە بە خوێندن بدەن.

ئەگەر سەرنج بدرێ لە زمانی نەتەوە بچووکەکان لە ئەوروپا کە لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی گەورەتری سەردەست دەژین، هەمان پلانی زمانی پیادە کراوە. دەکرێ لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی گەلێکی کۆن و بچووکی ئەوروپی بدەین کە گەلی ڕۆمانشیە لە سویسرا و لەگەڵ سێ نەتەوەی دیکەی ئەڵمانی، ئیتاڵی، فەرەنسی دەژین.

گەلی ڕۆمانشی بە ژمارە کەمن و نزیک بە ٧٠ هەزار کەس دەبن، بە پەرشوبڵاوی لە هەردوو هەرێمی ئەڵمانئنشین و ئیتاڵینشین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سویسرا نیشتەجێن. زمانی ڕۆمانشی لە سویسرا، زمانی چوارەمی ڕەسمیی وڵاتەکەیە. لەم وڵاتە دیموکراتییە فرەنەتەوە و فرەزمانە، بۆ مافی زمان، هەر سێ نەتەوەی باڵادەست: ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتاڵی لە هەرێمی کۆنفیدرالی خۆیان، زمانەکانیان ڕەسمییە بۆ خوێندن و هەموو کاروبارێک، بەڵام زمانی ڕۆمانشی بەهۆی کەمیی ژمارەی ئاخێوەرانی و کەمیی توانای زمانەکەیان لە بواری خوێندنی ئەکادیمی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەرەو لاوازی دەچێت، بۆیە حکومەتی کۆنفیدرالی سویسرا بۆ پاراستنی ئەم زمانە، ساڵانە حەوت ملیۆن فرەنکی سویسری بۆ تەرخان کردووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە کە زمانەکەیان قەوارەی بچووکە و دەسەڵاتی ئابووری و ئەکادیمی نییە، لە سیستەمی پەروەردە، گونجاو نییە هەموو بابەتەکانی پەروەردە بە زمانی خۆیان بخوێنن، بۆیە ئەوان لە پرۆگرامی خوێندنی ئەو هەرێمەی لێی نیشتەجێن، خوێندنیان بە زمانی خۆیان و زمانی باڵادەستی هەرێمەکەی لێی دەژین تێکەڵ دەخوێنن؛ بۆ نموونە لە کانتۆنی گراوبوندن Graubünden لە هەرێمی ئەڵمانئنشینی سویسرا بەم شێوەیە بە ڕۆمانشی دەخوێنن: لە باخچەی منداڵان لە ١٠٠٪ بە ڕۆمانشی، لە سێ ساڵی یەکەمی سەرەتایی لە ١٠٠٪ بە ڕۆمانشی، دواتر لە ساڵانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم هاوتەریب لەگەڵ ئەڵمانی دەخوێنن بەڕێژەی ٨٥٪ ڕۆمانشی و لە ١٥٪ بە ئەڵمانی، لە قۆناغی ناوەندی دەبێت بە ٥٠٪ ی ڕۆمانشی و ٥٠٪ بە ئەڵمانی، لە قۆناغی دواناوەندییش ڕێژەی ئەڵمانی کەمێک زیاتر دەبێت، لە ٦٠٪ بە ئەڵمانی و ٤٠٪ بە ڕۆمانشی (Gross, 2004:49). (سەیری خشتەی هاوپێچ بکە). بەم پێیە ئەو قوتابییە ڕۆمانشییە ماوەی خوێندنی دوازدە ساڵ لە سیستەمی پەروەردە دوو زمانەیە و هەردوو زمان بە چاکی فێر دەبێت، کە بەم ڕێگەیە توانیویانە هاوسەنگی دروست بکەن لە نێوان پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەییان و پێشکەوتنیان لە ژیانی ئەکادیمی و سیاسی و ئابووری و کار پەیداکردن لە چوارچێوەی ئەو هەرێمە ئیدارییەی لێی دەژین، کە هەرێمێکی ئەڵمانی زمانە لە سویسرا.

ئەگەر لە هەرێمی کوردستان هەمان پلانی زمانی ڕۆمانشی بۆ زمانی نەتەوەکانی کلدان، سریان، ئاشووری و تورکمانی جێبەجێ بکرێ زۆر سەرکەوتووتر دەبن لەو بەرنامەیەی کە ئێستا پیادە دەکرێ، کە لە ٩٠٪ ی بابەتەکانی خوێندن بە

1 - چاوپێکەوتن لەگەڵ نزار حەنا پەترۆس بەڕێوەبەری گشتیی خوێندن و فێرکردنی زمانی سریانی لە ڕێککەوتی ١٩-١٠-٢٠٢١، هەروەها لەگەڵ فخرالدین بهاءالدین قادر بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت بۆ خوێندن و فێرکردنی زمانی تورکمانی لە ڕێککەوتی ٢١-١٠-٢٠٢١. هەردوو بەڕێز بەپێی ئەو ئامار و داتانەی کە لەبەردەستیاندا بوو ئەم ڕاستییەیان درکاند کە خوێندن بە زمانی خۆیان لە هەرێم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە بووەتەوە، کە یەکێک لەوانە کادری پێویستیان نییە، قوتابییەکانیان وەک پێویست لە زانکۆکانی هەرێم ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن.

زمانی خۆیان دەخوێنن، ئەم پرۆگرامە خوێندنەش لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا بۆ زمانی ئەم دوو نەتەوەیە، دەرکەوتووە ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووە.




قوتابخانە بە زمانی ڕۆمانشی لە هەرێمی گراوبوندن Graubünden ی ئەڵمانشینی سویسرا.

## ٧. فرەڕێنووسی لە نووسین و بڵاوکردنەوەدا

ڕێنووسی کوردی(کوردیی ناوەندی) کە لەسەر ئەلفوبێی عەرەبی هەموار کراوە، ئەم ڕێنووسە بەرهەمی نزیک بە یەک سەدە هەموارکردنە لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی زمانەکە. یەکێک لە وێستگە گرنگەکانی هەموارکردنی ڕێنووس لە حەفتاکان لەلایەن کۆڕی زانیاریی کوردەوە بووە کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایان بۆ چۆنیەتی نووسین و پێکبەستنەوەی وشەکان دانا؛ دواتر ئەم هەوڵانە زیاتر پەرەی پێ درا. ئەکادیمیای کوردی لە کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی لە ڕۆژانی ١٢ /٤ و ٩ /٨ ساڵی ٢٠٠٩ دا نزیکەی سەد زمانەوان و نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ و پسپۆران و شارەزایانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشدارییان تێدا کرد، لەم کۆنفرانسە، کۆمەڵێک یاسای دیکەیان بۆ ڕێنووسی کوردی دانا و لە نامیلکەیەکدا بڵاویان کردەوە (بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی ٢٠١٠). بەم پێیە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا شێوە ڕێنووسێکی ستاندارد بۆ نووسینی کوردی لەسەر ئەلفوبێی عەرەبی ساز کراوە، و زۆرینەی زمانەوان و شارەزایان لەسەری کۆدەنگیان هەیە، ئەگەر هەندێک کەموکووڕیشی مابێت، ئەمانەش دەکرێ چارەسەر بکرێن، چونکە پرسی ڕێنووس زیاتر ڕێککەوتنە، کەمتر کێشەی دەنگ و فۆنیمە، کەواتە کێشەی ڕێنووس هەرچی بێت دەکرێ بە ڕێککەوتن چارەسەر بکرێت.

سەرەڕای ئەم هەموو هەموارکردنەی ڕێنووس، کەچی ئەمڕۆ ڕێنووسی کوردی دوچاری ئاژاوەی نووسین بووە؛ هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن شێوە ڕێنووسێکی خۆی هەیە، هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەک ڕێنووسێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، خەریکە هەر نووسەرێک، ڕێنووسێکی خۆی دەبێت؛ هەر کەس و لایەنێک ڕێنووسی خۆی پێ ڕاستە و ئیعتیراف بە ڕێنووسی یەکێکی دی ناکات. تەنانەت ئەکادیمیای کوردییش لە بڵاوکراوەکانیان (کتێب و گۆڤار) بە ڕێنووسی خۆیان پابەند نین کە لەم دەزگا زمانەوانییە بڕیاری لەسەر دراوە. ئاژاوەی ڕێنووس زەمینەی خۆش کردووە بۆ هەموو کەسێک ئەوەی دەستی قەڵەمی بگرێت لەسەر ڕێنووس قسە بکات و ڕای خۆی هەبێت، و بە ئارەزووی خۆی یەک واو (و) و دوو واو (وو)، یان یەک یا (ی) و دوو یا (یی) بۆ نووسینی کوردی زیاد دەکات، یان لایدەبات. ئاژاوەکە بە ڕادەیەکە هەر چۆن بنووسی بە هەڵە دانانرێ، چونکە ئەوەندە شێوە ڕێنووسە هەیە. ئەم دۆخە بێسەروبەرە لە بواری ڕێنووسدا بە ڕوونی دیارە، ئەو کەلێنە گەورەیە کە لە بواری پلانی زماندا هەیە، هەر دوو لایەنی بەرپرس: ئەکادیمیای کوردی و دەسەڵات بۆیان نەکراوە ئەم ئەرکە زمانەوانییە یەکلا بکەنەوە و زمانەکەش لەم ئاژاوە بێکۆتاییە ڕزگار بکەن.

ئاژاوەی ڕێنووس لەبەر خراپی و کەموکووڕیی ڕێنووس نییە، بەڵکوو نەبوونی دەزگای جێبەجێکارە کە دەسەڵاتە دەبێ ئەم ڕێنووسە ستاندارده بە سەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت بسەپێنێت و گشتگیری بکات. لە پلانی زمان، ساغکردنەوەی یەک شێوەڕێنووس ئەرکی خوارەوە بۆ سەرەوەیە، واتە لە خوارەوە زمانەوانان لە ئەکادیمیای زمان لەسەر شێوە ڕێنووسێکی ستاندارد ڕێک دەکەون و دەیدەن بە سەرەوە کە دەسەڵاتە ئەم ڕێنووسە ستاندارده لە هەموو دەزگاکانی حکومەت و هەموو خانەی بڵاوکردنەوە و گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان جێگیر دەکات؛ بە بڕیارێک داوا دەکات کە دەبێ هەموو لایەک لەسەر ئەم ڕێنووسە بڕۆن و نابێ هیچ کەناڵ و خانەیەکی بڵاوکردنەوە ڕێنووسی خۆی هەبێت، هەروەها داوا دەکات لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە یەک ڕێنووسی یەکگرتوو، کتێب چاپ بکەن بۆ ئەوەی قوتابیی کورد فێرە یەک شێوە ڕێنووس بێت. تەنیا لەم ڕێگەوە دەکرێ سنوور بۆ ئەم ئاژاوەیە دابنرێت و ئەو شێوە ڕێنووسەش بکرێت بە ڕێنووسێکی ستانداردی کوردی.
ئەگەر ڕێنووس یەکگرتوو نەبێت، زمانی کوردی لە بواری ئای تی (IT) یش پێش ناکەوێت، چونکە کاتێک لە کۆمپیوتەر هەڵەبژێری ڕێنووس spell checker بۆ نووسینی کوردی دادەنرێت، نازانرێ کامە ڕێنووس ڕاستەکەیە تا نووسینەکە هەڵەبژێری بکات و ڕاستی بکاتەوە. تەنانەت لە گەڕان لە گووگلیشدا هەمان کێشەی هەیە، بۆ هەر وشەیەک دەبێ بە چەند جۆر ڕێنووس بینووسی هەتا ئەو وشەیەی مەبەستە گووگل دەیدۆزێتەوە.
زۆر گرنگە هەنگاوی یەکەمی حکومەت بۆ پێشخستن و پلانسازی زمان ئەوە بێت، زمانی کوردی لە ئاژاوەی ڕێنووس ڕزگار بکات، چونکە ئەم ڕێنووسە لە ٢٠٠٩ ەوە لە ئەکادیمیا بە کۆدەنگی پەسند کراوە تا ئێستا دەسەڵات هیچ کارێکی بۆ نەکردووە ئەم ڕێنووسە ستاندارده بە بڕیارێک لە هەموو دامودەزگاکان بچەسپێنێت. هەتا دەسەڵات لەم کێشەیە خەمسارد و بێباک بێت، ئاژاوەی ڕێنووس زیاتر و زیاتر دەبێت. بەبێ ڕێنووسێکی تۆکمە و یەکگرتوو، مەحاڵە نووسین و زمان یەکگرتوو بێت و پێش بکەوێت.

## ٨. بێسەروبەری لە ڕۆنانی زاراوەی زانستیدا

ڕۆنانی زاراوەی نوێ، بوارێکی زمانەوانیی پسپۆڕییە، ئەوانەی پسپۆڕی بوارێکی زانستن زاراوە دادەنێن و لە ئەکادیمیای زمان پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ و یەک دەخرێ، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم بوارەش تووشی بێسەروبەری و ئاژاوە بووە. هەر بوارێکی مەعریفی کە بۆ یەکەمجار دێتە ناو زمانی کوردی و لەسەری دەنووسرێ، کاتێک زاراوەی پێویست لەم بوارە نییە، ناچار هەر نووسەرە و لە لای خۆی زاراوە دادەنێت؛ بەهەمان شێوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش کە باسی بابەتێک دەکەن و زاراوەی پێویستیان لەبەردەستدا نییە، ناچار بە ئارەزووی خۆیان زاراوە دادەنێن، بۆیە دەبینین بۆ یەک چەمکی زانستی، کە یەک زاراوەی پێویستە، کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز دانراون. بەم پێیە لە ئەنجامی نەبوونی یەک سێنتەری زاراوەسازی، کۆمەڵێک زاراوەی ناپێویست دێتە ناو زمانەکە و بڵاو دەبێتەوە، ئیدی خەڵک نازانێ کامەیان ڕاستەکەیە، هەتا ئەم هەموو زاراوە ناپێویستەش ساغ دەکرێنەوە و یەک دەخرێن، جارێکی دی کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی زمانەکە دروست دەکاتەوە. هەندێک کەس پاساوی نازانستی بۆ ئەم دیاردە زمانییە دێننەوە و دەڵێن: بوونی ئەم هەموو زاراوە بۆ یەک چەمکی زانستی، دەوڵەمەندیی زمانە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە دەوڵەمەندیی زمان نییە، ئەمە ئاژاوەی زمانە، زمان پێویستی بەم هەموو زاراوە زیادەیە نییە لێی بار بکرێت.
لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە گەڕەلاوژەی ڕێنووس دەکەین: بۆ نموونە بۆ وشەی "ضغط" ی عەرەبی لە سەرەتادا لە سییەکان لە کتێبی پرۆگرامی خوێندن وشەی " پاڵەپەستۆ " ی بۆ دانرا، وەک: پاڵەپەستۆی هەوا، ئاو، خوێن، .. دواتر وشەی دیکە بۆ ئەم چەمکە زانستییە پەیدا بوون، وەک: پەستان، فشار، گوشار، زەخت، تەوژم.. کە ئەمانەی دوایی هیچیان پێویست نەبوون. ئێستا ئەگەر لە گوگل بۆی بگەڕێی هەموو ئەم زاراوانە وەک یەک بۆ پاڵەپەستۆی خوێن بەکار دێن، واتە بۆ یەک چەمکی زانستی شەش زاراوە دانراوە. بۆ وشەی "لهجة" ی عەرەبی لە سەرەتادا وشەی "زار" بەکار هاتووە، دواتر چەندین وشەی دی بۆ دانرا وەک زاراوە، زاراوا، شێوەزار، دیالێکت، دەڤۆک، گۆڤەر،.. هەتا دێ وشەی نوێتر دەردەکەوێ. ئەم زاراوانە هێشتا ساغ نەکراونەتەوە کە بۆ چ جۆرە زارێک بەکار دێن، بۆ زارێکی سەرەکییە یان زارێکی ناوچەیی، هەر نووسەرە و بەپێی تێگەیشتنی خۆی ئەم زاراوانە مانا و چەمکی زانستی پێ دەبەخشێ. زۆربەی زاراوە زمانەوانییەکان وایان بەسەر هاتووە، هەر زمانەوانێک بۆ هەر چەمکێکی زمانەوانی زاراوەیەکی بۆ دادەنێ و دەیخاتە ناو نووسین و فەرهەنگی زاراوەی زمانەوانییەوە. بۆ وشەی "سيرة حياة" عەرەبی لە سەرەتا وشەی ژیاننامەی بۆ دانرا، ئەوجا بوو بە ژیننامە، دواتر ژیناوەری-یش پەیدا بوو، کە ئەمەی دوایی پێویست نەبوو، چونکە ژیاننامە یان ژیننامە جێگەی خۆی گرتبوو و پێویستیی ئەم چەمکەی لە زمانەکە پڕ کردبووەوە، ئەمجارە وشەی بیۆگرافی-یش پەیدا بوو، کە ئەمەش پێویست نەبوو. بۆ وشەی "مفكر" ی عەرەبی لە سەرەتا هیچ زاراوەیەک نەبوو، بیرمەندی بۆ دانرا، ئەوجا بیریار – یش

بەکار هات، ئەوجا بیرەوان – یش پەیدا بوو؛ ئێستا سێ زاراوەی کوردی لە "بیر"ەوە بە سێ پاشگری جیاواز بۆ "مفکر" ی عەرەبی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وشەی "بیرکەرەوە"ش جاروبار بەکار دێت، سەرباری ئەمانە هزرڤان-یش بەکار دێت کە لە کوردیی باکوورەوە وەرگیراوە، دواتر هەر ئەم هزرڤانە بوو بە هزرکار، لەوانەیە لە داهاتوو، هزروان و هزرمەند و هزریار-یش دەرکەوێت. واتە لە هەر پاشگرێکی: مەند، یار، ئەوان، کار،...تاد هەر کەسێک لای خۆی زاراوە دروست دەکات. ئایا ئەم هەموو زاراوە بۆ "مفکر" لە زمانێکدا هەبێت پێویستە؟ ئەمە پێویست نییە، ئەمە گەرەلاوژەی زاراوەسازییە. بۆ وشەی "باحث" ی عەرەبی، ئەویش بە هەمان شێوە دوچاری فرەزاراوەیی بووە. لە سەرەتادا "لێکۆڵەر"ی بۆ دانرا، لە چاوگی "لێکۆڵینەوە" وەرگیراوە، دواتر لە توێژینەوە، توێژەر-یش پەیدا بوو، ئەوجا هەردوو زاراوە بە شێوەی "لێکۆڵەرەوە" و "توێژەرەوە" ش بەکار دێن، هەندێک جار وەک "کۆڵەر" و "تۆژەر" یش بەکار دێن. لەسەر ئەم هەموو زاراوەیە وشەی "باسکار" یش هەر بۆ هەمان مانا بەکار هات، بەڵام ئەمەی دوایی کەمتر بەکار دێت. واتە بۆ یەک زاراوەی وەک "باحث researcher " لە کوردیی ناوەندیدا حەوت زاراوە هەیە، هەر نووسەرێک بەپێی مەیل و ئارەزووی خۆی یەکێکیان پەسند دەکات و بەکار دێنێ. تەنانەت زاراوەی key words کە بەم دواییە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان بەکار هات، ئەویش هەر گۆڤارێکی ئەکادیمی بە جۆرێک تەرجەمەی کردووە و بەکاری دێنێ، وەک: وشە کلیلەکان، وشە سەرەکییەکان، وشەگەلی سەرەکی،... زاراوە زانستییەکانی بوارەکانی دیکەش وەک یاسا، کشتوکاڵ، ئابووری، کۆمەڵناسی، ئیدارە .. وای بەسەر هاتووە. وەک دیارە ئەم بوارەش بە هۆی نەبوونی پلانی زمان و نەبوونی یەک سێنتەری زاراوەسازی، گەرەلاوژەی زاراوەی بۆ زمانەکە دروست کردووە.

ئەم بوارەی زمانیش پێویستە لە ئاژاوە و بێسەروبەری ڕزگار بکرێت و وەک بەشێکی پسپۆری چاوی لێ بکرێت، سنوورێک دابنرێت کە ئیدی هەموو کەسێک بۆی نەبێت زاراوە دابنێت. زمانەوانان لە ئەکادیمیای زمان پێویستە ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، هەر جارەی لیستێک لە زاراوە زانستییەکان بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی بۆ زاراوەی زانستی هەموو نووسەر و وەرگێڕێک بگەڕێنەوە بۆ ئەکادیمیا. هەروەها گرنگە زاراوەکان یەک بخرێن و ئەوانەی چەندین زاراوەی جیاوازیان بۆ دانراوە، یەکێکیان بەکار بێت و ئەوانی دی وازی لێ بهێنرێ و چیدی بەکار نەیەن.

لە پلانی زمان زاراوەسازی ئەرکی خوارەوەیە، واتە ئەرکی نووسەر و زمانەوانی پسپۆری بوارە زانستییەکەیە زاراوە دابنێ و ئەکادیمیای زمانیش زاراوەکان پێداچوونەوەی بۆ بکات لە فەرهەنگێکدا چاپی بکات و بڵاوی بکاتەوە. لە بەرنامەی کاری ئەکادیمیای کوردی، لیژنەی زاراوە هەیە کە بەرپرسە لە دروستکردنی زاراوەی نوێ، ئەم لیژنەیەش لە ئەکادیمیا وەک پێویست ئەرکی خۆی جێبەجێ ناکات، بەهۆی چالاک نەبوونی ئەکادیمیا، ئەم بوارەش لە زمانی کوردی بووە بە پسپۆریی هەموو کەسێک.

## ٩. پەتیکردنی زمان بەتوندی

پەتیکردنی زمان لەگەڵ بەستاندارکردنی زمان دێتە ئاراوە، کاتێک زارێک دەکرێ بە زمان هەوڵ دەدرێ ئەم زمانە زاراوەسازی بۆ بکرێ، وشەی نوێ دروست بکات و لە هەمان کاتدا وشە بێگانەکانیش لە زمانەکە لابرێ و وشەی خۆماڵی لە جێگەی دابنێ.

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و دوای سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی و گەشەپێدانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و نووسین، هاوکات لە نێو ڕۆشنبیرانی کورددا ڕەوتێکی پەتیکردنی زمان لە وشە بێگانەکان هاتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەم ڕەوتە پێی وابوو زمانی کوردی زمانێکی ڕێکوپێکە و تەواوە پێویستی بە وشەی زمانی دیکە نییە؛ بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژنامەی "ژیان" ژمارەی ٩ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ "کۆمەڵەی بژاری زمانی کوردی" دامەزرا؛ ئەم کۆمەڵە ئامانجی دۆزینەوەی وشەی کوردی بوو بۆ وشە خوازراوەکان(عەرەبی، تورکی، فارسی،..) کە لە پێشدا بۆ ناو زمانەکە هاتوون. ئەم کۆمەڵەیە لە سەرەتا بۆ لابردنی هەموو وشە خوازراوەکان زۆر چالاک نەبوو، بەڵام ساڵانی دواتر ئەم پەتیکردنە بێپچڕانەوە لە چاپەمەنی و پەخشی ڕادیۆ بەردەوام بوو ( Hassanpour, 1992: 399).

لە توێژینەوەیەکی دکتۆرا لە لایەن جەمال جەلال عەبدوڵلا لەبارەی پەتیکردنی زمانی کوردی، بە داتای زمان نیشان دەدات کە لە بیستەکانەوە تا حەفتاکان زمانەکە بەتوندی پەتی کراوە. لە نێوان ساڵانی١٩٢٤ تا ١٩٣٩، وشە خوازراوەکان(بەتایبەت عەرەبییەکان) لە زمانی کوردیدا بە ڕێژەی ٤٦.٤٪ بووە، دواتر پەتیکردن بە توندی دەست پێ دەکات، ئەم ڕێژەیە زۆر کەم دەبێتەوە، لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێت بە ٩.٥٪ ، دواتر پەتیکردن هەر بەردەوام دەبێت تا لە ساڵی ١٩٧٣ تەنیا ٤.٤٪ وشەی خوازراو لە زمانەکە دەمێنێتەوە(Abdulla, 1980: 181). بەپێی ئەم داتا زمانییە، بەڕوونی دیارە کە ئەم ڕەوتە لە پەتیکردنی زمان لە وشەی بێگانە زۆر توند بووە؛ ڕەنگە هیچ زمانێک بە ڕادەی کوردی بەم شێوەیە پەتی نەکرابێت.

ئەم ڕوانگەیە بۆ زمان، پاشخانێکی ئایدیۆلۆجی نەتەوەیی هەیە و پێی وایە زمان بە تێکەڵبوونی بە وشەی بێگانە، ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات و بەرەو فەوتان دەچێت، بۆیە دەبێ لە وشەی بێگانە پاک بکرێتەوە، هەروەها کەمتر وشە بخوازێ و زیاتر لە زمانەکە خۆی وشە دروست بکرێ. ئەم ڕەوتە، تەنانەت ئەو وشانەش پاکسازی دەکات کە لە زمانەکە زیاتر لە هەزار ساڵە جێگیر بوون و خۆماڵی بوون، پێی وایە دەبێ واز لە هەموو وشە خوازراوە بێگانەکان بهێنرێ و بگەڕێنەوە بۆ وشە ڕەسەنەکان و وشە کۆنەکانی زمانەکە زیندوو بکرێنەوە.
لە لایەکی دیکەوە، ئەم ڕەوتە لە زمان بەتایبەت لە باشووری کوردستان (عێراق) کە وشەی عەرەبی لەبەر هۆکاری نەژادی و بەرگری لەبەرانبەر تەعریب ڕەت دەکاتەوە، کەچی جاروبار وشە لە فارسی دەخوازێ، چونکە پێی وایە کورد و فارس لە ڕووی نەژادەوە هاوڕیشەن، فارس بە نەژاد ئارییە و ئاساییە وشەی لێ وەرگرێت. بەڵام بۆ کوردێک لە ڕۆژهەڵات(ئێران)، ئەم پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوە، بەرهەڵستی لە بەرانبەر وشە فارسییەکان دەکات و جاروبار وشە لە عەرەبی دەخوازێت و فارسی ڕەت دەکاتەوە، بۆ نموونە لەجیاتی فشار کە فارسییە، زەختی عەرەبی بەکار دێنێ(Hasanpoor,1999:21). واتە هۆکارەکانی ئەم پەتیکردنە هۆکاری دەرەوەی زمانە، ناسیۆنالیزمێکی نەژادییە و کاردانەوەیە بەرانبەر داگیرکاریی دەسەڵاتێک لە ژێر سایەیدا دەچەوسێتەوە. ئەم ڕەوتە لە زمان، لەم ڕوانگە سیاسییە ئایدیۆلۆجییەوە، دەیەوێ وشەکانی زمان لە قاڵب بدات و فیلتەری بۆ دابنێت.
ناسیۆنالیزمی کوردی کە بە ئەسڵ و نەژاد خۆی بە پاشماوەی نەژادی ئاریایی دادەنێ، پێی وایە زمانەکەشی پێویستە هەموو وشەکانی ئاریایی پەتی بێت و دوور کەوێتەوە لە وشەی بە نەژاد سامی و عەرەبی. بەم تێڕوانینە بۆ زمان لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم زۆر بەچڕی دەستیان بە لابردنی وشە عەرەبییەکانی ناو زمانەکە کرد. هەندێک لەم وشانە کە لابراون بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لە زمانەکە جێگەی خۆیان گرتبوو، واتە خۆماڵی کرابوون، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی بە ئەسڵ عەرەبییە ڕیشەکێش کران و لە جێگەیان چەند وشەیەکی کوردی دانران. هەندێک لەم وشە عەرەبییانە ئەمانەن: دین، وەحی، دوعا، زیارەت، مەزهەب، عیبادەت، عەقیدە، شەریعەت، شەرع، قەدەر، حەرەم، مەلائیکەت، قەناعەت، سەجدە، مینبەر، خوتبە، میحراب، قیبلە، قەبر، دەعوە، ئەهل، موعجیزە، عەقڵ، مەنتیق، حەقیقەت، ئەسڵ، ڕەمز، شکایەت، شاهێد، قەڵەم، کاغەز، کتێب، دەفتەر، دەرس، خزمەت، ئەخلاق، ئەدەب، خەت، لەهجە، شیعر، قەسیدە، غەزەل، مەجاز، تەفسیر، تاریخ، میلادی، هیجری، فکر، مەعنا، مەعنەوی، ماددی، سەعات، جەزیرە، بەحر، خیانەت، قبوڵ، حەرف، کەلیمە، مەکتەب، مەدرەسە، عیلم، حیساب، قانوون، نەفس، نەفەس، فەقیر، عەبد، ئیستراحەت، کامڵ، تەئکید، ئیشارەت، عەمەلی، ... تاد بۆ هەر یەکێک لەم وشانە، چەند وشەیەکی کوردییان بۆ دانراوە کە نە ئەو مانایە بە چاکی دەبەخشێ و نە ئەو هێزە دەربڕینەی هەیە کە عەرەبییەکە هەیەتی. بۆ نموونە، وشەی عەقڵ بە کوردی "ئاوەز"ی بۆ دانراوە؛ وشەی وەحی "سروش" یان "نیگا"ی بۆ دانراوە؛ وشەی زیارەت، "سەردان"ی بۆ دانراوە، حیساب وشەی "هەژمار"ی بۆ دانراوە... ئەم وشە کوردییانە لای گوێگرێکی کورد دیارە کامەیان زیاتر مانابەخشە و لە ڕووی دەربڕینەوە بەهێزتر و کاریگەرترە. بۆ نموونە نووسەرێک هەر بۆ ئەوەی خۆی لە وشەی حیسابی عەرەبی ڕزگار بکات، کاتێک دەیەوێ بڵێ: "هیچ حیسابی بۆ ناکات.." بە کوردی پەتی دەنووسێ: هیچ هەژماری بۆ ناکات،.! پەتیکردنی توند ئەم ڕستە پێکەنیناوییەی بۆ ناو زمانەکە هێناوە. هەندێک وشەی دینی هەیە مانایەکی دینی و پیرۆزی هەڵگرتووە، کاتێک وشەکە دەکەی بە کوردی ئەو مانا دینییەی کە هەڵیگرتووە لە دەستی دەدات، وەک "زیارەت" کە لە زمانەکە تایبەتە بە سەردانکردنی شوێنێکی پیرۆز، کاتێک "زیارەت" لە جێی "سەردانی" دادەنرێت، ئەم وشەیە ئەو مانا کولتووری و پیرۆزییەی کە هەیەتی لە دەستی دەدات. یان وشەی "حەرەم" کە مەبەست شوێنێکی پیرۆزە کە هەموو کەسێک بۆی نییە بێتە ناوەوە، وەک حەرەمی مەککە، حەرەمی زانکۆ. کاتێک لە جێگەی حەرەم، وشەی "گۆڕەپان" دادەنرێت، وشەکە ئەو پیرۆزی و مانا کولتوورییەی هەڵیگرتووە لە دەستی دەدات. زۆربەی زاراوە دینییەکان هەڵگری هەمان مانای کولتووری و پیرۆزیی دینین.
بۆ مەنتیق، وشەی "ژیریێژی" و هەندێک جار "لۆجیک"ی یۆنانی بۆ بەکار دێنن؛ بۆ ئەخلاق، وشەی "ئاکار" و "ڕەوشت" و هەندێک جاریش "مۆراڵ"ی لاتینی و ئینگلیزی بەکار دێنن. ئەم جۆرە پەتیکردنە توندە بۆ ڕزگاربوون لە وشە عەرەبییەکان پەنا بۆ وشەی لاتینی و یۆنانییش دەبا، چونکە پێی وایە ئەوان بە نەژاد هیندۆ – ئەوروپین و لە یەک خێزانی زمانین لەگەڵ کورد، باشترە وشەیان لێ بخوازێ تا لە عەرەبی بخوازێ کە بە نەژاد سامییە و نامۆیە بە زمانی کوردی.
نموونەیەکی دیکەی خۆڕزگارکردن لە وشەی عەرەبی لە وشەی "قەساب" و "قەسابخانە"دایە کە تەلەفزیۆنی ڕووداو بۆ ئەم وشە عەرەبییە وشەیەکی ناقۆڵای وەک "سەربڕخانە"ی داهێناوە، ئەمە گوایە وشەیەکی کوردی دۆزیوەتەوە و نایەوێ چیدی قەساب و قەسابخانەی بە ئەسڵ عەرەبی بەکار بێنێ. لەم زاراوە نوێیە ڕەچاوی بنەماکانی زاراوەسازیی کوردی

نەکراوە؛ "سەربڕ" بکەرە و ئەو کەسەیە کە سەر دەبڕێ، کە پاشگری "خانە"ی دەچێتە سەر واتە شوێنی ئەو کەسانەی کە سەر دەبڕن نەک شوێنی سەربڕینی حەیوان!. پەتیکردنی توند هەر بۆ ئەوەی وشە عەرەبییەکان لە زمان پاکسازی بکات، پەنا بۆ وشەی سەیر و ناقۆلا دەبات، وشەیەکی هەزار ساڵەش کە لە زمانەکەدا خۆماڵی بووە و چەسپاوە ڕیشەکێشی دەکات و یەکێکی دیکەی لە جێگە دادەنێ کە هیچ مانایەکی نییە، بەڵام کاتێک دەڵێی: قەساب و قەسابخانە، یەکسەر مانای خۆی بەجوانی دەگەیەنێ.
هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەر زمانێک بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر کاریگەریی زمانێکی دی بێت، بە شێوەیەکی سروشتی و ڕەمەکی، کۆمەڵێک وشە لە زمانەکە قەرز دەکات و پێویستییەکانی پڕ دەکاتەوە. عەرەبی، زمانی دینیی گەلانی موسڵمانە، هەروەها بە درێژایی مێژوو لە مەدرەسە دینییەکانیش زمانی خوێندن بووە، بۆیە هەموو گەلانی موسڵمان ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبییان لە زمانەکانیاندا هەیە.
ئەگەر زمانی مەلاوی لە ئاسیا بە نموونە وەرگرین کە کاریگەریی زمانی عەرەبی لە ڕێی دینەوە لەسەر بووە. زمانی مەلاوی(لە مالیزیا و ئەندەنۆسیا) یەکێکە لەو زمانە ئاسیاییانە کە بە ڕێژەیەکی زۆر وشەی عەرەبی تێدایە. لە توێژینەوەیەک لەبارەی ئەو وشە عەرەبییانەی کە لە زمانی مەلاویدان، قامووسێکی بەناوبانگی مەلاوی وەرگرتووە کە ناوی قامووسی "دیوان" ە؛ لەم قامووسەدا ١٧٩١ وشەی بە ئەسڵ عەرەبی تێدایە، لەم وشانە ١٠٠٥ وشە لە زمانەکەدا جێگیر بوون و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەکار دێن، بەتایبەت وشە دینییە عەرەبییەکان لە زمانەکە وەک خۆی ماوەتەوە (Zaidan 2015). وەک دیارە هاتنی ئەم وشانە بۆ ناو زمانەکە لەبەر هاوسێی جوگرافیی میللەتی مەلاوی و عەرەب نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ دوای هاتنی ئیسلام بۆ مالیزیا و ئیندەنۆسیا کە لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا زۆربەی دانیشتووانی مالیزیا و ئیندەنۆسیا(بە گروپی ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاواز) بە ژمارەی زۆر موسڵمان بوون. لەگەڵ وەرگرتنی دینەکە، زمانی عەرەبییش کاریگەریی لەسەر زمانەکانیان بەجێ هێشتووە، هەروەها ئەلفوێی عەرەبییشیان وەرگرتووە کە بە "خەتی جاوی" ناسراوە و لەگەڵ سیستەمی دەنگسازیی زمانەکانیان هەمواریان کردووە. لانەبردنی ئەم وشە عەرەبییانە لە زمانی مەلاوی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایدیۆلۆجییە زمانییە کە لە پلانی زمانی مەلاویدا لە سەرەتاوە هەبووە و تا ئێستا پەیڕەو دەکرێ؛ ئەوان باوەڕیان بە زمانێکی پەتیی مەلاوی نەبووە، وەرگرتنی وشەی بێگانەش لە زمانی جیاواز بە ئاسایی دانراوە، وشەیەکی زۆریان لە زمانی ئینگلیزی و زمانانی دیش وەرگرتووە.
زمانی لاتینییش بۆ زمانەکانی ئەورووپای مەسیحی هەمان ڕۆڵی هەبووە، هەر بۆیە هەر یەک لە زمانە ئەورووپییەکان کۆمەڵێک وشە و زاراوەی لاتینی لە خۆگرتووە و هەتا ئێستاش هەر لە زمانەکان ماونەتەوە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانە ئەورووپییانە کە هەوڵی پەتیکردنی توندی زمانەکەیان نەداوە، وشەی لە زمانی جیاواز خواستووە، بەپێی ئامارێکی زمانەوانی، ئینگلیزی لە ٣٥٠ زمانی جیاواز وشەی خواستووە( Crystal, 2003b: 23). ئەگەر نموونەی چەند زمانێک وەرگرین کە ئینگلیزی وشەی لێ خواستووە: لە لاتینی زیاتر لە ١٣ هەزار وشە، فەرەنسی زیاتر لە ٦ هەزار وشە، یۆنانی زیاتر لە ٣ هەزار وشە، ئەڵمانی ١٣٠٠ وشە، ئیتاڵی زیاتر لە ٧٠٠ وشە، ئیسپانی ٧٠٠ وشە، هۆڵەندی ٣٥٠ وشە، زمانە سکاندناڤییە کۆنەکان زیاتر لە ٣٠٠ وشە، ڕووسی نزیک بە ١٠٠ وشە، عەرەبی نزیک ١٦٠ وشە... تاد بە هەمان شێوە لە زمانانی دیکەی وەک فارسی و عیبری و ئوردو و یەدیش و چینی و مەلاوی و هیندی و سەواحیلی و بێنگالی و پونجابی و تامیلی وشەی وەرگرتووە(Durkin, 2014:25- 28). هیچ زمانەوانێکی ئینگلیز پێی وانەبووە، بوونی ئەم هەموو وشە بێگانانە لە ئینگلیزیدا مەترسییە بۆ سەر زمانەکە، نەک هەر بە مەترسی نازانن بەڵکوو ئەمانە بە دەوڵەمەندبوونی زمانەکە دەزانن. ئینگلیز هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە زمانی پەتیی ئینگلیزی نەبووە، لەم باوەڕەشیان بۆ زمان سەرکەوتوو بوون، ئینگلیزی ئەمڕۆ لە هەر بوارێکی زانست و مەعریفە بۆ هیچ وشە و زاراوە و چەمکێک دەستەوسان نییە، ئەگەر نەیبێت یەکسەر لە زمانێک دەیخوازێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ڕەگەز و نەژادی زمانەکە بکات.
زمانی فارسییش یەکێکە لەو زمانانە کە وشە عەرەبییەکانی لە زمانەکە پەتی نەکراون، زیاتر لە ٥٠٪ ی وشەکانی لە عەرەبی خواستووە. ئەم وشانە هیچ کێشەیەکیان بۆ زمانەکە دروست نەکردووە و فارسی بەردەوام لە پێشکەوتن و گەشانەوەدایە. زمانی تورکییش بە هەمان هۆکاری ناسیۆنالیزمی توندڕەوانەی تورک و بە ئامانجی دابڕان لە ڕابردووی میراتی عوسمانی، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ لە ساڵی ١٩٢٦، لە سەرەتادا ئەلفوبێ لە عەرەبییەوە دەگۆڕن بۆ لاتینی، ئەوجا دەست بە پاکسازیی وشە عەرەبی و فارسییەکان دەکەن، بەڵام لە دوای پەنجاکان، ئەم پەتیکردنە توندە ڕادەگرن، چونکە لەوە هۆشیار دەبنەوە کە ئەمە زیان بە زمانەکە دەگەیەنێ، بۆیە دوای ئەوە کۆمەڵێک وشەی عەرەبی، بە تایبەت دینییەکان، کە لە پێشدا لە زمانەکە لابرابوون، دەیگەڕێننەوە بۆ ناو زمانەکە ( Johnson, 2004: 88 -100).

بێگومان هەموو زمانێک پێویستی بە دانانی زاراوەی نوێ هەیە، بەڵام هیچ زمانێک هەوڵ نادات هەرچی وشەی کۆن و خۆماڵی و جێگیربووی ناو زمانەکەی هەیە بە بیانوی ئەوەی ئەم وشانە لە بنەچەدا وشەی بێگانەن هەموویان ڕیشەکێش بکات.
ڕەوتی پەتیکردن لە کوردیدا بە تەنیا دژی وشەی عەرەبی نییە، بەڵکوو هەندێک پیتی ئەلفوبێی کوردییش دەکاتە ئامانج. هەر لەبەر ئەوەی هەردوو پیتی" ع و ح " لە کوردیدا لەو وشانەدا هەیە کە بە ئەسڵ وشەی عەرەبین، لە لایەن هەندێک نووسەری پەتیخواز هەوڵ دەدرێ ئەم دوو پیتەش لە زمانەکە نەمێنێ، هەندێک جار ئەم پەتیکردنە پیتی "غ" ش دەگرێتەوە. بۆ نموونە بۆ سەعات دەڵێن سەئات و بۆ حەوشە دەڵێن هەوشە، بۆ بەغدا دەڵێن بەخدا(1). ئەم ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە نەتەوەییە لە زمان، هەرگیز خزمەت بە زمان ناکات، بەڵکوو زمان هەژار و لاواز دەکات، و سیستەمی دەنگسازییشی تێک دەدات.
ئەم پەتیکردنە توندە، جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سیاسەت و پلانی زمان بە شێوەیەکی زانستی، کە ئەرکی زمانەوان و نووسەرانە بە هۆشیارییەوە زمانەکە پەتی بکەن. ئەوانەی ئەم پەتیکردنە توندەیان دەست پێ کرد، هەر لە بنەڕەتەوە بە پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان شارەزا نەبوون، لەوەش ئاگادار نەبوون ئەگەر وشەی نوێش بۆ زمانەکە دروست بکرێ، بەڵام پێویست ناکات هەموو وشەیەکی بێگانە پاکسازی بکرێن، بەتایبەت ئەو وشانەی کە لەمێژ ساڵە جێگیر بوون و پێوستی زمانەکەیان پڕ کردووەتەوە، بە لابردنیان زمانەکە هەژار دەبێت. ئەم هەوڵانە لە سەرەتاوە هەوڵی تاکەکەسی بوون، هەوڵێکی پلان بۆ داڕێژراوی زمان نەبووە کە لە لایەن زمانەوانی پسپۆر بڕیاری لەسەر درابێت.
ئەزموونی هەموو زمانە پێشکەوتوو و باڵادەستەکان ئەم ڕاستییە نیشان دەدات، کە پەتیکردنی توند هیچ ڕۆڵێکی لە پێشکەوتن و پاراستنی زماندا نییە؛ ئەم جۆرە تێڕوانینە، زیاتر وەهمێکی ناسیۆنالیستییە کە پێی وایە بەم ڕێگەیە زمان دەپارێزرێ، بەڵام لە ڕاستیدا زمان بە پەتیکردنی توند ناپارێزرێت، بەڵکوو بە بەکارهێنان و پشتگیریکردنی لە لایەن دەسەڵات و چەسپاندنی لە سیستەمی پەروەردەی وڵات دەپارێزرێ و گەشە دەکات. ئەوەی مایەی سەرنجدانە ئەم ڕەوتە لە زمانی کوردی هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، هەر لەبەر هەمان هۆکار کە هەمان ئایدیۆلۆجیا بۆ زمان و هەمان بێپلانی زمان لە ژینگە زمانییەکەدا هەیە، هەروەها لە ڕووی سیاسییەوەش کورد هێشتا لەگەڵ دەوڵەتێکی عەرەبی کێشەی نەتەوەیی هەیە و پێی وایە عەرەبی بە زمان و وشە و ئەلفوبێ و پیت، هەڕەشە و تەعریبە، بۆیە نایەوێ هیچ وشەیەکی عەرەبیشی لێ بخوازێت و وشە بە ئەسڵ عەرەبییەکانیش لە زمان لا دەبات.
ڕێگەچارە بۆ ئەم کێشە زمانییە ئەوەیە کە ئەکادیمیا ئەم ڕەوتە توندە لە پەتیکردنی زمان سنوورێکی بۆ دابنێت، بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ گەشەپێدانی زمان بکرێت، چیدی بە بیانوی ئایدیۆلۆجیای توندڕەوانەی نەتەوەیی زمانەکە هەژار نەکرێت، بایەخ بە وشە بێگانە خۆماڵیبووەکان بدرێتەوە، لەکاتی زاراوەسازی، لە وشە عەرەبییە خۆماڵییەکان وشەی نوێی لێ دروست بکرێ، وشە دینییە عەرەبییەکان وەک خۆی لە پرۆگرامی پەروەردە بەکار بێتەوە؛ ئەم وشە عەرەبییانە چیدی بە هەڕەشە دانەنرێن و وەک وشەی پێویست بۆ زمانەکە سەیر بکرێن. دەکرێ لەپاڵ وشە عەرەبییەکان، نوێیەکانیش بەکار بێن، بۆ نموونە دەکرێ پێنووس و قەڵەم، پەراو و دەفتەر، فەرمی و ڕەسمی، وتاری هەینی و خوتبە، قانوون و یاسا، دوعا و نزا، دەرس و وانە، میلادی و زایینی، تاریخ و مێژوو .. تاد پێکەوە بەکار بێن.
ئەگەر زمانی کوردی بە ڕێژەی لە ١٠٪ یان ١٥٪ وشەی عەرەبیی خۆماڵی تێدا بێت، ئەمە دەوڵەمەندییە بۆ زمانەکە و کۆمەڵێک کەلێنی زاراوەسازییش پڕ دەکاتەوە، و توانای دەربڕین لە زمانەکەش بەهێزتر دەبێت.

## ١٠. ئەنجامی باسەکە

زمانی کوردی لە هەر چوار دەوڵەت – نەتەوەی تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە شێوازی جیاواز سەرکووت کراوە و قەدەغە کراوە، بێگومان نەتەوەیەک ژێردەستە بوو زمانەکەشی بە ژێردەستەیی دەمێنێتەوە و پێش ناکەوێت، هەروەها ناتوانێ سیاسەت و پلانی زمانیشی هەبێت، ئەمە ڕاستییەکی زمانەوانییە و نکوولی لێ ناکرێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، ئەم دۆخە زمانییە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک نییە؛ لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ حکومەتێکی هەرێمی لەم بەشەی کوردستان حوکمڕانی دەکات و ژینگەیەکی ئازادیش بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دی بەدی هاتووە. ئەم حکومەتە هەرێمییە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا سیاسەتێکی ڕوونی زمانی نەبووە، و هیچ پلانێکی زمانیش تا ئێستا بۆ زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی

1 - ئەگەر سەرنجی نووسینەکانی د. جەمال نەبەز بدرێت کە بەم دواییە بڵاو بوونەوە پیتی (ع) و(ح) ی لە ڕێنووسی کوردی لابردووە.

دیکەی وەک سریانی و تورکمانی کاری پێ نەکراوە. بەپێی تیۆرەکانی پلانی زمان، بەبێ بوونی کەیانێکی سەربەخۆ، سیاسەت و پلانی زمان لە ژینگە زمانییەکە جێبەجێ ناکرێ، چونکە زمان پێویستی بە دەسەڵاتە کە دەزگای جێبەجێکارە، ئەو پلانە زمانییە لە وڵاتەکەدا بچەسپێنێ. هەرچەندە حکومەتی هەرێم دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام ئەم حکومەتە لە دوای ٢٠٠٣ ەوە وەک هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالیی عێراقدا دانی پێدا نراوە، مافە زمانییەکانیشی لە دەستووری نوێی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕەسمی چەسپاوە. بەپێی ئەم دەستوورە نوێیە، حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمەکەی تەواو سەربەخۆیە و هیچ کۆسپێکی قانوونی لەبەردەمدا نییە، و دەکرێ سیاسەتی زمانی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام تا ئێستا لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەنراوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە هەرێمەکە، جۆرێک لە بێسەروبەری و ئاژاوە لە بەکارهێنان و ئاراستەکردنی زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکە بەدی هاتووە. لە پێش ڕاپەرین، زمانی عەرەبی زمانی باڵادەست و تاکە زمانی ڕەسمیی هەموو عێراق بوو بە باشووری کوردستانەوە، نەمانی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق لە هەرێمەکە دەسەڵاتی زمانی عەرەبییشی کەم کردەوە و پەراوێز خرا، لە جێگەی زمانی کوردی بوو بە زمانی بەدەسەڵاتی هەرێمەکە.
لە قەوارەیەکی نەتەوەییدا، زمان وەک ناسنامەیەکی گرنگی نەتەوە، لە سیستەمی پەروەردە و حوکمڕانیدا دەبێ زمانێکی باڵادەست و خاوەن پلەوپایە بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا کە لە قۆناغی نەتەوەسازیشدایە تا ئێستا زمان ئەو ڕۆڵەی بۆ نەتەوە نەبووە. هەرێمەکە فرەزارە و تا ئیستا لە نێو زارەکان زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی بەرهەم نەهاتووە کە زمانی ڕەسمیی حکومەت بێت، نە وەک پێویستیش پارێزگاری لە ناسنامە و مانەوەی بەردەوامی زمانەکە دەکرێ. زمانی کوردی و نەتەوەکانی دی لە هەرێمەکە کۆمەڵێک هەڕەشە و کۆسپی ڕووبەڕوو بووەتەوە، ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی، لە ڕێی قوتابخانە ئەهلییەکان بەهێز و دەسەڵاتەوە لە هەرێمەکە ئامادەیە، لە کایە ئەکادیمی و بوارە زانستییەکاندا زمانی کوردی لە بەرانبەر ئینگلیزیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە، دەبێتەوە بە زمانێکی بێ پلەوپایە و بێ پاشەڕۆژ. بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕەوشە زمانییە پڕ لە کێشە و قەیرانە، خزمەت بە مانەوە و بەردەوامی زمانەکە ناکات.
زمانی کوردی وەک زمانێکی سەرەکیی هەرێمەکە، هەرچەندە لە ڕووی چاپەمەنی و مێدیا و ڕاگەیاندن پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پلان و چاودێریی زمان، لە ڕووی بەستانداردکردن و ڕێنووس و زاراوەسازی دوچاری گەرەلاوژە بووەتەوە. دابینکردنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ زمان بەبێ سیاسەت و پلانی زمان، ئەگەر زمانەکە هەنگاوی گەورەش بچێتە پێشەوە، بەڵام بەبێ چاودێری و ئاراستەکردنی لە لایەن ئەکادیمیای زمان و دەسەڵاتەوە، ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێتەوە، وەک ئەم ڕەوشە زمانییەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ زمانی کوردی و نەتەوەکانی دی هاتووەتە پێش. لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک کێشەی گرنگی زمان خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە و چارەسەریان بۆ پێشنیاز کرا. گرنگترین ڕێگە چارە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە پڕ لە قەیرانە زمانییە، دارشتنی سیاسەتێکی زمانییە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە شێوەیەک شکۆ و دەسەڵات بۆ زمانەکە بگەڕێنێتەوە و بە پلانێکی سەردەمییانە و دیموکراتییانەی زمان، کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەکادیمیایەکی چالاک بۆ زمان هەبێت، ئەم سیاسەتە زمانییە دابڕێژێت و دەسەڵاتیش وەک دەزگایەکی جێبەجێکار ئەم پلانە زمانییە جێبەجێ بکات. بەبێ هاوکاری ئەم دوو لایەنە مەحاڵە هیچ کێشەیەکی زمانی لەم هەرێمە چارەسەر بکرێت.

## پێشنیاز و ڕاسپاردە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکی گرنگ هەیە پێویستە بخرێنە ڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە بۆ چارەسەری کێشە زمانییەکان وەک نەخشەڕێگا، یان بەرنامەی کار سوودی لێ وەربگیرێت:
١- حکومەتی هەرێم پێویستە سیاسەتی زمانی بۆ هەرێمەکە هەبێت، ئەم سیاسەتە بە شێوەیەک دابڕێژێت کە شکۆ بۆ زمانی کوردی بگێڕێتەوە و بیکات بە زمانی یەکەم لە هەرێمدا، پلەوپایە و دەسەڵاتی پێ بدات. ئەم سیاسەتە لە پەرلەمان بکرێ بە یاسا و لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا وەک پلانێکی زمانی پشتگیری لێ بکرێ و کاری پێ بکرێ؛ کوردی زمانێک بێت هێزی ئابووری هەبێت و مەرجی خوێندن و کار پەیداکردن بێت بۆ هەموو هاووڵاتییەکی هەرێم، هەروەها بۆ ئەوانەش کە لە دەرەوە هاتوون و لە هەرێم کار دەکەن.

٢- ئەکادیمیای کوردی بۆ زمان چالاک بکرێتەوە و سەرچاوەی یەکەم بێت بۆ هەموو کاروبارێکی زمان، و لە هەموو پێشێلکارییەکیش بەرانبەر زمان، قسەی هەبێت و بڕیارەکانی جێبەجێ بکرێت.

٣- زاری ستانداری کوردیی ناوەندی بکرێ بە زمانی ڕەسمی بۆ حکومەتی هەرێم، هەروەها لە سەرانسەری هەرێمەکە زمانی هاوبەش و سەرەکیی پەروەردە بێت. لەپاڵ ئەم زارە سەرەکییە لە پارێزگای دهۆک بە کوردیی باکوور (بنزاری بادینی) بخوێنرێ و ئەو بابەتەناش دیار بکرێ کە دەکرێ بە هەردوو زار لەم پارێزگایە بخوێنرێن. لە هەورامانیش لەپاڵ خوێندن بە کوردیی ناوەندی چەند دەرسێک بە هەورامی بخوێنرێ، ئەم خوێندنە بە زار لەم ناوچانە بە یاسا ڕێک بخرێ و بچەسپێ. هەروەها لەپێناو ئاشنابوون و دانەبڕان لە گەورەترین زاری کوردی، دەرسێکی کوردیی باکوور(بادینی) لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم بخوێنرێ. لە بەشە کوردییەکانیش بایەخێکی زیاتر بە کوردیی باکوور و هەورامی و زازاکی و زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان(کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی) بدرێ.

٤- لەپێناو چەسپاندن و پایەدارکردنی زمانی کوردی، پێویستە کوردی زمانی هەموو قۆناغەکانی خوێندن بێت هەر لە باخچەی منداڵانەوە بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی تا دەگات بە زانکۆ؛ هەموو بابەتەکانی خوێندنیش بە بابەتە زانستییەکانەوە بە کوردی بخوێنرێن. لە زانکۆش لە کۆلێجە زانستییەکان، بابەتە زانستییەکان چیدی بە ئینگلیزی نەخوێنرێ و بکرێن بە کوردی. کوردی بکرێ بە زمانی زانست لە ئاستێکی بەرزدا.

٥- وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری حیساب نەکردنی زمانی کوردی و عەرەبی بۆ کۆی گشتی نمرەکانی قوتابی لە پۆلی دوازدە هەڵوەشێنێتەوە. کوردی و عەرەبی وەک جاران دوو بابەتی گرنگ بن بۆ وەرگیران لە کۆلێجە زانستییەکان. هەروەها هیچ وەزارەتێک بۆی نەبێت بڕیارێک دەربکات لەپێناو بەرزکردنەوەی ئینگلیزی لە شکۆی زمانی کوردی بدات، یان لە بەرانبەر هەر زمانێکی دی، کوردی بکرێ بە زمانێکی ئارەزوومەندانە.

٦- وەزارەتی پەروەردە واز لە خوێندنی بابەتە زانستییەکان بە سیستەمی ئینگلیزی بێنێت، ئەمە هەرچەندە بە ڕەسمی پرۆسەکە شکستی هێناوە، بەڵام گرنگە بە یەکجاری وازی لێ بهێنرێ و هەموو بابەتە زانستییەکان لە هەموو قۆناغەکان هەتا بەکالۆریۆسیش بە کوردی بێت.

٧- قوتابخانە تایبەتەکان (ئەهلییەکان) بە باخچەی منداڵانەوە ئەوانەی زۆرینەی بابەتەکانی خوێندنیان بە ئینگلیزییە سنووردار بکرێن، هەوڵ بدرێ خوێندن لەم قوتابخانانە بە کوردی بێت، و ڕێگە نەدرێ هیچ یەکەیەکی خوێندن بکرێتەوە کوردی تێیدا پەراوێز بێت.

٨- زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی و زمانی دووەم، وەک دەرسێک لە بابەتەکانی خوێندن بایەخی پێ بدرێت، بەڵام لە قۆناغی سەرەتایی لە پۆلی پێنج دەست پێ بکات، بۆ ئەوەی قوتابی لەپێش ئەم ماوەیە زمانی دایک بە چاکی وەرگرێت. فێرکردنی هیچ زمانێکی دی نەبێت بە کۆسپ لەبەردەم فێربوون و وەرگرتنی زمانی دایک لای منداڵی کورد. ئینگلیزی زۆر گرنگە لە قۆناغی خوێندنی باڵا بۆ ماستەر و دکتۆرا زۆر بایەخی پێ بدرێ و مەرجی وەرگرتن بێت بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵای دوای بەکالۆریۆس.

٩- هەمواركردنەوەی یاسای زمانە ڕەسمییەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ دەنگیان بۆ داوە و ئینگلیزییان لە هەرێم کردووە بە زمانی ڕەسمی. ئەم یاسایە هەڵبوەشێنرێتەوە، تەنیا کوردی و عەرەبی زمانی ڕەسمیی هەرێم بێت.

١٠- بۆ ڕزگاربوون لە ئاژاوەی ڕێنووسی کوردی، ئەرکی دەسەڵاتە کە دەزگای جێبەجێکارە، ئەم کێشەیە چارەسەر بکات؛ بە دەرکردنی بڕیارێک داوا لە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بکات کە دەبێ لەسەر ئەم ڕێنووسە ستانداردە بڕۆن کە دواجار لە ئەکادیمیای کوردی لە ٢٠٠٩ بە کۆدەنگی لەلایەن نزیک بە سەد زمانەوان و شارەزایانی ڕێنووسەوە بڕیاری لەسەر دراوە؛ نابێ هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و خانەی بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

١١- بۆ ڕزگاربوون لە ئاژاوەی زاراوەسازی، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بۆی نەبێت زاراوە دابنێت، پێویستە ئەکادیمیا لە ڕێی کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و دانانی زاراوە و یەکخستنی، لە بەرنامەی کاری ئەکادیمیا بێت.

١٢ - پەتیکردنی توندی زمان ڕابگیرێت، کە زمان هەژار دەکات، هەوڵ بدرێ وشە عەرەبییە خۆماڵیبووەکان، کە لە پێشدا بەتوندی لە زمان لابراون، بگەڕێنرێنەوە بۆ ناو زمانەکە، یان هاوشان لەگەڵ وشە نوێیەکان بەکار بێن.

١٣ – زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم سریانی و تورکمانی بایەخیان پێ بدرێ و خوێندن بە زمانی خۆیان بەردەوام بێت، بەڵام بە شێوەیەک بێت لەپاڵ زمانی خۆیان بایەخێکی زیاتر بە کوردی بدرێ و قوتابی دەرچوو لەم قوتابخانانە کوردییەکی چاک فێر بێت بۆ ئەوەی بتوانێ لە زانکۆکانی هەرێم درێژە بە خوێندن بدات و بەربەستی زمانی نەبێت، بۆیە پێویستە بەشە وانەی کوردی لەم قوتابخانانە زیاد بکرێ، بەشێوەیەک کە بتوانن لە خوێندن بە کوردی لە زانکۆکان کێشەیان نەبێت.

## سەرچاوەکان


Abdulla, Jamal J. (1980). *Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers*. PhD dissertation, (unpublished), England: University of York.

Cooper, R.L. (1989). *Language Planning and Social Change*. Cambridge University Press, Cambridge.

Comrie, Bernard & others (1996). *The Atlas of Languages, the origin and development of languages through the world*. New York: quarto Inc.

Crystal, David (2003a). *Language Death. Cambridge*: Cambridge University Press.

——— (2003b). *English as a Global Language*. Cambridge: Cambridge University Press.

Durkin, Philip (2014). *Borrowed Words: A History of Loanwords in English.* Oxford: Oxford University Press.

Fishman, Joshua A. (I974). *Language modernization and planning in comparison with other types of national modernization and planning*. In Joshua A. Fishman (Ed.), *Advances in Language Planning.* The Hague: Mouton, pp. 79-102.

——— (1987). *Language Spread and Language Policy for Endangered Languages',* in Georgetown University Round Table on Language and Linguistics 1987. Washington, DC: Georgetown University Press.

Fromkin, Victoria & others(2011). *An Introduction to Language*, ninth edition, USA: Michael Rosenberg.

Gross, Manfred (2004). *Romanisch: Facts & Figures*. Translated by Evans, Mike; Evans, Barbara. Chur: Lia Rumantscha.

Hasanpoor, Jafar (1999). *A Study of European, Persian and Arabic Loans in Standard Sorani* (Reports on Asian and African Studies; 1), Uppsala: Uppsala University.

Hassanpour, Amir (1992). *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985.* San Francisco: Mellen Research University Press.

Johnson, David Cassels (2013). *Language policy*. New York: Palgrave Macmillan.

Johnson, Aaron (2004). *The Road to Turkish Language Reform and the Rise of Turkish Nationalism.* Unpublished master thesis. Montreal: McGill University.

Kaplan, Robert B. & Richard B. Baldauf (1997). *Language planning from practice to theory.* Clevedon [England]: Multilingual Matters.

Schiffman, H.G. (1996). *Linguistic Culture and Language Policy*. London and New York: Routledge.

Spolsky, Bernard (2004). *Language policy*. Cambridge: Cambridge University press.

——— (2021). *Rethinking Language Policy*. Edinburgh: Edinburgh University Press Ltd.

Thirusanku, Jantmary & Yunus, Melor (2014). *Status of English in Malaysia*. Asian Social Science; Vol. 10, No. 14; 2014.

Tollefson, J. (1991). *Planning Language, Planning Inequality*. New York: Longman.

Van Driem, George (2007). *South Asia and the Middle East*. In: Moseley, Christopher (ed.). Encyclopedia of the World's Endangered Languages. Routledge.

Yunus, M. M., & Sukri, S. I. A. (2017). *The Use of English in Teaching Mathematics and Science*: The PPSMI Policy vis-à-vis the DLP. Advances in Language and Literary Studies, 8, 133-142.

Wright, S. (2004). *Language policy and language planning: From nationalism to globalization.* New York: Palgrave Macmillan.

Weinstein, Brian (1980). *Language planning in Francophone Africa.* Language Problems and Language Planning, volume: 4(1): 55-77.

Zaidan, Noor Azlina & others (2015). *Absorption of Arabic words in Malay language*. OIDA International Journal of Sustainable Development 08:03.

[illegible](٢٠١٠). ئامادەکردنی لیژنەی زاراوە لە ئەکادیمیای کوردی. هەولێر: بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

خورشید، غازی عەلی (٢٠١١). [illegible]. سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.
خورشید، غازی عەلی (٢٠١٣). [illegible]. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

قمندار، اسماعیل. (٢٠١٤). *دراسة اللهجات الکردیة الجنوبیة*. بغداد: مکتبة عدنان للطباعة و النشر و التوزیع.

## سەرچاوەی ئامار

وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان(٢٠٢٢). ئاماری یەکە خوێندنە ناحکومییەکان: باخچەی منداڵان، قوتابخانە ئەهلییەکان.

## سەرچاوەی ئینتەرنێتی

ئاماری دانیشتووانی باشووری کوردستان. وێبسایتی ڕۆژنامەی سبەی.
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=28307 accessed 06 -08-2022

ڕەسووڵ، سوداد(٢٠١٩). [illegible]. وێبسایتی گۆڤاری توێژەر.
https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.11 accessed 05 -09-2022

Study in Malaysia 2023
https://sharifstudy.com/en/malaysia-university-ranking accessed 11-01-2023

Malaysia drops English language teaching (2009).
https://www.theguardian.com/world/2009/jul/10/malaysia-tefl accessed 5-03-2023

## چاوپێکەوتنەکان

پەترۆس، نزار حەنا(٢٠٢١). بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی سریانی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم. هەولێر. ڕێککەوتی ١٩ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

داودۆکا، سەباح (٢٠٢١) کارمەندی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی سریانی، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم. هەولێر. ڕێککەوتی ١٩ ی تشرینی یەکەم ٢٠٢١.

جانی، ئیڤان (٢٠٢٢). مامۆستای زمانی سریانی. دیانا. ڕێککەوتی ١٣ نیسانی ٢٠٢٢.

جانی، ریڤان(٢٠٢٢). مامۆستای زمانی سریانی. دیانا. ڕێککەوتی ١٣ نیسانی ٢٠٢٢.

قادر، فخرالدین بهاءالدین (٢٠٢١). ڕاوێژکاری خوێندنی تورکمانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی تورکمانی، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم. هەولێر، ڕێککەوتی ٢١ ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١.

مەروان، یوئیل جەجۆ(٢٠٢٢). مامۆستای زمانی سریانی. دیانا. ڕێککەوتی ١٣ نیسانی ٢٠٢٢.

# پاشکۆکان(بەڵگەنامە)

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عیراق

وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەیی‌یەکان — ژمارە/ ٤٤١٧

ب / پرۆگرامەکان — بەروار/ ١٠/٨/١٩٩٨

بۆ / سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر / سەرۆکایەتی دیوان

ب / جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی لیژنەی دراسەت

هاوپێچی نووسراومان دەقی مەحزەرو بڕیارەکانی ( لیژنەی دراسەت کردنی بەکار هێنانی شێوەی کرمانجی ژووروو لە پەرتووکەکانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان )دا بۆتان ڕەوانە دەکەین پاش ئەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراوی ژمارە (٤٥٠٨) لە بەرواری ( ٢٧/٦/١٩٩٨ ) پەسندی کردووە و ڕەزامەندی لەسەر بووە بۆ زانین و جێبەجێ کردنی برگەی سێیەم لە بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو لە زانکۆدا .

لەگەڵ ڕێزماندا

د. جرجیس

وەزیری پەروەردە

وێنەیەک بۆ /

- نووسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .
- سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک / بۆ هەمان هۆی سەرەوە لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێز مصطفی حسن شعبان / سەرۆکی لیژنەی ناوبراو / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەی پەروەردەیی‌یەکان .
- بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان - لەگەڵ سەرەتاییەکان .
- بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان لە / هەولێر / دهۆک / بۆ جێبەجێ کردنی برگەکانی سێیەم و چوارەم لە بڕیارەکانی لیژنەی ناوبراو لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێوەبەری پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی کچان و کوڕان لە / هەولێر / دهۆک / بۆ هەمان هۆی سەرەوە - (برگەکانی سێیەم و چوارەم ) لەگەڵ ڕێزماندا .
- خولاو .

٥

**بەڵگەنامەی ژمارە (١)**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
کۆڕی زانیاری کوردستان
ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری

کۆڕی
زانیاری کوردستان

ژمارە/ ٨٢
ڕێکەوت/ ١٦/ ١/ ٢٠٠٢

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە
م/ بڕیار

لەبەر تیشکی کۆبوونەوەکانی (٤، ٥) ی ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کوردستان لە ڕێککەوتی ٥، ١٢/ ١/ ٢٠٠٢، لەسەر داوای لیژنەی پرۆگرام و نەخشە پەروەردەییەکانی وەزارەتەکەتان، بۆ دۆزینەوەی چارەی گرفتی بەرنامەکانی قوتابیانی پۆلی (٥، ٦) ی سەرەتاییی پارێزگای دهۆك. کە بەتەنیا ئەرکی کۆڕی زانیاری کوردستان نییە، لە ڕووی ئەوەی ئامانجی هەرە سەرەکیی کۆڕی زانیاری کوردستان: "کارکردنە بۆ هەڵبژاردنی وشەی یەکگرتوو لەناو شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بۆ گەیشتن بە شێوەزارێکی ڕەسمی و یەکگرتوو" (یاسای کۆڕی زانیاری کوردستان. مادەی چوارەم. بەندی أ).

ئەنجومەنی کۆڕ هێنانە دی ئەو ئامانجەی لە پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەییدا دەبینێت بۆ ئەوەی زمانی ستانداردی خوێندن بینێتە کایەوە، بۆ چارەی ئەم کێشەیەش ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١- چەند لیژنەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایانی هەموو بوارەکانی زانست پێك بێن بە مەبەستی پێداچوونەوە بە بەرنامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بۆ هێنانەکایەی زمانی ستانداردی خوێندن، تا هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگرێتەوە، کارەکەش لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بە زووترین کات (بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٠٢/ ٢٠٠٣) ئەنجام بدرێت.

٢- وەك چارەسەرێکی کاتی، چەند لیژنەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایان پێك بێن، تا بابەتەکانی خوێندنی پۆلی (٥، ٦) ی سەرەتاییی پارێزگای دهۆك بخەنە سەر

شێوەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، بە وشە و زاراوەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو تێهەڵکێش بکرێن.

٣- ئەو کەسەی خۆی بە شایستەی ئەم کارە بزانێت، مافی پڕ کردنەوەی ئەو فۆرمەی دەبێت، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆڕەوەئامادە کراوە.

٤- لە ژێر چاودێری کۆڕی زانیاریدا و بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتان هەیئەتێك دەستنیشان دەکرێت، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو لیژنانەی کە لەم نامەیەدا باسیان هاتووە.

٥- ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی تەواو و یەکگرتووە، واتا پێویستە هەموو بەندەکانی لەیەك کاتدا پراکتیك (تطبيق) بکرێن.

تکا لە وەزارەتی بەڕێزتان دەکەین، کە بە زووترین کات وەڵاممان بدەنەوە تا بەرنامەی کار دەست پێ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

د. شەفیق قەزاز
سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستان

(٢)

**بەڵگەنامەی ژمارە (٢)**

حوكوومەتی هەرێمی كوردستان
كۆڕی زانیاری كوردستان

ژمارە: ٦٠
ڕێككەوت: ٢٨/٣/٢٠٠٢

**بۆ / وەزارەتی پەروەردە**
**ب / ڕوون كردنەوە**

سەبارەت بە پێداچوونەوە بە كتێب و پرۆگرامەكانی خوێندنی قوتابیان و زمانی ستاندارد، كە ئەنجومەنی كۆڕی زانیاری كوردستان لە لایەن سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆكایەتیی دیوان. بە نووسراوی ژمارە (٤٥٠٨) لە ٢٧ /٦/ ١٩٩٨ بەندی ٣؛ كە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە كراوە، سەرپشك كرابوو. لە كۆبوونەوەی دەستەی سەرۆكایەتی كۆڕ لە ڕۆژی ٢٦/٣/٢٠٠٢ بڕیار درا:

١. بە پێی نووسراوی ژمارە ١٢ لە ١٦/١/٢٠٠٢، كە لە ژێر چاودێری كۆڕی زانیاری كوردستان و بە هاریكاری وەزارەتی پەروەردە هەیئەتێك بۆ ئەنجامدانی كارەكە دەستنیشان كراوە و نووسراوتان ژمارە ١٢٣٧ لە ٢٧/٢/٢٠٠٢ ، كە ئەندامانی ئەم هەیئەتەتان دیاری كردووە؛ بۆیە بە پێی بڕیاری هەردوولا بە حوكمی بەندی (٤)ی نووسراوی كۆڕی زانیاری كوردستان ژمارە ١٢ لە ١٦/١/٢٠٠٢ و نووسراوی وەزارەتی پەروەردە بەندی (٢)ی نووسراوی ئاوبراوتان پەیوەست بە كاری پرۆژەكە، كارەكان دەكەونە ژێر بڕیار و كۆنترۆلی ئەم هەیئەتە.

٢. لەم ڕوانگەیەوە جێگای سەرسوڕمانە، كە نووسراوی بەڕێزتان ژمارە ٣٥ لە ٤/٢/٢٠٠٢ (نووسینگەی تایبەت)، كە ئاراستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران كراوە، بە بێ گەڕانەوە بۆ لای ئێمە و لیژنەی دەستنیشان كراو، تەنانەت وێنەیەكیش لەم نامەیە بۆ ئێمە نەنێردراوە.

٣. هەروەها بۆمان ئاشكرا بووە كە لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گشتیی دهۆك بە بێ ئاگاداری ئێوە و ئێمەش هەندێك هەنگاو نراوە، دیارە ئەویش دیسان دژی ناوەڕۆكی ئەم بڕیارەیە كە دراوە و ئەو لیژنەیەیە كە لە نێوان كۆڕی زانیاری كوردستان و وەزارەتی پەروەردە دەستنیشان كراوە، لەبەر ئەوە و هەر وەكو

لەگەڵ بەڕێزتان بە قسە باسمان کرد، داوا دەکەین کە : ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە ٣٥ لە ٢٠٠٢/٢/٤ بۆ ئەنجومەنی وەزیران و کۆڕی زانیاری کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دهۆك ئەنجام بدەن و ڕاستی کارەکان بۆیان ڕوون و ئاشکرا بکەن.

٤- هەر کارێك بە بێ ئاگاداری کۆڕی زانیاری کوردستان ئەنجام بدرێت، تەگەرە دەخاتە ئەم پرۆژە مێژووییە و کۆڕ لێی بەرپرس نییە.

٥- دەست بەجێ داوا دەکەین کۆبوونەوەی دەستەی باڵا کە لە سێ ئەندامی کۆڕ و دوو ئەندامی وەزارەتی پەروەردە پێك هاتووە، ئەنجام بدرێت.

٦- لیژنە دانان بە پێی دابەش کردنی فۆرم دەبێت و هەموو کارێك کە پێوەندی بەم پرۆسە و بەجێهێنانی هەبێت، بۆ لیژنەی باڵای پێکهاتوو دەگەڕێتەوە.

٧- کۆڕ و وەزارەتی پەروەردە تەواوکەری یەکترین بۆ ئەنجام دانی ئەو پرۆژەیە کە لە بەرژەوەندی سەرتاسەری زمانی کوردی دایە.

د. شەفیق قەزاز

سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردستان

**بەڵگەنامەی ژمارە (٣)**

IRAQI KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION
DIRECTOR GENERAL OF DUHOK

حکومەتا هەریما کوردستانێ- عیراق
ئەنجومەنێ وەزیران
وەزارەتا پەروەردێ
ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا
پارێزگەها دهوکێ
ڕێڤەبەریا پلان دانانێ
شوبا / پروگرام

No: ژمارە: ٥٧
Date: \ \ ڕێکەفت: ٢٩ / ٧ / ٢٠٠٨

**نهێنی**

**بو / وەزارەتا پەروەردێ / نڤیسینگەها بەرێز وەزیرێ پەروەردێ**

**ب / خواندن بزارێ کرمانجی**

جەنابێ وە یێ ئاگادارە کۆ خواندن لقوتابخانێت پارێزگەها دهوکێ بزارێ کرمانجییە ل پۆلێن ( ١ – ٦ ) ێ بنەرەتی و پۆلێن ( ٧ – ٩ )ێ دبنە ئاستەنگ درێیا فێربوونا قوتابییان هۆیەکە بۆ نزمبوونا ئاستێ زانستی و رێژا دەرچوونێ و فەقەتیانا زۆر قوتابییان ژ خواندنێ و لدویف سیستەمێ نوی یێ خواندنا تەوزیمی گەهشتییە پۆلا ( ٩ )ێ بنەرەتی داخوازێ دکەین رەزامەندی بهێتە کرن لسەر وەرگێرانا پروگرامێت بابەتێن خواندنێ ل پولێن ( ٧ – ٩ )ێ بنەرەتی بۆ زارێ کرمانجی و هەر دەمەکێ رەزامەندی هاتە کرن لسەر بکارئینانا زمانەکێ ستاندەرد بۆ گشت کوردستانێ ئەم دێ پێگیریێ پێ کەین.

دگەل رێزگرتنێ

**وارتکیس موسیس سرکیسیان**
**ڕێڤەبەرێ گشتی**
٢٩ / ٧ / ٢٠٠٨

ب.گ. پروگرام

**وێنەك بو :-**
پروگرام
پێنووسێ نهێنی.

هیرین ٢٠٠٨/٧/٢٩

Silav Road – 37- 1009, Ab – Duhok جادا سوێڤ - ٣٧ – ١٠٠٩ ، ئاب ، دهوک

**بەڵگەنامەی ژمارە (٤)**

| | |
|---|---|
| IRAQI KURDISTAN REGION<br>COUNCIL OF MINISTERS<br>MINISTRY OF EDUCATION<br>D. G. Of Curriculum & Printings | هەرێمی کوردستانی عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی پەروەردە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان |

No.: ژمارە: ٢٠١٠٥٧

Date: بەروار: ٢٠٠٨/٩/٧

بۆ/ ئەکادیمیای کوردی

بابەت / خوێندن بە زاری کرمانجی

هاوپێچ دەقی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك ( نهێنی// ژمارە ٥٧ لە ٢٩/٧/ ٢٠٠٨ ) کە بە پێی سیستەمی نوێی خوێندن کە قۆناغی بنەڕەت لە ١ تا ٩ دەگرێتەوە وە خوێندن لە قوتابخانەکانیان لە ١ تا ٦ ی بنەڕەت بە زاری کرمانجیە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٤٥٠٨ لە ١٩٩٨/٦/٢٧ وە ڕەزامەندی کۆڕی زانیاری کوردستان ژمارە ٦/١٢ لە ٢٠٠٢/١/٢٦ وە ٢٠٠٢/٨/٢٢ تیایدا داوا دەکەن ڕەزامەندی وەربگیرێت لە بەردەوام بون بە خوێندن بە زاری کرمانجی لە قۆناغی ٧ تا ٩ تکایە دیراسەتی ئەم داواکارییەیان بکرێت و لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە وە ئامادەین هاوکاریتان بکەین لە بەشداریکردنی نوێنەرمان لە دانیشتنەکانتان لە گەل ڕێزدا.

د. دلشاد عبدالرحمن محمد

وەزیری پەروەردە

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /دیوان لە گەل ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لە گەل ڕێز.
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان دیوانی وەزارەت لە گەل ڕێزدا.
- دەستەی شارەزایان بۆ دیراسەتکردن.
- ب. پرۆگرام بۆ کاری پێویست.
- خولاو.

**بەڵگەنامەی ژمارە (٥)**

IRAQI KURDISTAN REGION
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION
D. G. Of Curriculum & Printings

هەرێمی کوردستـــانی عێراق
ئـــەنجومــــەنی وەزیــــران
وەزارەتـــــی پــــەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان

No.:
Date:

دەرکردە / ع
ژمارە: ٩
بەروار: / / ٢٠٠

ژمارە: ١٢٠٢ ج
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٩

بۆ\ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك

بابەت\ خوێندن بە زاری کرمانجی

نوسراوتان ژمارە ٧٥٥١ لە ٢٠٠٨\٩\٢٠ کە داوا دەکەن خوێندن لە قوتابخانـەکانی سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشتی پەروەردەی دهۆك لە قۆناغی ٧ تا ٩ بە زاری کرمانجی بێت کە تا ئێستا لە قۆناغی ١ تـا ٦ بنـەڕەتی بـەم شێوەیە دەخوێنرێت وە هاوکات گوایە ئێمە وەك بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بۆ ڕۆژنامـەی بەهدینان ڕەزامەندی ئەوەمان دابێت بۆ ئاگاداری بەڕێزتان پێدانی ڕەزامەندی بۆ ئەم مەبەستە لە دەسەڵاتی بەڕێوەبـەری گشتی نییە وە ئەوەی لە ڕۆژنامەی بەهدینان بڵاوکراوەتـەوە دوورە لـە ڕاستی وە وا دیارە لـە قسـەکانی ئێمـە نەگەیشتوون چونکە تەنها ئاماژەم بـەوە کـرد کـە ئێمـە بـە نوسـراوی ژمـارە ١٠٥٧ لـە ٢٠٠٨/٩/١٥ بـۆ ئـەکادیمیای کوردی کـە لـە گـەل ئـەم ڕوونکردنەوەیـە هاوپێچە داوای دیراسـەتی ئـەم داواکارییـەی بـەڕێزتانمان کـردووە وە چاوەڕوانی وەڵامی ئەوان دەکەین وە لە هەر نوێکارییەك ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ زانین و کاری پێویست لە گەل ڕێز.

**ئاراس نجم الدین عبداللە**
**بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام وچاپەمەنییەکان**

وێنەیەك بۆ::

- نوسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە لە گەل ڕێز.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دیوانی وەزارەت لە گەل ڕێز.
- بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی پەروەردەی هەولێر\سلیمانی\گەرمیان لە گەل ڕێز.
- ئەکادیمیای کوردی بۆ زانین لە گەل ڕێز.
- شارەزای زمانی کوردی بۆ کاری پێویست.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان

IRAQI KURDISTAN REGION
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF EDUCATION
D. G. Of Curriculum & Printings

ژمارە: ١٠ ت — No.:
بەروار: ١١ / ٨ / ٢٠٠٨ — Date:

**بۆ/ بەڕێز وەزیری پەروەردە**

بابەت / خوێندن بە زاری کرمانجی

تکایە فەرمانتان لە سەر داواکارییەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك بە نوسراوی نهێنی ژمارە ٥٧ لە ٢٠٠٨/٧/٢٩ کە بەردەوامی بدرێت بە خوێندن بە زاری کرمانجی لە قۆناغەکانی (٧ — ٩ ) وە پێشنیاردەکەم بە نوسراوێك بەرزبکرێتەوە بۆ ئەکادیمیای کوردی و دیراسەتبکرێت وە نوێنەرمان لە گەڵدا بێت تا دواتر ڕاو فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی لێوەربگیرێت لە گەل ڕێزدا.

**اراس نجم الدين عبدالله**
**ب.گ. پرۆگرام و چاپەمەنییەکان**

**وێنەیەك بۆ:**

- نوسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە لە گەل ڕێزدا. ١١ / ٨
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان لە گەل ڕێز.
- ب. پرۆگرام بۆ کاری پێویست.
- دەستەی شارەزایان بۆ دیراسەتکردن.
- خولاو.

**بەڵگەنامەی ژمارە (٧)**

Kurdistan Regional Governmen
The Kurdish academy
Administration

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەکادیمیای کوردی
ئەنجومەن

ژمارە: ١٠٩

رێکەوت: ٢/ ٤/ ٢٠٠٩

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەروەردە
وەرگیرتە
ژمارە: ٧٠٢٩
بەروار: ٨/ ٤/ ٢٠٠٩

بابەت/ وەڵامی نووسراو

پاش ڕێز و سڵاو.

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٣٩١٨) لە ڕێکەوتی ١٩/٢/٢٠٠٩، بۆچوونی ئەکادیمیای کوردی دەربارەی پرسی خوێندن بە شێوازی کرمانجی لە پارێزگای دهۆك، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

(١) ئەمە پرسێکی پەروەردەییە و دەبێ کۆنفرانسێکی پەروەردەیی پسپۆڕ و شارەزا لێی بکۆڵنەوە و ڕاسپاردەی پەروەردەیی و زانستی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکات.

(٢) ئەم پرسە پێوەندی بە ئایندە و چارەنووسی کوردەوە هەیە بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم کۆنفرانسە، بە هەموو واتای وشە پەروەردەیی و زانستی بێ و بەشدارانی شارەزا و توانا بەم پرسەوە پێوەندیدارین.

(٣) بۆ ئەوەی ئەو کۆنفرانسە ئامانجەکانی خۆی بپێکێ، ئێمە وەك ئەکادیمیای کوردی پێشنیار دەکەین، کە پێویستە دەستەیەکی ئامادەکاری هاوبەش لە هەردوو لامان پێکبهێندرێت بە زووترین کات، بۆ دیاریکردنی میکانزم و تەوەرەکان و بەشدارانی کۆنفرانسەکە.

لەگەڵ ڕێزماندا...

د. شەفیق قەزاز
سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی

وێنەیەك بۆ/
- نووسینگەی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- کارگێڕی
- فایلی گشتی
- خولاو


E.mail:
Kurdistanacademy@yahoo.com
Fax:
2519857
Phon: 2234501 - 2234502 - 2232881

پۆستی ئەلیکترۆنی: Kurdistanacademy@yahoo.com
ناوونیشان: هەولێر/ ڕێگای هەڵمەجە
ت: ٢٢٣٤٥٠١ - ٢٢٣٤٥٠٢ - ٢٢٣٢٨٨١


**بەڵگەنامەی ژمارە (٨)**

**یاسای ژمارە (  ) ساڵی ٢٠١٤**

**ماددەی یەکەم**

ناوی هەر شوێنێک یان ناوچەیەک لەکوردستان گۆڕدراون بەهەر هۆکارێک بێت دەگەڕێتەوە سەر ناوە ڕەسەنە کوردی یەکەی خۆی.

**ماددەی دووەم**

زمانی ئینگلیزی دەبێتە یەکێ لەزمانە فەرمیەکان لەهەرێمی کوردستان.

**هۆکاری دەرچوون**

لەپێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی و قوڵکردنەوەی رۆشنبیری کوردستانی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

[illegible]

---

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-hawler

ژمارە:
بەروار:
No:
Date:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**
**ب/ پرۆژە یاسا**

سڵاو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پرۆژە ( [illegible] ) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١ | فەرهاد سەنگاوی | |
| ٢ | صالح فقێ حمدامین | |
| ٣ | ئاواز شێخ جەنگی | |
| ٤ | خلف احمد | |
| ٥ | [illegible] صالح | |
| ٦ | [illegible] | |
| ٧ | [illegible] | |
| ٨ | عباس فتاح صالح | |
| ٩ | سەرکەوت [illegible] | |
| ١٠ | سالار محمود | |

**بەڵگەنامەی ژمارە (٩)**

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارەی نهێنی: ٤٦٠
ڕێکەوت: ٢٩ / ٣ / ٢٠١٧ ی زایینی
/ / ٢٧١٧ ی کوردی

No:
Date:

نهێنی دەرکردە

**فەرمانی وەزاری**

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە بەپێی ئەودەسەڵاتەی پێمان دراوە

**بڕیارماندا:**

١- لەمەودوا دەرچوانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشەکانی ( **کۆمەڵەی پزیشکی، ئەندازیاری، زانست**) دەتوانن تەنها نمرەی وانە پەیوەندیدارەکان ( **فیزیا، کیمیا، بیرکاری، زیندەوەر زانی، زمانی ئینگلیزی**) ئەژمار بکەن، ئەژمارکردنی نمرەی وانەکانی تر ئارەزمەندانە دەبێت بە مەرجێک پێشکەشکار لەسەرجەم وانەکان دەرچوو بێت.

٢- ئەم بڕیارە لە پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی ئەم ساڵی خوێندن **(٢٠١٧ - ٢٠١٨)** جێبەجێ دەکرێت.

د. یوسف گۆران
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.

Kurdistan Region–Erbil, Kirkuk Road
Phone: 066 2296768
www.mhe-krg.org
E-mail: minister.office@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان– هەولێر، ڕێگای کەرکوک، شەقامی هادی چاوشلی
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٩٦٧٦٨

**بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)**

# Language Policy and Planning for Kurdistan Region

Sudad Rasool

Ph.D. Student in Sociolinguistics and language planning, University of Science, Penang, Malaysia.

## Abstract

The establishment of the Kurdistan regional government (KRG) in southern Kurdistan (Iraqi Kurdistan) in 1992, created a free environment for development of the Kurdish language. After three decades of Kurdish self-rule, however the language made a great progress but since then the KRG has not had a clear language policy and planning (LPP) to manage the language (languages) in the region. In 2005 a new Iraqi constitution was drafted, which guarantees the linguistic rights for all Iraqi components and stipulates that the Kurdish language is equal to the Arabic language in all domains. Despite this constitutional right, the language due to absence of (LPP) faces a number of challenges and linguistic problems; such as the lack of a common Kurdish language for education and lack of an official language for the KRG; on the other hand, due to increasing number of private schools where most subjects are taught in English, as a result English dominates in the region and has a large influence on Kurdish and the language of minorities (Syriac and Turkmen), since education in their languages are declining. Moreover, the Kurdish has been disregarded in the area of science, using English as a substitute for Kurdish; the Kurdish also lack of a unified orthography for writing and publishing; disorder in coinage of scientific terms and practicing an extreme linguistic purism, i.e. purging foreign words particularly Arabic words from Kurdish. This study addresses these linguistic problems academically and according to the theories of (LPP), and also possible solutions have been provided.

**Key words**: language policy and planning; official language; Kurdish dialects; language of science; language of minorities; private school.